
# گێڕانەوەی بەسەرهاتی بێسەروشوێنکراوێکی
# بێ گڵکۆ و مەزار
# ( سەدیقی ئەنجیری ئازەر )



**نووسینی :**
**دکتۆر یاسین سەردەشتیی**
**زانکۆی سلێمانی**



**ناوی کتێب: گێڕانەوەی بەسەرهاتی بێسەروشوێنکراوێکی بێ گڵکۆ و مەزار**
**( سەدیقی ئەنجیری ئازەر )**
**نووسینی : ی/ پرۆفیسۆر دکتۆر یاسین سەردەشتیی**
**شوێنی چاپ : سلێمانی**
**ساڵی چاپ: ٢٠١٥**
**لەسەر ئەرکی نووسەر لەچاپدراوە**

## پێشەکیی :

نزیکەی ١٠ ساڵ بەر لەئێستا، بابەتێکمان بەناونیشانی :"لەیادی چل ساڵەی شوێنەونکردنی (سەدیقی هەنجیری)دا "، لەسایتی دیمانە بڵاوکردەوە، کە تێیدا هەوڵماندابوو بەپشتبەستن بەهەندێ سەرچاوەو بیرەوەریی چەند سەرنجێك سەبارەت بە رووداوێکی گرنگ و لەڕاستیدا "تاوانێکی گەورە" لەمێژووی هاوچەرخی کوردو مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەناوەڕاستی شەستەکاندا بخەینە بەرچاو، ئەویش رووداوی بێسەروشوێنکردنی رۆژنامەنووس و تێکۆشەرێکی کورد و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان "سەدیقی ئەنجیری ئازەر"ە، کە چەند رۆژێك پێش شەڕە بەناوبانگەکەی (هەندرێن) ی نێوان شۆڕشی چەکدارانەی باشووری کوردستان و سوپای عێراق، لەسەرەتای مانگی ئایاری ١٩٦٦، لەگوندی (مامە رووت)ی شوێنی ئێستگەی شۆڕشی کوردستان، بێسەروشوێن کرا. ئەم بابەتەی ئێمە ببووە هاندەری کاك سەعید کاوە (کوێستانی) کە لەساڵی ٢٠٠٦و لەسایتی "پێشمەرگەکان" روونکردنەوەیەك بنووسێ – کە بەداخەوە درەنگ بینیمان و خوێندمانەوە– و جارێکی تر ئەم بابەتە بێتەوە بەر باس و زانیاریی و پرسیاری تری لەبارەوە بوروژێ. لەو ساتەشەوە، بەردەوام لەگەڵ نووسینی بیرەوەریی کادرو پێشمەرگە دێرینەکانی ئەو قۆناغەی خەبات و دەرکەوتنی هەندێ بەڵگەی لایەنە سیاسییەکان و نووسینی بابەتە مێژووییەکان زانیاریی زیاتر کەوتۆتە بەردەست کە، بەکۆکردنەوەیان و شرۆڤەکردنیان دەکرێ سەرنجێکی گشتگیرترو خوێندنەوەی روونتر و



وروژاندنی پرسیاری زێدەتر لەمەڕ ئەم تاوانە مێژووییە پێشکەش بکرێت، ئەوەی لەڕاستییدا ئامانجی ئەم هەوڵەیە، چونکە ئەرکی کۆڵەرو مێژوونووسە راستیینەکانە، کە بەردەوام سەبارەت بە سەرنج و تێڕوانینەکانی پێشوویان، کۆڵینەوەو پێداچوونەوە بکەن و کار بۆ ئەوە بکەن بە بابەتی نوێ و ئامانجدار دیمەنێکی چەسپاوترو ئاشکراتر، لەمەڕ رووداوە لێڵ و شاراوەو ناڕوونەکان بخەنە بەرچاوی بایەخدارانی ئەو رووداوە هێشتا یەکلانەکراوانە، تاکو گەنگەشەیەکی جیددی تر لەبارەیانەوە بخرێتەگەڕ. شایەنی باسە، هیچ کات ئەم هەوڵە شوێنی لێکۆڵینەوەیەکی تاوانکاریی (تحقیق جنائي) ناگرێتەوە، کە بەداخەوە لەبەر زۆر هۆی دیارو نادیار لەتاوانی بێسەروشوێنکردنی سەدیقی ئەنجیری ئازەر نەکراوەو لەکاتی خۆیداو پاش چەندین ساڵیش هەمیشە هەوڵی لێنەکۆڵینەوەو شاردنەوەو بەدوادانەچوون و نەگەڕان بەدوای وردەکارییەکانی تاوانەکە لەئارادایەو وا نیو سەدە بەسەر ئەو تاوانەدا تێدەپەڕێ هێشتا نەك هەر وردەکارییەك و لێکۆڵینەوەیەکی چەسپاو نەخراوەتە بەرچاو، بەڵکو ناوی سەدیقی ئەنجیری و چارەنووسی خەمناك و تراژیدییشی لەلای نەوەی نوێ شاراوەیە، هەروەها تاوانبارەکانی ئەو چارەنوسەش نەك هەر دەستی دادگاو دادپەروەرییان نەگەشتۆتی، بەڵکو دەشێ هەمان چارەنووسیان بەسەر چەندین کەسانی تردا هێنابێ و بێ لێپرسینەوەو ئاشکرابوون لەنێو کۆمەڵگادا تەراتێنیان بێت. ئەوەی کە دواجار ئەرکی دەزگا دادوەرییەکانە کار بۆ دەرخستنی راستیینەی رووداوە تاوانکارییەکان بدەن و دادپەروەریی بچەسپێنن.

## باسی یەکەم :
## سەدیقی ئە نجیری ئازەر کێ بوو؟

بەداخەوە تاکو ئێستا لەهیچ یەك لەسەرچاوەکانەوە زانیاریی تەواو لەسەر وردەکاریی ژیان و بنەماڵەی سەدیقی ئەنجیری ئازەر نەخراوەتە بەرچاو و هەرکاتێك باسی ئەم کەسایەتییە هاتبێ یەکسەر بە یەك دوو نیوەدێری کورت کۆتاییان پێهێناوە، ئەوەی لەم بارەیەوە دەستکەوتووە ئەوەیە کە سەدیق لەدایك بووی ساڵی ١٩٢٤ی شاری مەهابادەو کوڕی کاك حەمە رەسولۆ ئایشە خاتونەو خاوەنی دوو برا بوو کە یەکێکیان لەسالآنی پەنجاکاندا مردو بۆخۆشی زەماوەندی نەکردووەو بەرەبەنی مابۆوە. خوێندنی سەرەتایی لەشاری مەهاباد تەواو کردووەو پاش تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی، چۆتە دانیشسەرای موقدەماتی(پەیمانگای پەروەردەکردنی مامۆستایان) کەماوەی خوێندن تێیدا دوو ساڵ بوو بڕوانامەی دیپلۆمی وەرگرتووە.[1] ناوبراو لەساڵی ١٩٤٤دا وەك مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی لەئیدارەی فەرهەنگی مەهاباد دامەزراوەو خەریکی وانەگوتنەوە بووە. ئەندامی کۆمەڵەی (ژ ك) بووەو ناوی نهێنی (ئاگریان) بووە،[2] دوای دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانو لەدەورانی جەمهوریەتی کوردستاندا، سەدیقی ئەنجیری لەساڵی ١٩٤٦بۆتە ئەندامی حیزبی دیموکراتو ئەرکی

[1] محەمەدی خزری، لاپەڕەیەك لەتێکۆشانو جولآنەوەی ساڵەکانی ٤٢-٤٧ (١٩٦٣-١٩٦٨)ی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سوید، ٢٠٠٣، ل ٦.

[2] کەمال عەبدوڵلآهی، سێبەری ئازادی (هەورازو نشێوەکانی مێژووی خەباتی کۆمەڵەی ژێ کاف، سلێمانی ، ٢٠٠٨، ل٢٣٧.



لێپرسراوی تەبلیغاتی خوێندکارانی لەئەستۆگرتووە[3] و ئەندامی (یەکێتی جەوانانی دیموکراتی کوردستان) بووە، دەوترێت لەچاپکردنو دەرچوونی گۆڤاری (کوردستان)ی زمانحاڵی حیزب و کۆماردا رۆڵی هەبووە. بەپێی قسەی (سیامەند بایەزیدی)، سەدیقی ئەنجیری لەو سەردەمەشدا چەپو مارکسیست بووەو پاش ئەوەی هانی کرێکارەکانی چاپخانەی کوردستان بۆ مانگرتن دەدات، لەلایەن حەمە حسێن خانی سەیفی قازییەوە لەسەر کار لادەبرێت،[4] بەلآم ئەم قسەیە پێناچێت زۆر راستییەکی چەسپاو بێ و پەیوەندی بە هاندانی کرێکارانی چاپخانە بۆ مانگرتن هەبێت، چونکە ئەو یەکێك نەبووە لەکارمەندانی چاپخانەکە، بەڵکو لە گرنگترین و هەستیارترین قۆناغی کۆماری کوردستاندا، سەدیقی ئەنجیری ئازەر بەرێوەبەری بەرپرسیاری (مدیر مسئول) بلآوکراوەی "هاواری نیشتمان"بووە کە ژمارەیەکی بەشێوەی گوڤارو چەند ژمارەیەکیشی بەشێوەی رۆژنامە لەچاپخانەی کوردستان لە شاری مەهاباد چاپ و بلآو کراوەتەوەو خودی سەدیق چەند بابەتێکی گرنگی تێدا نووسیوە.

عەبدولقادر دەباغی (مامە قالە)، لەبارەی سەدیقی ئەنجیری و بلآوکردنەوەی هاواری نشتیمان وتویەتی :" سدیقی ئەنجیری ئازەر ئەم گۆڤارەی بەپارەی خۆی و بە تیراژی ٢٠٠٠ دانە چاپکرد . لەبەرئەوەی لەو کاتەدا سدیق ئەنجیری ئازەر وەك دۆست و لایەنگری حیزبی تودەی

[3] بیوگرافی صدیق انجیری آذر ، چپ در ایران بەروایت اسناد ساواك حزب دموکرات کردستان، ج١، مرکز بررسی اسناد تأریخی وزارت اطلاعات، چ١، تهران، ١٣٧٨، ل ٢٥٣

[4] سیامەند بایەزیدی، ئەحمەد تۆفیقو ئیسماعیل قاسملۆو عەبدولڕەحمان قاسملۆو ٢٠٠٦/١/٢٦، سایتی: www.dimane.com

ئێران ناسرابوو، لەو گۆڤارەشیدا هەندێك بابەتی لەو جۆرەی بڵاوکردبوەوە، ئیدی خەڵك پێشوازی لە گۆڤارەکە نەکردو هەر چەند کەمیشی لێ چاپ کردبو. بەڵام زۆربەی لای خۆی مایەوەو بۆی نەفرۆشرا. سدیق ئەنجیری ئازەر، بەر لەوەی گۆڤارەکە چاپ بکات بە قازی محەمەدی گوتبو نیازم هەیە گۆڤارێکی لەو جۆرەو بەو ناوەرۆکە دەربکەم. قازیش گوتبوی: باشە دەریبکە، بەڵام تۆ دەبێت بڕوات بە دیموکراتی هەبێت و ئەگەر ڕەخنە لەناوەرۆکی گۆڤارەکەت گیرا نیگەران نەبیت و ڕەخنەی خەڵك قبوڵ بکەیت..."[5]

بەبڕوای ئێمە، ئەو بابەتەی کە دەگونجێ بەنەرێنی لەسەر پەیوەندی حەمە حسێن خانی سەیفی قازی و سەدیقی ئەنجیری ئازەر کاریگەریی هەبووبێ و چارەنووسی هاواری نیشتمانیشی پێوەبەسترابێتەوە، بریتیبووە لەو وتارە ڕەخنەییە توندەی کە مامۆستایەکی کۆمۆنیستی کوردی باشوور کە (محەمەد تۆفیق ووردی) بوو، لەمەڕ کەموکوڕییەکانی پەروەردەو خوێندنگاکانەوە لەژمارەی ٣ی ڕۆژی پێنج شەممەی ٧ی جۆزەردانی ١٣٢٥ هەتاوی بەرامبەر ٣٠ مایۆی ١٩٤٦ لە (هاواری نیشتمان) ی ئۆرگانی یەکیەتی جەوانانی دیموکراتی کوردستاندا بەناونیشانی " چیمان دەوێ" بڵاویکردۆتەوەو تێیدا زۆرینەی مامۆستاو بەڕێوەبەرەکانی خوێندنگاکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری بە نەزان و کۆنەپەرست نێوزەد کردبوو، ئەوەی حەمە حسێن خانی سەیفی قازی زۆر بێزار کردبوو بەجۆرێك فەرمانی کرد محەمەد تۆفیق ووردی بخرێتە زیندانەوەو بۆ خۆشی شەقازلەیەکی لێ دابوو.

---

[5] ل٣٤.



پاش ئەوەی ئەم مەسەلەیە گەیشتبووە پێشەوا قازیی محەمەد، ناوبراو چونکە بە قووڵی بڕوای بە ئازادیی بیروڕاو دەربڕین هەبوو، هەڵوێستێکی فرە ئەرێنی لەم رووەو پێشانداو فەرمانیدا ووردی لەزیندان ئازاد بکەن، ڕووی زمانی کردبووە نەیارەکانی ووردی و وتبوی: " ئەگەر ئەمن عەیبێکم بوو لە ادارەی حکومەت هەموو کەس حەقی هەیە کە ڕەخنەم لێ بگرێ و زۆر شادم بەوە...قەڵەمتان هەیە، فکرو هۆشدارن، جوابی خەڵك بدەنەوە ، دەلیل بهێنن ئەو شتانە دوورن لە حەقیقەت و ووردی درۆزنە"، وردیش ئەم قسەیەی پێشەوای کردۆتە بناغەی بەرگریینامەیەك و لەژمارە ٥٣ی ڕۆژی دوو شەمووی ١٣ی جۆزەردانی ١٣٢٥هەتاوی بەرامبەر ٤ی ژونی ١٩٤٦ ی ڕۆژنامەی "کوردستان" ی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتدا لەژێر ناونیشانی " چەند گلەیەك" بڵاوکردۆتەوە. دیارە پاش نزیکەی مانگێك بەسەر وتارەکەی ووردی و زیندانیکردنی، ژمارە ٥ی بڵاوکراوەی هاواری نیشتمان لە ٢ی پوشپەڕی ١٣٢٥ بەرامبەر ٢٤ی ژونی ١٩٤٦ بڵاوبۆتەوەو هەر سەدیقی ئەنجیری ئازەریش وەك بەڕێوەبەری بەرپرسیاری بڵاوکراوەکە ماوەتەوەو نەگۆڕاوە.بەڵام دواتر هاواری نیشتمان لەدەرچون وەستاوەو لەوەدەچێ هەر ئەو کاتەو پێش ڕووخاندنی کۆمار سەدیقی ئەنجیری، مەهابادی جێهێشتبێ.

سەدیقی ئەنجیری، وەك کوردێکی نەتەوەیی دیموکراتیك و ریفۆرمیست و پێشکەوتووخواز، لەو وتارەیدا کە لە ژمارەی ١ ی بڵاوکراوەی هاواری نیشتمان بەناونیشانی " ئاقای قەوام ئەلسەڵتەنە" دا نووسیویەتی، ڕووی دەمی خۆی دەکاتە سەرۆك وەزیرانی ئەو دەمی ئێران و جیاوازی قۆناغە نوێیەکەی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی

دەخاتەبەرچاو کە وەك پێشوو بزوتنەوەی ناوچەیی و خێڵەکیی نییە، بەڵکو بزوتنەویەکە لەناوەرۆکدا دیموکراسییەو تەواوی کوردستان و نەتەوەی کوردی بەبنەما گرتووەو جێگای ئومێدی تێکڕای کوردانە.
هەروەها لەم وتارەدا دەورانی ئیستیبدادی حکومەتی ناوەندگەرایی ڕەزاخانی ڕسوا دەکات و دۆخی نایەکسانیی و سیاسەتی ئیستیعمارییانەی ناوەند سەبارەت بەکوردستان و سیاسیەتی بایەخنەدان و پەراوێزخستن و هێشتنەوەی ناوچەکە بەدواکەوتوویی پێشان دەداو تاوانەکانی ئەفسەرانی ئەرتەشی شاهەنشاهیی وەك هۆشمەند ئەفشار لەقاو دەدات، جگە لەوەی سەدیق لەم وتارەدا قامك بۆ مەترسیی هێزە شاپەرستە کۆنەپارێزەکانی وڵات ڕادەکێشێ و هانی ئاغای قەوام دەدا لەمەسەلەی چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوە غەیرە فارسەکانی ئێران بە کوردو ئازەرەوە هەنگاوی جیددی بنێت و لەبراکوژیی دوور بکەوێتەوە، چونکە چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بەقازانجی مەسەلەی دیموکراتیی و هێزە پێشکەوتووخوازەکان لەئێراندا دەکەوێتەوە! ئەمەش دەقی وتارەکەیە:

" ئاقای قەوام ئەلسەڵتەنە

کوردستانی ئەوڕۆ یەکجار دەگەڵ کوردستانی کۆن فەرقی هەیە، نەهزەتی دیموکراتیکی کوردستانی شیمال کە بەسەرومێشکی کوردستان دەژمێردرێ، ئەوڕۆ پشتیوانی کوردی هەموو جێگایەکیە.
میللەتی کورد قەت ڕشتنی خوێنی برایانی کوردی جنوب، لەدەربەدەری و ئاوارەگی ژن و منداڵی وان بەدەست هۆشمەندان لەبیر ناباتەوە.



ئەمە دەزانین کە هێشتا دەلالان و نان خۆرانی ئیستعمار یا لەسەر کارن یا لەبنەوە دەستیان بەدوایێنی ئەربابیان گرتوە. ئەوانەی کە ئەحقاقی حەق و موبارەزە بۆ دیموکراسی لەکنیان ڕێگری وڵاتە و بە نێوی دیسپلین و ئیتاعەت لەحکومەتی مەرکەزی.!! هەزاران زوڵم و فەجایعیان لە کوردستان کرد و میدالی ئیفتیخاریان وەرگرتووە، ئێستاش وەزیرو هەیئەتی حاکمەن.
بەوانەی کە بۆ کوشتاری کورد و فەجایع لە کوردستان سنگیان پڕ لەمیدال و سمێڵیان بادەدەن بڵێ: بومە گەربانەیی، مەریوانیی و هەورامانیی...دەیان کوت چی کە ماڵ و منداڵتان وەبەر بۆمب و موسەلسەل دان؟!!
بەتێکڕا دەیان کوت: بۆ خاتری خودای ئیستیبدادی بیست و چەند ساڵەی مەرکەزی ڕەزاخانی بەسە.!
دەیان کوت لێمانگەڕێن با لەگەڵ براکانی کرماشانیی، گەڕوسیی، قوچانیی، مەهابادیی ببینە یەك و بەئازادی بژین.
ئاقای قەوام ئەلسەڵتەنە! میللەتی گەورەی کورد خیانەتی زەمانی دکتاتۆری کە لەژێر نسێی سیاسەتی ئیستیعمار کراوە لەبیرنەچۆتەوە، مەگەر کوردستان کە ڕۆژئاوای ئێرانی داپۆشیوە هەمیشە سنورێکی تەبیعی بۆ پاراستنی ئێرانیٚ نەبووە؟!!
ئایا بە نەوت و دەغڵ و خاروباری کوردستان نیە کە ئێوە هەمیشە شانازیتان پێوە کردوە؟! بەفیداکاریی و لەخۆبوردنی کوردی ڕەشید بۆ پاراستنی ئێران ئیمانتان هەیە؟!
جا لەبەرابەری ئەو هەمو چاکانەدا، هەیئەتی حاکمەی تاران کیهە مەدرەسەی دانا، کهە بیمارستان دروست کرا، کیهە چاپخانە و سینەما

تاسیس کرا؟! مەگەر کەس لەوان نەهاتۆتە کوردستان نەیدیتوەکە لە ئوستانی پێنج هەتا کورستانی شمال دەبیرستانێکی تەواوی نیە! بیمارستانێکی تێدا نیە! بە ئومێدی هەیئەتی حاکمە نەخۆشی کوردستانیی لەبەردەستی پڕوپیرەژناندا بە دوعا و دم و بەتەنی دەستی خۆیان لەگلی دەخەن؟!!

ئاغای قەوام!

چاوت مەقوچێنە، بەچاکی بڕوانە ئەوزاعی کوردستان‌و بزانە دەستی ئیستیعماری لەئێراندا کوردستانی چەند وێران کردوە؟! بڕوانە نێو هاوکاران‌و کاربەدەستان و بزانە: کە هێشتا لاگیری ئەو جۆرە بیرە هیچ‌وپوچانە زۆرن!

کۆنەپەرستیی‌و دکتاتۆریی لە ئێراندا پشتیان شکاوە، بەڵام هێشتا زیندون، وەك هەژدیهایەکی برینداریان لێهاتووەکە خۆی دە کونێ کێشاوەتەوەو برینەکەی دەلێسێتەوە.! زۆر پێویستە لێی وریابین و کارێکی وانەکەین بێین دەباوەشی بگرین.!

کوردستان‌و ئازەربایجانی دیموکرات بۆ لەبەینبردنی ئەو هەژدیهایە هاتۆتە گوڕو خۆیان ئامادە کردوە.

میللەتی کوردی رەشید لەپێناو بیرو تەدبیری رەهبەری خۆی، بەدڵێکی پڕش لەهێزو ئومێدێکی گەورە چەکی بەدەستەوە گرتوە ، داینانێ هەتا ئەو هەژدیهایە نەفەوتێنی و جەزای خەیانەتکاران و خوێنمژەکان نەداتەوە.

ئەمە لەژێر چاودێریی سەرەنێزەو هێزی دیموکرات و پشتیوانی تەواوی میللەتانی دیموکرات لەشەپۆلی خوێن و بڵێسەی ئاگر ناترسین و دەچێتەپێش.



ئاغای قەوام ئەلسەڵتەنە: تۆ کە خۆت بەشەخسێکی دیموکرات دادەنێی و ئێستا کورد لەو هەمو خەراپەی کە لێی کراوە چەشم پۆشی کردوەو نمایندەی وان بە نائومێدی مەنێرەوە، بە تانك و تۆپ و تەیارە کوردان مەترسێنە، مەعلوم نیە ئیدی لەبراکوژیی صرفەی بەرن." [٦]

لەوتارێکی دیکەیدا سەدیقی ئەنجیری باس لەوە دەکا کە چۆن دەسەلاتدارانی حکومەتی ناوەندیی لەتاران بەبیانوی مادەکانی قانونی ئەساسی و فرتوفێڵەوە ئامادەنین دان بەمافە رەواکانی نەتەوەکانی ئێراندا بنێن و خۆیان دەدزنەوە، سەدیق سەرکەوتنی بزوتنەوەی دیموکراتیك دەبەستێتەوە بە پتەویی هاوپەیمانیی و هاوکاریی نەتەوەکانی ئێران لەگەل یەکتردا، ئەوەش دەقی وتارەکەیەتی:

"ئەی برایانی ئازەربایجانی

ئێستا کە نوێنەرانی مە گەڕاونەوە، رەنگە دیکسیونێری "قانونی ئەساسی" تاران کە بەدەست جیرەخۆران لێك دەکرێتەوە، قسە حەقەکانی ئێمە نەگرێ و نەچێتە دە گوێیانەوە. دەیانەوێ بە "مادەسازی" چاو و گوێی مە ببەستن، و بە وەعدەو فڕوفێڵ هەڵمان فریوێنن. ئێستا کە حکومەتی تاران لەژێر نسێی هەوری رەش! نایەوێ رووی برایەتی لەئێمە بکاو دەردی دڵی ئێمەو تەواوی میللەتی ئێرانێ کولی بێ. و بە ئانتریك و چەند خسون مژ خەیاڵی هەیەماڵ وێرانی و

[6] هاواری نیشتمان ، ژمارە ١ ، پێنجشەموو،١٩ بانەمەڕ ١٣٢٥ هەتاوی بەرامبەر بە ٩ مایس ١٩٤٦ زاینی.

براکوژی بکڕدرێ، ئێمەش کە باسکمان هەڵکردو تفەنگمان دەشان کردو : دەبی کە دەستێکی کە دەدەستی یەکترمان ناوە توندتری ڕێك بۆکوشین...هەتا چاکتر دڵی دوژمنانی دیموکراسی تێك بشکێنین.

نوێنەرانی خۆشەویستی ئێمە : پێویستە وریا بن کە: هەیئەتی حاکمەی تاران بەقانونێکی کە لەدەمی "بابا دەمەوە" دانراوە و تا ئێستا لە بەردەم موجریان خائین دا هیچ ئیمتحانێکی باشی نەداوە، ئێمەو دانیشتوانی ئێرانی پێ لەخشتە نەبەن.

ئایا بە قانونێکی کە تا ئێستا بە وشکی ماوە، و موجریان وی غەیر ئەز تەفسیرو تەعبییر مردنەوەی وی بەسودی سیاسەتی ئیستیعماری و کۆنەپەرستی چی دیکەیان بە ئیچمە نیشان داوە، ئەوڕۆ دەتوانێ پارێزگاری قازانجی ئێمە بێ؟!

هێشتا لەدەس مجریانی ئەو قانونە لە دڵی میللەتی کوردو تەواوی دانیشتووی ئێرانیٚ خوێن دەتکێتەوە، کەچی دووبارە هەیئەتی حاکمەی تاران دەیانەوێ "بگرەو بکوژەی" ڕەزاخانی زیندوو کەنەوە!

برایانی خۆشەویستی ئازەربایجانی، دکتۆر ئارانی ئێوە کە لە ڕەشەچالاًندا بەدەس مجریان ئەو قانونە شەهید بوو، لە محاکەمەدا فەرموبووی: ( ئەگەر بێتو ئابوری (ئیقتساد) کە پایەی کۆمەڵە وە قەوانین کۆمەلاًیەتی بە جێیەك بگا کە چی دیکە خۆی پێ ڕانەگیرێ، بەهۆی (ئینقلاب) خۆی دەگۆڕێ...

قانونی ئەساسی ئێران بەخوێنی ئەو میللەتەیە کە بۆ بەدەستهێنانی وی لەهەموو قونیچکان لالەشین بوون، هەزاران نفوس بۆ دەستخستنی ئەو چەند مادەیە بوونە قوربانی. ئەو ئینقلابە بەرخلاف مەشهور بەدەستی بێگانان نەکرا، بەڵکو بێگانە ئیستفادەیان لێ کرد. هێشتا



ئەو ئینقلابە ناتەواو بوو: چونکە ئسوڵی ئەو قانونە لە نفوزی بیر مونتسکیو، ولتر ، رووسۆ، بە قەوانینی فەرەنسەو لەوێش ڕا بە قەوانینی میللەتی دیکە کە ئێران یەکێك لەوانە نفوزی کردوە.

تازە ولتر خۆی راجع بەو قانونە دەنوسێ: ئەو قانونە مەشروتەیە وەك زەنگوڵەیەك وایە کە مشکان پشیلەیان بەستبوو، یانی ئیستیبدادو زۆری لەبین نەبردوە فەقەت هاتنی زوڵمی لەپێش دا خەبەر دەدا. رووناکە : کە قانونی ئەساسی لەبەر چاوی "عەدالەت" زۆر ناتەواوە، وە هەر بەوجۆرەی کە بەدەست هاتووە دەبیٚ تەواو بکرێ..."

بەلاًم هەیئەتی حاکمەی تاران چاویان بەستراوە و لۆکەیان لەگویٚ ناوە، وە نازانن ئەو قانونەی کە لە عەسری ئەتۆمداسەری میللەتی بیٚ دەسەلاًتی ئێرانی پیٚ دەبەستن لە قەوانینی فەرانسەو...وەرگێراوەتەوە. لەکاتێکدا ئەوڕۆ میللەتی فەرانسە خۆی لە چنگ ئەو قانونە رزگار دەکا.

ئایا بەشێکی زۆر لە دەوڵەتانی ئەوروپا (کە چەند قەرن لە ئێمە لەپێشترن) دەستیان بەگۆڕینی قانونی ئەساسی خۆیان نەکردوە؟!!

ئەمە لێرەدا نامانەوێ کە ناتەواوی ئەو قانونە کەپێویستی ئەوڕۆی دانیشتوانی ئێرانی پیچ لا نابردرێ بنووسین (چونکە زۆر لە ڕۆژنامەنوسانی تاران نوسیویانەوە دانانی مەجلیسی موئەسسان لەدەوڵەت دەرخواست کراوە) بەڵکو دەمانەوێ بەتەواوی بە دانیشتووانی ئێرانی بڵێین کە : هەموو لێکڕا لەبەرابەری خەتەری کۆنەپەرستی بین المللی و ئیستیعمار راوەستاوین بۆ نزیك بونەوە

لەیەکتر پێویستە زیاتر تێبکۆشین چونەکە سەرنوشتی ئێمە، سەرنوشتی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش تەعین دەکا..." [7]

سەدیقی ئەنجیری، وەك سەرنوسەر، لەو بابەتەدا کە بەناونیشانی "تاران مەنوە" نووسیویەتی، هەوڵدەدا ئاماژە بەو راستییە بدات کە تاران وەك پایتەختی وڵات کاریگەرییەکی زۆری لەو گۆڕانکارییانەدا دەبێ کە لەتەواوی وڵاتدا روودەدەن و بێ بزووتنی تاران و پشتکردنە دەسەڵاتی وەخت و هەوڵدانیان بۆ گۆڕانکاریی ئەستەمە پرۆسەی گۆڕانی سەرتاسەریی لەئێراندا رووبدات، چونکە هەر لەدامەزراندنی دەوڵەتی هاوچەرخی ئێرانەوە تاران پێگەیەکی چارەنووسسازی لەبڕیاردان و گۆڕانکارییەکاندا هەبوو. لەم وتارە سەدیق وەك چەپێك سستی تاران لەوەڵامدانەوە بەگۆڕانکارییەکانی پاش جەنگی دووەمی جیهانیی بۆ بەرژەوەندیی وڵاتانی سەرمایەداریی و جیاوازییە چینایەتییەکان دەگێڕێتەوەو ئاماژە بە هەژمونی باکووری تارانی سەرمایەدار بەسەر باشووری زەحمەتکێش و هەژارنشیندا دەدات و پێی وایە لەو ساتەدا کە نوێنەرانی هەردوو گەلی کوردو ئازەر بۆ دانوسان و دیالۆگ چونەتە تاران دەبێ لەبەرامبەردا تارانیش وەخۆکەوێ و چالاکانە گۆڕان و وەرچەرخان بەئاراستەیەکی ئەرێنیی لەوڵاتدا رێبەرایەتیی بکات. ئەمەش دەقی وتارەکەیە:

[7] هاواری نیشتمان ، ژمارە ٢ ، ١شەمو ،٢٩ بانەمەڕ ١٣٢٥ هەتاوی بەرامبەر بە ١٩ مایس ١٩٤٦ زایینی.



" تاران مەنووە!؟

بەسە مەنوو چیدی ؟ راپەڕە هەتا مێژووی خۆت لە رۆژهەلات بگۆڕی. کەمێك لەسەری سپیی (دەماوەند) خەجاڵەت بکێشە! قەصرو خانو بەرەی چەند نهۆمی شمالت چاوی زەحمەتکێشان و بێدەسەڵاتی جنوبی کوێر کردوە.

تۆ بەخەوی ناموبارەکی خۆت کە ئیستیعمار لای لایەی بۆ کردوی و دەخەوی خستوی بەهەشت لەسەر سەری و جەهەندەمت لەبن پێدایە.

زنجیرە کێوەکانی (ئەلبرز) سالآنی ساڵە شاهیدی فەجایع و تاوانی تۆن.

لەخەوی تۆ نوێنەرانی کۆمپانی...قازانجێکی یەکجار زۆریان کردو.

تۆ خۆت دەزانی کە ئێمەیان کردۆتە دیوار، دیوارێکی کە لەپێناو ویدا نەتەوەکانی رەنگاو رەنگ لە کۆت و زنجیر کراون، دیوارێکی کە دەیانەوێ بەوی بچنە بەهەشتی مەوعود(!).

ئەو رۆژانە خودا رەحمی پێکردووی ، نوێنەرانی دوو میللەتی دیموکرات (کوردستان–ئازەربایجان) بۆ لای تۆ هاتوون، کە لەخەوت راپەڕێنن.

بەڵام پیاوی چاك بە وەکو کەڕەتی دی مەنووو!! باوەڕ کە : ئەو نوێنەرانە هەر ئیی کورد و ئازەربایجان نین، بەڵکو نوێنەرانی تەواوی دانیشتوانی ئێرانین.

جا ئێستا واباشە کە برێك چاوی خۆت خورت کەوە! و لۆکەی کۆنەپەرستانی مزدوری بێگانە لەگوێی خۆت دەربێنە، هەتاکو ١٥ ملیۆن ئێرانی بۆت لە چەپڵەدا و هوورات بۆ بکێشن.

دەنـا نەتـەوەی رووت و حـەقخواز لـەدەوران دەورتـدان، وەهـات رێـك دەگوشن كە قەسر و بەزمت لێ تێك بدرێ !!

جا خۆت دەزانـی و ئاوالـە كونـەكانی خۆت!!بـەڵام ئەوەشـت پـی بڵـێم كەمن لەگەڵ هەیئەتی حاكمەمە كە لەنێو خۆت گرتوون، نەك لەگەڵ دارو بەردی تۆ، لەگەڵ شاهڕەزا و ئیستامبول و نادری تۆ!! " [8]

لـەژمارە ٥ی هـاواری نیـشتمان دا، سـەدیقی ئـەنجیری، قامـك دەخاتـە سەر تـەنیا سیاسـەتێكی دروست بۆ هێنانـەئارای ئێرانێكی هاوچـەرخ، ئەویش ئیسلاح یان ریفۆرمە لەژیانی سیاسیی و پەیوەندییە دەرەكیی و نێوخۆییەكانـدا ، بەشـێویەك كـە سـەرەك وەزیـران هـەنگاوێكی بـەو ئاراستەیەدا ناوەو لەگەڵ شورەویدا، سەدیقی ئـەنجیری داوای لـە قـەوام كـردوە تـەواوكاریی لەهـەنگاوی چاكسازییدا بكـات و بایـەخ بـەدۆخی ئابووری بدات و ئاوڕ لەژیانی چینی هەژارانی وڵات بداتەوەو لە ریگـەی ئەنجامدانی پرۆسەی جیایای ئابوورییەوە گوزەرانیان چاك بكا، پێشی وایە كە ئەو هەنگاوە هەر وا ئاسان نییـە و كۆسـپ و تەگـەرەی زۆری لـە رێدایە، ئەو دەڵێت:

"رێگای ئیصلاحات كراوە

هـەموو كـەس دەزانـێ كـە ئاغـای قـەوام بـە پـشتیوانی ئازادیخواهـانی ئێـران كـە ئەقەلیـەتی سـاڵحی پێـشووش لـەوان بـوو هاتنەسـەر كـار.

[8] هاواری نیشتمان ، ژمارە ٣، شەممو،٧ جۆزەردان ١٣٢٥ هەتاوی بەرامبەر بە ٣٠ مایس ١٩٤٦ زاینی.



وەختایەكی بونە هەوەڵ وەزیـر كـە سیاسـەتی داخلـی و خـارجی ئێران بەدەسـت مـزدوران وەكـو ماسـت و دۆشـاو لیكـدرابوو. وە هـەوەڵ وەزیرانی پێشوو وەك : صدر ، حكیمی، ساعد لـەم بابەتـەوە دەلیلیان ئەوە بوو كە دەبێ تـەوازنی سیاسیی بەرقـەراربی و لێكڕا بەرنامەیـەكی موشەعـشەع!! یـان دەنووسـی كـە هـەموو رەنگێكیـان هـەبوو و جۆرێـك دیكتەكرابوون!

ئـەوان دەیانەویـست بـە موازەنـەی سیاسـەتی! هەمیشە ترسـی وتـونی رووت و قـوتی دەسـەڵات بمێننـەوە، وەكـی قرونـی وسـطی بـژین و بـە دەسـت نوێنـەرانی كۆمپـانی...وەك مانگـا بدۆشـرێن. تـاكو مـەنافیع و قازانجی ئیستیعماری لێ كەم نەبێتەوە.

بەڵام هێندێكیش لە ئازادیخواهـان لـەو سیاسـەتەی سوویەتی كە هـان دەدران نەگەیـشتبوون و كوركورانــە رەوشــی شــومی وانیــان دەكــرد. مەسەلەن یەكێك لەنوێنـەرانی تـاران لـەم بابەتـەوە لـە مەجلیسی شـورای میللـی گوتبـوی " ئێمــە لــەنێوان دوو دەوڵــەتی دۆســت و بــەهێز هەڵكـەوتوین كـە ...ئێمـە پـارێز دەكـا، سیاسـەتی عاقلانـە ئەوەیـە نـە بەتـەنیا لـە ئمـوری سیاسـی بـەڵكو لـە ئمـوری ئیقتیـسادیش دادەیـی ریعایەتی بێتـەرەف بكـرێ." " لەنـەزەر بێتـەرەف عـەرز دەكـەم ئـەوڕۆ لـەو كیـشوەرەدا مـەرامی كۆمۆنیـستی پرۆپاگـان دەكـرێ كـە موخـالیفی بێتەرەفی ئێمەیە، چون دەوڵەتێكی جیران لەگەڵ ئەو مەرامە موخالیفە".

"هـەرواش ئەگـەر مـەرامی سـەرمایەداری لێـرەدا دەسـت پێبكـرێ و تەشـویقی لێ بكـەن دیـسان موخـالیفی بێتـەرەفی ئێمەیـە" ئێمـە دەبـێ كیـشوەری خۆمـان بـەجۆرێك رێكبخـەین كـە هـیچ یـەك لـەو دەوڵەتانـە نەتوانن ئیرادمان لێ بگرن..."

تێبفکرن! بزانن ئەو دپلۆماتانە!! بەو تئۆری پوچانە دەیانەویست : کریکار، جوتیار، دێهاتی و کاسپکارو باسەواد...ئێرانی هەمیشە لەژێر چەپۆکی واندا لەبرسا بمرن و دەنگیان دەرنەیە!!!لەوی رۆژێوە کە ئاغای قەوام بەپشتیوانی ئازادیخواهانی کوردو ئازربایجانی هاتۆتە سەر کاروەزع زۆر گۆڕاوە و ئاسۆی (افق) سیاسەتی خارجی و داخلی روناك بۆتەوە.

هەوەڵین کاری باشی وان ئەوە بوو کە واردی موزاکەراتی موستەقیم لەگەل مۆسکۆ بوون کە دووایە با وجودی ئانتریکی محافل ئیرتجاعی بین المللی بە نتیجە گەیشت!! واقیعەن کارێکی کە دەیانەویست و چەند ساڵ لەوە پێش بەدەست دەوڵەتان بکردرێ ئەوان دەستیان پێکرد.

لەپاش وەی بەرزترین و بەنرخترین ئیقدامی ئیسلاحی ئاغای قەوام تەوەجوهکردن بە وەزعی خراپی ئیقتیصادی ئێران بوو کە ئێستا دەست پێکراوە.

هەورای ئیقتیصادی بەسەرۆکی خۆیان وە دامەزراندنی بانکی سەنعەتیی و مەعدەنی چاترین رێگا بووە پێشخستنی ئێران و سەنعەتییکردن و دۆزینەوەی کار بۆ بێکاران.

بەشدارکردنی جوتیارو کرێکار و کارمەندانی ئیدارات لە عەردگە کابینەکانی ئیرتیجاعی پێشوو بە ((کفری )) یان دەزانی و بەرزترین هەنگاو بۆ خۆشبەختکردنی دانیشتووی ئێرانیە کە سەد دەر سەد بیری موقەدەسی وان بەهێز دەکا.



وە ئەگەر هێندە پێویستییەکی دی وەکوتوو: نرر ئاو، ئەبزارئالانی کیشاوەرزی و وەزع بهداشتی کرێکاران و جوتیاران و دیهاتیان چاتر پێشبینی بۆ تامین کردبایە زۆرباش دەبوو.

بەنرخترین ئیقدامی ئیسلاحی دیکەی ئاغای قەوام داخڵبوونی موزاکەرات لەگەڵ حکومەتی میللی کوردستان و ئازربایجان بوو.

دەزانین کە ئیرتیجاع بەتەواوی هێزی خۆی دەیەویست ئامانجی موقەدەسی نەهزەتی دیموکراتی کوردستان و ئازربایجان خراپ بەدنیا مەعرق بکا، وە دەیەویست براکوژیی و هەرای داخلی لە ئێرانێ سازکاو لەئاوی قوڕاوی ماسی بگرن. بەڵام تیرەکەی وەبەردی کەوت و لەرۆژی ٢٣- ٣- ٢٥ دا پێکهاتن.

چون ئاغای قەوام دەیزانێ کە ئەگەر ئێمە (کوردستان و ئازربایجان) نەبانایە قەتعەن بەو شەرائیتانەی کە ئیرتیجاع بین المللی لەتاران و هەندەران سازی کردبوو کەس نەیدەتوانی هەنگاوێك بۆ ئیسلاحات هەڵبنێ.

بەڵام ئێستا دەیزانین کە: ئەگەر بیتو ئاغای قەوام تەرمیمی کابینە بکا و عەناسری فاسید لەسەر کار نەهێڵێ دیسان لەخۆبورینێکی زۆری دەوێ تێکشکاندنی جەبهەی ئیرتیجاع وە دیسان ریگایەکی درێژو پڕ بەرهەڵست لەپێش ئازادیخواهانەکە دەبی بۆ گەیشتن بە ئامانج بیپێون." [9]

[9] ٢ پوشپەڕ ١٣٢٥ هەتاوی بەرامبەر بە ٢٤ ژوون ١٩٤٦ زایینی.

بەپێچەوانەی ئاوات و خولیای سەدیقی ئەنجیری، نە قەوام هیچ هەنگاوێکی جیددی بۆ چاکسازیی نا، نە تاران لەخەوی خەفڵەت و خەوبین بەئارەزووی ناوەندگەرایی توندوتیژو حوکمی هەڵاوێردکاریی وەبەخەبەرهات، نە ئەو ڕێگا درێژەی خەبات دژی فەساد و خراپکاریی و ملهوڕیی چینی فەرمانڕەوای ئێران تەی کرا، بەڵکو جەبهەی ئیرتیجاع بەپاڵپشتی وڵاتانی هاوپەیمانی وەك ئەمریکا وبریتانیا هەستایەو ئاکامەکەشی بە رووخاندنی هەردوو دەسەڵاتەکەی ئازەربایجان و کوردستان و گەڕانەوەی ئەرتەشی شاهەنشاهی کۆتاییهات. لەپاش ئەوە سەدیقی هەنجیری راستەوخۆ رووردەکاتە گوندی (گلندوك) کە ئێستا کراوەتە گەڕەکێکی شارۆکەی لواسان لە باکووری تاران‌و لەوێ بەکاری مامۆستایەتییەوە خەریك دەبێت. ناوبراو وەك گەنجێکی خوێنگەرم و خوێندەوار هەر لەسەردەمی کۆمەڵەی (ژ ك) وەو دواتر کارکردنی لەیەکێتی جەوانانی دیموکراتدا لەژێر کاریگەریی بیری چەپ و سۆسیالیستیدا بووەو کاریگەری دەورانی جەنگی دووەمی جیهانیی و سەرکەوتنەکانی شورەوی دژی نازیزم و چالاکیی و پرۆپاگەندەی شورەویخوازەکانی لەئێران لەو قۆناغەدا بەسەرەوە بووە، هەر بۆیە دوای چوونی بۆ نێو تارانی پایتەخت لە ساڵی ١٩٤٨دا، کە ناوەندی چالاکیی و هەڵسوڕانی لایەنگران و بەڕێوبەرانی حیزبی تودەی ئێران بوو، لەساڵی ١٩٤٩دا دەبێتە ئەندامی حیزبی تودەی ئێران‌و کارەکەشی دەگوازێتەوە بۆ تاران‌و دایك و باوك و دووبراکەشی دەباتە ئەوێ، دەبێتە کارمەندی پلە نۆی ئیدارەی باڵای فەرهەنگ، بەشی نیگارش، هەر لەتارانیش لە گەڕەکی تەجریش نیشتەجێ دەبێت‌و ماڵەکەی کە



تەنیا وەتاغێکی رووبەهەتاوە، وەك بنکەیەکی نهێنیی حیزبی تودەی لێ دێت.[10]

لەم رووەوە، سارم خانی سادق وەزیری دەڵێت: " ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی (١٩٤٧ی زاینی/س) دوو گەنج بە ناوەکانی: رەحیمی خەرازی و رەحیمی سوڵتانیان لە تاران هاتنە لام. وتیان: دەمانهەوێ حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان زیندوو کەینەوە. داوای رێنوینی وهاریکاریان لێکردم. منیش وتم: من لە تاران دەژیم. لە کوردستان دوورم وناتوانم کاری تەشکیلاتی بەڕێوەبەرم. وتیان: ئەوە دەزانین. بەڵام دەمانەوێ وەعدەمان پێبدەی کە لە باری نەزەری ورێکخراوەییەوە یارمەتیمان بدەی. ئێمە جارجارێك بە یەکەوە، یان هەرجارە یەکێکمان دێینە لاتان، موشکیلاتەکانی خۆمانتان بۆباس دەکەین وگوێ لە بۆ چوون و رێنوێنییەکانت دەگرین و بۆ هاوڕیانی خۆمانی دەگێڕینەوە. من قەولم پێدان چیم لە دەست بێ ل یارمەتی و هاریکاری بیکەم. نزیکەی یەك، دوو، حەوتوو، تا مانگێك دواتر هاتنەوە بۆ لام... ئەو دووکەسە هەتا ١٥ی مانگی رێبەندانی ١٣٢٧، بە یەکەوە، یان هەر جارە یەکێکیان دەهاتنە لام، مەسەلەی نەزەری ورێکخراوەیی وشتیتریان لێدە پرسیم، منیش رێنوێنی پێویستم دەکردن. دوای ١٥ رێبەندانی ١٣٢٧ و ماجەڕای تەقە کردنی کەسێك بە ناوی (ناسری فەخرارایی) لە شا، بەهۆی فشاروگرتنی خەڵکێکی زۆرەوە، پێوەندییەکەی ئێمەش پسا. بەڵام پاش ٨-٩ مانگ دووبارە پەیوەندیمان گرتەوە. سەدیقی ئەنجیری ئازەریش پاش هاتنی بۆ تاران لە ٤-١٣٢٥ (١٩٤٦/س) هاتە لام و بوو

[10] برایم فەرشی، سەدەی کارەسات (گفتوگۆ لەگەڵ غەنی بلورین)، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١١٥.

به ئاشنام. ئەویش مەسایلی کوردستانی لە لا باس دەکردم و بیرو بۆچوونی منیشی لەسەر مەسەلەکان دەویست. بەڵام من قەت ئەو سێ کەسەم بە یەکەوە نەدیت و بە یەکترم نەناساندن. باسی خەرازی و سوڵتانیانم لە لای سەدیق نەدەکرد. کەواتە من لە دوو کاناڵەوە پێوەندیم بە کوردستانەوە هەبوو. پاش بوونیشم بە ئەندامی حیزبی توودە پێوەندیم بەو رەفیقانەوە هەر مابوو... ئەو رەفیقانەی نامەیان بۆ ئاستالین نووسیبوو و، داوای ئیجازەی زیندووکردنەوەی حیزبی دێموکراتیان لێکردبوو، نیسبەت بە ڕابردووی حیزبی دێموکڕات لە باری فکری وشێوەی کارەوە رەخنەیان هەبوو. ئەگەرچی لێکدانەوە وهەڵسەنگاندنە کانیان عیلمی و دەقیق نەبوون، بەڵکوو زۆرسادە و ساکاریش بوون. بەڵام هەر ئەوەی کە بەو ئاکامە گەیشتبوون: کە دەبێ بە چاوێکی ڕخنەگرانەوە بڕواننە رابردوو، کەم و کووڕییەکانی دەستنیشان کەن، خۆی کارێکی باش و هەنگاوێکی بەرە وپێش بوو. ئەو گەنجانە خاوەنی یەك بۆچوونیش نەبوون. بەشێکیان لایان وابوو، بەرنامەی حیزبی دێموکڕات، مەسەلەی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی عەداڵەتی لە بەرچاو نەگرتووە. تەنیا لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتیی و وشیاریی میللیی حیسابی کردووە. بە بەراورد لەگەڵ (فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان) بۆ بردنە سەری رادەی وشیاریی زەحمەتکێشان بە تایبەت وەرزێران، کاری نەکردووە. لە باری رێکخراوەییشەوە، کەڵکی لە ئەزموونی عیلمیی وە رنەگرتووە. بەرپرسایەتی بە حیسابی خزمایەتی وعەشیرەگەریی و دۆستایەتیی بووە، نەك لە سەر ئەساسی لیاقەت ولێهاتوویی وئوسول و مەبانییە تەشکیلاتییەکان و....ئەولاوانە لایان وابوو: لە داهاتوودا دە بێ هێزی



سەرەکیی حیزب لە زەحمەتکێشانی شار ودێ و وەرزێرانی فەقیر ومام ناوەندی پێکبێت. بە واتەیەکی‌تر: دەبێ دامەزراندنی سۆسیالیزم ئامانجی نیهایی بێ."[11]

شایەنی باسە، لەسەرەتای سالانی پەنجاکاندا، جولانەوەی دیموکراتی ئێرانیی بەسەرکردایەتی جەبهەی میللیو دکتۆر موسەدیق تادەهات زیاتر پەرەی دەگرتو پاشەکشەی بەشاپەرستەکان دەکرد. پاش ئەوەی جەبهەی میللی حکومەتی گرتە دەست فەزایەکی ئاوەڵە لەتارانو هەرێمەکانی دیکەی ئێران هاتەدی، حیزبی تودە لەو دەمەدا لەدوای جەبهەی میللی مەزنترین هێزی سیاسییو جەماوەریی سەر گۆڕەپانەکە بوو. حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کە لەلایەن چەند لاوێکی خوێن گەرمی وەك: (عەبدولای ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق)، غەنی بلوریان، رەحیمی سوڵتانیان، عەزیز یوسفی، عوبەیدولای ئەیوبیان) سەر لەنوێ دامەزرابۆوەو کەوتبووە گەشەکردن، بەهۆی سەدیقی ئەنجیریو (سارم خانی سادق وەزیری) وەکیلی پایەی یەکی دادوەریی لەتاران، لەگەڵ حیزبی تودە، لەهاوینی ساڵی ١٩٥١دا رێکەوتن، کەحیزبی دیموکراتی کوردستان هەر بەو ناوە لەکوردستان وەك شاخەیەکی حیزبی تودە کاربکاتو لەژێر رێنماییە سیاسییو رێکخراوەییەکانی سەرکردایەتیی ئەو حیزبەدابێت کە رێبەرایەتییەکەی ئەو کاتە لەتاران دادەنیشتن. بەوەش حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ماوەیەك سەربەخۆیی بڕیاردانی لەدەستداو خەباتی نەتەوایەتی

[11] وەرگیراوە لە:عومەر عەسری، کۆمەڵەی ژ.ك . و کورتەی بەشێك لە رووداوەکانی حیزبی دێموکوراتی کوردستانی ئێران. http://archive.is/Lsy0Y

متکردو لەهەموو روویەکی ئایدۆلۆژیو سیاسییو حیزبییەوە بووە وابەستەی حیزبی تودەی ئێران لەتاران.[١٢]

دیارە، لەگەرمەی ململانێی نێوان دەربارو دکتۆر موسەدیق و دەست لەکارکێشانەوەی ناوبراو وەك نارەزایەتییەك بەدەستێوەردانی ئەرتەش و دەربار لەهەڵبژاردنەکانی خولی حەڤدەهەمی مەجلیس و هەروەها رازینەبونی شا بە دانی سەلاحییەتی سەرپەرشتیکردنی وەزارەتی جەنگ بە سەرۆك وەزیران، قەوام ئەلسەڵتەنە بووە سەرۆك وەزیران و بەبۆنەی دەست بەکاربونیەوە بەیاننامەیەکی توندی خوێندەوە کە بووە هۆی خرۆشانی سەرجەم نەیارانی رژێمی شاهەنشاهی بە ئیسلامی و چەپ و میللییەوە،ئەوەش خۆپیێشاندانیکی گەورەی لێکەوتەوە کە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی رژێمەوە دەستڕێژیان لێکراو ١٨٠ کوژراوی لێکەوتەوە. جێی ئاماژەیە، حیزبی تودە لەدوای نیوەڕۆی رۆژی ٣٠ تیر ١٣٣١ هەتاوی بەرامبەر ٢٠ ژوئیەی ١٩٥٢، بەدەیان هەزاری لەئەندام و لایەنگرانی خۆی رژانە سەر شەقامەکانی تاران و بەشدارییەکی گەرمی لەو رووداوەدا کرد. غەنی بلوریان کە بۆخۆی بەشداری ئەو خۆپیێشاندانەی تاران بووە دەڵێت :" ...چوومە ماڵی سەدیق، پەرویز حیکمەت جوو لەوێ بوو. حیکمەت جوو رەفیقی زۆر نزیکی سەدیق بوو. ئەمنیش بەهۆی سەدیقیەوە لە ساڵی ٣٠یەوە لەگەڵ حیکمەت جوو ئاشنا بووم. چونکو سیەمی تیری سی...

[12] بڕوانە: د. یاسین سەردەشتی، هەڵوێستی حیزبی تودە لەحاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لەئێران (١٩٤١-١٩٨٣)، سلێمانی، ٢٠٠٥- ل٧٠-٧٧.



لەکافەی فیرووز• لە مخبردەولەی دەگەڵ پەرویز حیکمەت جوو بە وەسیلەی سەدیق ئەنجیری ئاشنا بووم. کاك فیروز ساحەبی کافەکە کوردێکی تورکیا بوو، پیاوێکی زۆر باش بوو، محەلی رەفت و ئامەدی تودەییەکان بوو. سەدیقی ئەنجیری و قاسملوو ئەغڵەب لەوێ بوون کە چووبایەن تاران، ئیواران حەتمەن یەك لەوانەمان دەدیت. ئەو دەمی قەوام سەڵتەنە هاتەسەر کارو موسەدیق یان ساقت کرد. ئەمن دەگەڵ حیکمەت جوو بووم لەوێ، کە سەعات دوو رادیۆ ئەخبارەکەی گوت، قەوام ئەلسەڵتەنە کوتی تریبۆناڵی ئینقیلابی دروست دەکەم بۆ کەسانێك کە موقاوەمەت بکەن لە حکومەت. پەرویز حیکمەت جوو هاتە دەرێ، چووە سەر دژی شا و قەوام ئەلسەڵتەنەی و خەڵکی هۆشیار کردەوە کە دودەتا بووە. تەزاهورات دەستی پێکرد، کە ئەمن لەتەواوی تەزاهوراتی سی تیردا شیرکەتم هەبوو، بەڵام لەماڵی سەدیقی ئەنجیری نەمامەوە و چوومە ماڵی سادق وەزیری".[١٣]

• کافە یان قاوەخانەی فەیروز دەکەوتە سەر شەقامی نادری کە ئێستا بۆتە شەقامی جەمهوری و لە کەناری دەستە راستی سینەما ئیڤڵەوە بوو، نەختێك لەولای چواڕیانی قەوام ئەلسەڵتەنە بوو کە دوایی ناوی لێنرا چواڕیانی( ٣٠ی تیر)، لەبەرامبەری کۆشکێکی بچووکی لێ بوو بەناوی کاشانی رۆژنامەی دەفرۆشت و بۆ خوێندنەوەش بەکرێی دەدا. دەسەڵاتدارانی ئێرانی دواتر رووخاندیان و لقێکی بانکی ملیان لەشوێنی بنیاتنا. ئەم کافەیە ساڵۆنێکی گەورە بوو بەدرێژیی مێزی تێدا هەریەکەو چوار کورسی بەدەورەوە دانرابوو. لەڕاستیدا کافەی فەیروز، شوێنێکی دیاری لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێراندا هەیە و جێگای کۆبوونەوەی خوێندەوارو ئەدیبان و وەرگێڕان و شاعیرانی وەك: جەلال ئال ئەحمەد، خەسرەو گلسرخی، شاهرودی ، صادق هیدایەت و هوشەنگ تاهیری..هتدو جێگەی گەنگەشی سیاسیی و فیکریی و ئەدەبیی بوو ، بۆ زیاتر : مهدی اخوان لنگوردی، از کافە نادری تا کافە فیروز، تبریز، ١٣٩٢.

[13] برایم فەرشی، هەمان سەرچاوە١٥١-١٥٢.



وێنەیەکی خۆپێشاندانەکەی سی تیر لەشەقامی نادری

لەوەدەچێ ئەم پەیوەندی و تێکەڵاوییە زۆرەی سەدیقی ئەنجیری بە بەشێك لەکەسایەتییە ناسراوەکانی تودەو دەرکەوتنی لەکافەی فەیروز کە ناوەندی مەحفەلی تودەیی و سۆسیالیستەکان بوو، بوبێتە هۆی راکێشانی سەرنجی دەزگا سیخوڕییەکانی رژێمی شاهەنشاهیی، هەربۆیە نزیك بەمانگێك لەدوای رووخاندنی حکومەتەکەی موسەدیق لە١٩ی ئابی ١٩٥٣دا و دەستپێکردنی شاڵاوی قۆڵبەستکردنی نەیارانی رژێم لەلایەن حکومەتی کودەتاو فەرماندەی نیزامی و پیاوەکانی (تەیمور بەختیار)وە، بەشێکی زۆری کادێرو ئەندامەکانی حیزبی تودە بۆ دەزگای ئەمنیەتی رژێمی شاهەنشاهی ئاشکرابوون، سەدیقی ئەنجیریش یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لەرۆژی پێنج شەممەی ٢ی





پەرویز حیمکت جو




رۆژی ئەنجامدانی کودەتای ٢٨ی مورداد ئوگوستی ١٩٥٣ لەتاران

رەزبەری ١٣٣٢ ی هەتاوی بەرامبەر ٢٣ی سێپتەمبەری ١٩٥٣ دەستبەسەر کراو پاشتر بە قەیدی کەفیل لەلایەن دادستانی ئەرتەشەوە ئازاد کرا، بەڵام لێرە بەدواوە سەدیقی ئەنجیری بەوردیی لەلایەن دەزگا سیخوڕیی و ئەمنییەتییەکانی رژێمەوە چاودێریی خۆی و ماڵەکەی دەکرێ.[14]

لەدوای کودەتاکەی ژێنڕاڵ زاهیدی، رێبەرانی لاوی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ئەو دەم ببونە شاخەی حیزبی تودە لەکوردستان، بەسوود وەرگرتن لەفەزای ئاوەڵەی گوندەکانی کوردستانو دوور لەڕێنماییەکانی رێبەرایەتی حیزبی تودەکە ئەو دەم کەوتبوونە بەر فشارو پەلاماری فەرماندەی نیزامیی لەتاران بەسەرکردایەتی سوپەهبود (تەیمور بەختیار)، کەوتنە کارکردنو لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٤، لەشاری تەورێز بەهاوکاری (فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان) توانیان پێنج ژمارە لە (کوردستان)ی ئۆرگانی حیزبی دیموکرات چاپو بڵاو بکەنەوە، شایەنی باسە سەدیقی هەنجیری یەك لەوانە بوو کەبۆ چاپکردنی کوردستان لەتارانەوە خۆی گەیاندە تەورێزو لەگەڵ (عەبدولڕەحمانی قاسملو)دا پێکەوە وتارە فارسییەکانی رۆژنامەکەیان دەنووسی. ئەو رۆژنامەیەی کە بەئاشکرابوونی چاپخانەکەو دەستبەسەراگرتنی لەلایەن پیاوانی رژێمەوە وەستاو لەبڵاوکردنەوە کەوت.

[14] چپ در ایران بەروایت اسناد ساواك حزب دموکرات کردستان، ج١، مرکز بررسی اسناد تأریخی وزارت اطلاعات، چ١، تهران، ١٣٧٨، ل ٢٥٣.





غەنی بلوریان

لەم رووەوە، (غەنی بلوریان) دەڵێت:" ئەمن و قاسملوو لە تەورێز بووین. ئەمن ماڵێکم گرت لە گەڕەکی ئەرمەنیان...سەدیق ئەنجیری ئازەر لەتارانێ ڕا هات بۆ تەورێز بۆ ماڵی من، ساحەب ماڵەکەم ناوی مەروسیا بوو، وەتاغێکم گرتبوو، ماڵێکی ئاسۆریش لە حەسارێدا بوو...لەوێ جەلەسەیەکمان گرتبۆ کاری رۆژنامەکە...سەدیق ئەنجیری و ئەمن و قاسملوو تەدارەکی رۆژنامەکەمان دیت."[15]

[15] برایم فەرشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨-١٤٩.



عەبدولڕەحمان قاسملو

هەروەها ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەهاری ساڵی ١٩٥٥، لەشاری تاران و لەماڵی سەدیقی ئەنجیری کۆبوونەوەو بەمەبەستی خۆپارێزیی و هەڵوێست وەرگرتن لەرۆڵی مەنفی و ئاکاری ناشۆڕشگێڕانەی حیزبی تودە لەشکستی جولانەوەی دیموکراتی ئێرانیی و سەرکەوتنی کودەتاکەی زاهیدی ، بڕیاریاندا پەیوەندی تەشکیلاتی لەگەڵ حیزبی تودەدا بپچڕێنن و نامەیەکی ڕەخنە ئامێزیش سەبارەت بەو بێ هەڵوێستیەی حیزبی تودە لەمەڕ کودەتاکەی ١٩ی ئاب بنووسن و حیزبی کۆمۆنیستی شورەوی لێ ئاگادار بکەنەوە.[16]

غەنی بلوریان لەو بارەیەوە دەڵێت:" لەماڵی سەدیق ئەنجیری بووم،

[16] غەنی بلوریان، ئاڵەکۆک، بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم، ستوکهۆڵم، ١٩٩٧، ل١٥٥-١٥٦.



دەعوەتێکمان کرد لە برادەران کە لە کوردستانەوە بێن بۆ ئەو جەلەسەیە...ئەسعەد خودایاری، سولەیمانی موعینی، حەمەدی میر ڕاتبی، قادر شەریف، ئەحمەد تۆفیق، ئەمن بووم و قاسملوو، سەدیقی ئەنجیری شیرکەتیان کرد کە سەدیق ئەو دەمی جیددیتر لەگەڵ ئێمە هاوکاریی دەکرد چون لە ڕۆژنامەی کوردستان عوزوی هەیئەت تەحریریە بوو، ئیرتیباتیشی لەگەڵ حیزبی تودە قەتع کردبوو، زۆریش زیددایەتی لەگەڵ حیزبی تودە دەکرد، پەرویز هەر مابوو کە جەلەسەکەمان تەشکیل دا، تاقە وەتاغێك بوو ماڵی سەدیق کە ئەویش لە جەلەسەکە بەشدار بوو، گوتمان خوب ئیشکالی نییە. مەوزوعی جەلەسە...قەتعی ئیرتیبات لەگەڵ بەدەنەی حیزبی تودە...ئێمە لەو جەلەسەیە گەڕاینەوە...بەڵام ئەو دەم ماڵی سەدیق ئەنجیری دوچاری شەك و تەردید بوو، حیکمەت جوو ڕۆیشت ئیحساسی خەتەری لێ دەکرا."[17]

وا دەردەکەوێ، کە شکستی ڕەوتی دیموکراتی و چاکسازیی و باڵادەستبوونەوەی دەربارو گەڕانەوەی دۆخێکی داخراو لە ئێراندا و پاشەکشەی ئازادیی و سەرکوتی ئۆپۆزسیۆن دۆخیکی دەرونیی دژواری بەگشتیی و بۆ بەشێك لە نووسەرانیش بەتایبەتی، پێکهێنابێ، ئەوەش دۆخێکی لەنامۆبوون و بەسەرخۆدا داخران و و نقوم بوون لەنێو دێڕی شیعرو تێکستە ئەدەبییەکاندا و گەڕان بەدوای شێوازێکی دیکەی بەرگریی و خۆڕاگریی لێکەوتەوە، ئەم دۆخە بەشێوەیەك کاریگەریی لەسەر ژیانی سەدیقی ئەنجیری ئازەریش هەبوو، ئەو پاش

[17] برایم فەرشی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٦-١٥٧.

وازهێنـان و بڕوانـەمان بـە سـەرکردایەتیی حزبـی تـودە، زیـاتر خـۆی بـە خوێندنـەوەو وەرگێڕانـەوە سـەرقاڵ کـرد و رووی لـە ڕێبـازی ئـەدەبی (ئیگزیستانسیالیوم Existentialsim) کردووە.

سـەدیقی هـەنجیری بەجەسـتە کەسـێکی باریکەلـەی بـاڵا مامناوەنـدی ڕەنگپەڕیو، بە ئاکاریش کەسایەتییەکی زۆر سادەو ساکارو خاکی بوو، هیچ کات هەڵپەی ناوبانگو لێپرسراوێتی حیزبیی نەدەکرد، ئۆگرێکی بەردەوامی خوێندنەوەو کتێبو قەڵەم بوو، شارەزایی زمانی فەرەنسیی هەبوو، دوو شانۆنامەی (مگسها/مێشەکان) و (مردەهای بی کفن ودفن) ی ژان پـــۆڵ ســـارتەری ( Jean-Paul Sartre) لەفەرەنـــسییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی فارسیی و لەساڵی ١٩٦٠دا چاپیکرد و لـەتاران بڵاوبـۆوە، کـە ئـەو کاتـە لەنێوەنـدی ئـەدەبی ئێرانییـدا دەنگدانەوەیـەکی زۆری هـەبوو.[18] بـەپێی بەڵگەنامـەی سـاواك هـەر لـەم ماوەیەشـدا واتـە لەسـاڵانی ١٩٥٧-١٩٥٩ ڕۆڵـی لـەهاوکاریکردنی چالاکییەکانی حیزبـی دیموکراتی کوردستاندا گێڕاوە.[19]


بەخوێندنــەوەی کتـێبی "'برگزیـدە آثـار نیمـا یوشـیج - نثـر"، کـە بەشێکە لە بیرەورەیی و شێوە پەخشانەکانی شاعیری گـەورەی ئێرانیـی عـەلی ئەسـفەندیاری (١٨٩٥-١٩٦٠)ناسـراو بـە (نیمـا یوشـیج) کـە بـە باوکی شیعری نوێی فارسیی دادەنرێ، دەتـوانین سـەبارەت بـە ئاسـتی تێگەیشتن و ئاکارو خویندەواری سەدیقی ئەنجیری ئازەر لەسـەر زمـانی خودی نیما یوشیجەوە زۆر شت بزانین. ئەوەی دەتوانرێ بەمشێوەیەی

---

[18] درنگی بر نمایشنامه مگس ها ژان پول سارتر ، مجله گلستانه ، شماره ٩٦ ، اسفند،١٣٨٧ ، ص ٥٥.

[19] چپ در ایران بەروایت اسناد ساواك، ل ٢٥٣.






لای خوارەوە کورت بکرێتەوە:

" ئەنجیری ئازەر تەنیا پیاوێك بوو کە بینیم...ئەگەر ئەو لاوە نەجیب و هۆشیارەی کورد نەبووایە، من زۆر خەمناکتر دەبووم. یەکجار تێگەیشتووە. زۆر هەستیارە. باشتر وایە بڵێم فرە خوێندەوار و لێوەشاوەیە...خەڵکانی دیکە لە بنەمای کاری من نەگەشتوون... بەڵام یەکێك هەیە کە هەموو دەرد و ڕەنجی منی لە ڕێی شیعرەکانمەوە هەست پێکردووە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەوانەی ژیانی منیان دەزانی نەیانتوانیوە بەهۆی ژیانمەوە لە دەردە شاراوەکانی نێو شیعرەکانم تێبگەن. ئەو تەنیا کەسێکە دەردەکانی منی وەها ناسیوە کە بۆتە هۆی ئەوەی خودی خۆم سەرسوڕماوە . لە خۆم و لە هەموو کەس باشتری ناسی. تەنانەت ئال ئەحمەدیش (مەبەستی جەلال ئال ئەحمەدە/س). چونکە ئال ئەحمەدیش زۆر لە دەردەکانی منی لە ریّی بەرهەمەکانمەوە ناسی. بەڵام ئەم کەسە بە شێوەیەك دەمناسیٚ کە بۆخۆم دەبیٚ لەو بپرسم کە من کێم؟ ئەم تەنیا کەسە لاوێکی کوردە و پەرێشانی رۆژگار. ناوی ئەنجیری ئازەرە... ئەم لاوە کوردە کارامەترین پیاوێك بوو کە ئەمساڵ شانازیی ئاشنابوونم لەگەڵی هەیە. ئەم لاوە، ناڵێم چەند زمان دەزانیٚ، ناڵێم شیعری ئەمڕۆ و دوێنیٚ و شیعری هەر ڕۆژێك لە هەر شاعیرێك باشتر تێدەگا، ناڵێم شیعر ناڵیٚ، بەڵام دەزانیٚ شیعر چییە. ناڵێم تێگەیشتنێکی چەندە مەنتیقییە. ناڵێم لە باری قەزاوەتەوە چەند گەشەی کردووە. ناڵێم چ کەسایەتییەکە و بە چییەوە خەریکە...ئەو گەورەترینی ئەو مرۆڤانەیە کە من لە ماوەی ژیانی خۆمدا تووشیان





نیما یوشیج

بووم. من زۆر جار تووشی مرۆڤی هاودید و هاوبیری خۆم بووم. ئەو هەموو ئەمانەی تێپەڕاندووە... ئەم کوردە ئەوەندە تێگەشتووە کە تێگەیشتنی لە سەرووی زانایییەوەیە و زانایییەکەی لە سەرووی تێگەیشتنەوەیە. من لە باری زانستی ئەوەوە، دیسان هیچ ناڵێم. ئەو زۆر شتی خوێندۆتەوە و لە کەسانی تر باشتریان دەزانیٚ. ئەگەر بە

زمانی عیرفان بدویێم دەبێ بڵێم کە ئەو گەشتۆتە حەقە ئەلیەقینی زانستەکانی خۆی...پێمخۆشبوو شەوو ڕۆژ ئەم لاوە نەجیبە کوردەم ببینیایە. ئەم لاوە خاوەن زانستە و تێگەیشتووە کە من تەنیا بە نەجیب و مرۆڤ ناوی دەبەم. کاتێك دەبینێ من خەریکە دەگریم، ئەویش گریانی دێت. من لەم لاوەدا ڕەنگدانەوەم نییە، ئەو لە مندا ڕەنگی داوەتەوە. من و ئەو لە یەکتردا رەنگمان داوەتەوە. ئەو ئاوێنەیەکی خاوێنی دەردە ئینسانییەکانە" [20]

جێگای ئاماژەیە، ئەم فەرهەنگ و پەروەردە شارەکییەو ئەو لاوازییە جەستەییەو هەستیاریی و ژیندۆستییەی بەجۆرێك بوو کە لەقۆناغی دواتریشدا کاتێك لەکۆتایی نیوەی یەکەمی شەستەکاندا تارانی جێهێشێت گەڕایەوە کوردستان و پەیوەندی بەخەباتی پێشمەرگایەتییەوە کرد، کاریگەریی خۆی لەسەر هەڵسوکەوت و تەنانەت بۆچونە فیکریی و سیاسییەکانیشی هەبوو. تەنانەت لەکاتی جەولەو هاتوچۆی پێشمەرگەکاندا لەسەر ئەوە دەوەستا کە ناکرێ لە ڕۆشتندا پێ بەسەر ئەو گژوگیایانەدا بنرێن کە سوودبەخشن و مرۆڤ سوودیان لێ دەبینێ. مەلا رەسوڵی پێشنماز لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێت :" دەرۆیشتین، بەهارە، لەپڕ دە دوازدە نەفەرین، دەڕۆین، ئا کاکە ڕاوەستە، کاکە بۆ وادەکەی!!؟، ئەتۆ بۆ کوشتت؟! ئەوەت کوشت! ئێ بابە ئەو خەڵکە قوت دەبوو! جارێکیان ئەمن ئاوا، کاکە چم کوشتووە؟! مەبەستی گیا بوو، ئەو زیست ناسیی کە لە دونیادا هەیە،

[20] نسخه برداری و تدوین: سیروس طاهرباز، با نظارت شراگیم یوشیج، ناشر: بزرگمهر ، تهران ، ١٣٦٩. ل ٢٣٥، ٢٤٥، ٢٥٢،٢٥٤.



ئەی گووت کاکە تۆ بۆ بەنێو ڕێگادا، بۆ ئەوەی دەکەی بۆ لات داوە، جارێکیان گووتم : کاك صەدیق ئەمن بەبی لاق مەگەر بە هەنگڵم ببەی! باشە چۆن بڕۆم؟!" [21]

دیسان، حوسێنی مەدەنی لەوبارەیەوە دەڵێت: کاك صەدیق ئینسانێکی هەتا خوا حەز دەکات، نەرم و لەسەرخۆو بێ دەنگ بوو، قسەت دەگەڵ نەکردبایە لەوانە بوو هەر قەت قسەت لەگەڵ نەکات...ئینسانێکی باسەواد بوو، ئینسانێکی تێگەیشتوو بوو...شتی زۆریی دەزانی، یاعنی بیری زۆری دەکردەوە، بەڵام کاك صەدیق ئینسانێك نەبوو کە بۆ شۆڕش دروست کرابێت، لەبارەی بەدەنیەوە جەستەی زەعیف بوو، ئەو توانایەی نەبوو، ئەو خۆڕاگرییەی نەبوو... بەڵام لەباری فکرییەوە شتێکی باش بوو، دەیانتوانی لە شوێنێك دایبنێن،ئیستیفادە لە تەوجیهاتەکەی بکەن" [22]

پاش هەڵگیرساندنی جوڵانەوەی چەکداریی ئەیلولی ١٩٦١ لەباشووری کوردستان بەڕێبەرایەتی پارتی و مەلا مستەفا بارزانی، حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسایەی ڕێبەرایەتی ئەحمەد تۆفیق (عەبدوڵای ئیسحاقی)دا، بەگەرمیی باوەشیان بەو جوڵانەوەیەدا کردو لەهەموو روویەکەوە: سیاسیی، دبلۆماسی، تەبلیغاتیی، چەکداریی و بەشدارییکردنی شەڕەکانو دابینکردنی پێویستییە مادديەکانی هێزی پێشمەرگە، یارمەتی گەورەو کاری بێ دریغیان پێشکەش بە جوڵانەوەکە کرد.

[21] رامانێك لە تراژیدیای براکان!، ئامادەکردن و سازدانیی: شەریف عەلی هەژاری، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٠٥.

[22] هەمان سەرچاوە، ل ٣٦،

پاش ئەوەی بەعسییەکان لە شوباتی ١٩٦٣دا کودەتایان بەسەر کەریم قاسمدا کردو کەوتنە وێزەی شیوعییەکان و دواتریش بەخێرایی جەنگیان لەگەڵ کورددا هەڵگیرساندەوەو هەوڵیاندا لەگەڵ وڵاتانی هەرێمیی وەك سوریا و ئەندامانی پەیمانی سەنتۆی وەك ئێران و تورکیا، هاوپەیمانییەك پێکبێنن و پەلامارێکی سەرتاسەری بکەنە سەر کوردستان و جوڵانەوەکەی بەتەواویی لەناوبەرن. لەم دۆخەدا، مەلامستەفا بارزانی، داوای لە ئەحمەد تۆفیقی سەرکردەی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد کە نامەگەلی شۆڕشی کوردستان بۆ هاوکاریی و پشتگیریی و شیکردنەوەی مەترسیی دۆخەکە بگەیەنرێتە باڵیۆزخانەی شورەوی لە تاران، ئەحمەد تۆفیقیش بۆ ئەو مەبەستە کادرێکی حیزبی بەناوی خدر مەرەسەنە بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە دەسنیشان کرد.

خدر مەرەسەنە، لەم بارەیەوە لەبیروەرییەکانیدا دەڵێت:" لەسەر داوای بارزانی و کاك ئەحمەد بۆ ئەو سەفەرە ئەمن دیاری کرام، ئەگەر چی منیش ئەوەندە شارەزای ئەو شوێنانە نەبووم...ئەو سەفەرە دەبوو لەرێگای نهێنییەوە بکرێت ، بۆ رێنوێنی کردن پێویستیم بە چەند کەسێکی شارەزاو جێگای باوەڕ هەبوو، ئەو کارانەش بە کەسانێك دەکرا کە زانیاری  و هۆشیاری تەواویان هەبێت و لەسیاسەت و کاری نهێنی و دیپلۆماسیدا شارەزا بن، بۆ ئەو مەبەستە لەلایەن کاك ئەحمەدەوە کاك سەدیقی ئەنجیریم پێ ناسێنرا کە لەتاران دەژیا، کاتیش حەساس بوو، چارەنووسی شۆڕش و کورد لە خەتەردا بوو، دوژمنان لەهەموو لایەکەوە دەوری شۆڕشیان تەنیبو...لەئاخرین مانگی بەهاری ١٩٦٣ دا ئەو نامانەی بارزانی کە بۆ باڵیۆزخانەی شورەوی



نوسیوونی وەرمگرتن و لەناوچەی بارزانەوە بەرەو حاجی ئۆمەران کەوتمە رێ...دواتر گەیشتینە تاران و لەگەڵ سدیق ئەنجیری نامەکانی بارزانیمان دا بە باڵیۆزخانەی شۆرەوی. (١٨) رۆژ بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی نامەکان لەتاران مامەوە، لەو فرسەتەشدا گەلێك پرسیارم لە کاك سدیق کردن دەربارەی کۆمیتەی کاتی و زۆر شتی بۆ باسکردم...وەڵامی یەکیەتی سۆڤێتی هەڕەشەو ئۆڵتیماتۆمیك بوو کە لەلایەن دەوڵەتی شۆرەویەوە درا بە دەوڵەتەکانی ئێران، تورکیا و سوریا کە هەرچی زووترە هێزەکانیان لەسنوری عێراق بکێشنەوە، ئەگینا دەوڵەتی شۆرەوی لەبەرامبەر ئەواندا بێدەنگ نابێت."[23]

هەر لەو سەوروبەندەدا، ململانێ و ناکۆکییە نێوخۆییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەنێوان رابەری فیعلی حیزب ئەحمەد تۆفیق و هەندێك لەکادێرەکانی حیزب لە لاوە خوێنگەرمە چەپەکانی لەدوای ساڵی ١٩٦٣ لەژێر فشاری رژێمی شاهەنشاهی هەڵاتبوونە کوردستان بەتوندیی سەری هەڵدابوو. ئەو ململانێیەی لەنێوان دوو فیکرو ئاکارو رەوتی کارکردنی جیاوازو لەسەر هەڵپەی گرتنە دەستی دەسەڵات و گرتنەدەستی جڵەوی بڕیارسازیی حیزب بوو. هەرچی ئەحمەد تۆفیقە خاوەن کەسایەتییەکی دەسەڵاتخوازو توندو بیرێکی ناسیونالیستی کوردستانیی و دژەچەپی هەبوو، لەگەڵ هاوکاریی و پشتگیریی و بەشدارییکردن بوو لەشۆڕشی باشووری کوردستاندا بوو، دۆستایەتی مەلا مستەفای بارزانی پێ مەسەلەیەکی هەرە گرنگ و بنەڕەتیی بوو، بەئاشکراش دوژمنایەتیی نەیارە سیاسیی و حیزبییەکانی مەلا

[23] خدر مەرەسەنە ، ئاوێنەی راستیەکان ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم، سلێمانی ، ل ٥١–٥٢.

مستەفای لەنێوخۆدا دەکرد کە ئەو دەم خۆیان لە هەندی لە عەشیرەتەکانی ناوچەکەو دواتر دەستەی مەکتەب سیاسییدا دەبینیەوە، جولانەوەکەی کوردستانی باشووری پێ لەپێشتر بوو ، دژی بەستنەوەی حیزبی دیموکرات بوو بەفیکری ئێرانچێتیی و وابەستەیی بەحیزبی تودەوە، لەگەڵ خۆهەڵواسین بەبلۆکی سۆسیالیستی و رەوتی شورەویخوازییدا نەبوو، هاوکاری هەموو چین و توێژەکانی بەموڵکدارو دەرەبەگەکانی کوردیشەوە بۆ سەرکەوتنی جولانەوەی سەربەخۆخوازیی نەتەوەیی کوردستان بەپێویست دەزانی، زۆریش پابەندی بنەمای کاری رێکخراوەیی و تێفکرینی قووڵی سیاسیی نەبوو. بەپێچەوانەوە نەیارانی فیکرێکی نەتەوەیی چەپیان هەبوو، مەسەلەی شۆڕشی کوردستان و پەیوەندییان لەگەڵ مەلا مستەفادا کە ریشەیەکی خێڵەکیی هەبوو، پێ مەسەلەیەکی زۆر بایەخدار نەبوو، بڕوایان بەئێرانییبوونی خۆیان و هاوبەستەگیی لەگەڵ هێزە سەراسەرییە ئێرانییەکان و دۆستایەتیی لەگەڵ ئەنتەرناسیونالیزمی نێو نەتەوەیی و بلۆکی سۆسیالیستیدا هەبوو، خوازیاری سەپاندنی ئسوڵی تەشکیلاتیی و پرەنسیپی حیزبی و کاری دەستەجەمعیی بوون و لەئاکاری توندیی و خودخوایی ئەحمەد تۆفیق و ملنەدانی بۆ بڕیاردانی دەستەجەمعیی و پشتگیرییکردنی بەردەوامی مەلامستەفا لێی، بێزاربوون و بەلەمپەرێکی گەورەیان لەبەردەم پەرەسەندنی حیزب و خەبات لە رۆژهەلاتی کوردستان دەزانی.

سەدیقی هەنجیری، لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی کوردستان لەباشوور و چالاکبونەوەو هەڵسوڕانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێی باشبوو بۆ دەربازبوون لەو دۆخە نالەبارەی لەتاران تێیدا بوو روو



لە باشوور بکات و بەهاوخەباتەکانییەوە پەیوەست بێ، بەڵام هەتا ماوەیەك پێش کۆنگرەی دووهەمی حیزب ئەو خواستەی نەهاتەدی. لەم بارەیەوەی سەلاحودینی موهتەدی چۆنییەتی چیرۆکی بینین و خواستی سەدیقمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت:



سەلاحودینی موهتەدی


" ساڵی ١٩٦١ی زایینی بوو، لام وابێ نێوان هاوین و پایز من خوێندکاری کۆلێجی حقووق بەشی قانون بووم، تارانم بەجێ هێشتبوو تا لەم ئێوارە شیرین و شادەی قۆپی قەرەگوێز، بە نهێنی و نەناسراوی هەڵگەڕێم بەرەو لوتکەی شاخی حاجیکیمی. لەماڵی کاك حەسەن نانم خواردبوو، عەبە نەوتەشم وەکو چاوساغ وەپێش کەوتبوو، شیواوشیو بە تەنیشت قەبرە جولەکاندا رێم دەبڕی و چاوم لەبەرزایی چیاکە بوو. کەچی لە نیوەی رێگاو پێش جێژوانی دیاریکراو پۆلێك پێشمەرگە سەرەرێیان لێگرتم و لەپێشەوەیان پیاوێکی بالادەستە، رانکوچۆغەیەکی کاڵ لەبەرو شەدەیەکی دابی موکوریان لەسەر، بە

پێستێکی زۆر سپی، سمێڵێکی ڕەش و دووچاوی گەشەوە، زەردەخەنەیەکی تێکەڵ لە میهرەبانی و پرسیار لەسەر جووتێك لێوی تەنك، لەناکاو دەستی درێژ کرد، لەپێشدا دەستی گوشیم و لەپاشان لەباوەشی گرتم. لەو کاتەوە تا ئێستاو لە ئێستاشەوە تا مردن هەرگیز سەرخۆشی و شادمانی ئەو باوەشەم لەبیرناچێ!

ئەمە یەکەم پێشمەرگەیەك بوو کە لە ژیانمدا دەمدیت و هەموو ئازادی و سەربەستی کوردو کوردستانم لە بەژنی ڕێکوپێك و روخساری خوێنشیرین و جوانچاکیدا بەدی دەکرد. سولەیمانی موعینی لێم بوو بە رەمزی پێشمەرگایەتی و لەو کاتەوە تا تراژیدیای مەرگە خەمبارەکەی لەساڵی ١٩٦٨ (١٣٤٧) زۆر جار لێك دوورکەوتینەوەو نزیك کەوتینەوەو سەرەنجام لە پرۆسەی شۆرشە چەکدارییەکەی ٦٧-٦٨ یەکجاری یەکترمان گرتەوەو هەردووکمان بەسەرو ماڵەوە تێوەچووین. ئەو لەشاخ بوو شەهید کراو من لەشار بووم کەوتمە زیندان. بەڵام ئێستاش و دوای چل و شەش ساڵ کە چاو لێك دەنێم و بیر لە پێشمەرگە دەکەمەوە، سولەیمانی موعینی دەبینم لەشێوی قەبرەجولەکان بەرەو لوتکەی جاجیکیمی!

تا بەر لەوەی لە ساڵی دواییدا لە پایزی ١٩٦٢ بەخۆی و بیست پێشمەرگەوە لەدووم بێ و بمبا بۆ ناو شۆڕشی ئەیلول، زۆرجاران حاجیکیمیمان لێ بوو بە جێژوان، گەلێك ئەرك و راسپاردەی سیاسی و تەنزیمی کەوتە ئەستۆی من و هاوڕێکانم لە تاران و لە کوردستان. بەڵام ئەوەی هەرگیز لە یادم ناچێ ئەو نامەیە بوو کە دەبوو بۆ خۆم بیبەم و بیگەیەنمە دەست " سەدیقی ئەنجیری ئازەر".





سولەیمانی موعینی (فایەق)

ئەو پیاوەم قەت نەدیبوو، ناویشم بە دەگمەن بیستبوو، بەڵام کە زانیم سولەیمان زۆری خۆش دەوێ، خۆشەویستییەکی دووراودووری کەوتە دڵمەوە. هەر بەو هەوایە بە پەلە گەڕامەوە تاران و بەهاوکاریی هاوڕێکانم ئەدرەسەکەم دۆزیەوە. پێش دیداری بڕێکم پرس و جۆ کردو زانیم کە لەسەردەمی جمهووری کوردستاندا چالاك بووە، یەکیەتی لاوانی بەڕێوە بردووە و رۆژنامەیەکی دەرکردووە. بۆشم دەرکەوت دوای رووخانی جەمهوری و دوای رووخانی دەوڵەتی دکتۆر موسەدیق و زاڵبوونی دیکتاتۆری دەستەڕاستی شا بەنیوە نهێنی لەتاران دەژی. بەگوێرەی ئادرەسەکە، رووم کردە تەجریش لە شیمالی تاران. لەگەڕەکێکی هەرە هەژارنشینی تەجریش کۆنە دەرگایەکی نیوەکراوەی دارینی رەنگپەڕیو بردمیە ناو کۆڵانێکی لە گوین داڵانی تەنگەبەر کە دەرکەکان-چەمۆڵە لێدراو-چاویان لە یەکتر بڕیبوو. وادیار بوو هەر کام ماڵە هەژارێکیان حەشار دابوو!!

دوو کۆڵەمستی سووکم لەدەرگایەك داو زۆری پێ نەچوو ژنێکی بەتەمەن بە جلێکی نیوە کوردی و نیوە عەجەمی و بەدووچاوی پڕووشی پڕ لەترس و پرسیارەوە دەرگای لێوەکردم. کە بە کوردی گوتم دایەگیان و ناوی سەدیقم برد، خوێنێکی گەشی حەسانەوەو دڵنیایی پەڕیە سەر گۆنا ویشك و بێرشەنگەکەی و پێی گوتم "بەقوربانت بم وەرە ژووریٚ".

چوومە ژوورەوە، ژوورێکی فەقیرانە، بەڵام زۆر پاك و خاوێن، چوار دەورە پڕ بوو لە کتێب و کاغەز، سەماوەرێکی دەستە، لەبەر خاوێنی دەدرەوشایەوەو قوڵتەی دەهات، قۆریەکی سووری چکۆلەی لەسەر بوو. وادیار بوو کاتی چا خواردنەوەیانە.

فریا نەکەوتم لەسەر ئەو پەتووە گوڵئاڵە چوار قەدکراوە دانیشم کە سەرینێکی لەسەر و باڵشێك لەسەر سەرین پاڵیان بەدیوارەوە دابوو کە دەرگایەکی چکۆلە کرایەوە و سەلامێکی گەرم و نیگایەکی پڕ لەپرسیار سەرنجی راکێشام.

پیاوێکی تەمەن مام ناوەنجی بە بەژنێکی باریك و لاواز، گۆنایەکی زەردو رەنگپەڕیو، دەموچاوێکی کەمێك درێژۆکە، ئێسقانی دەستی بۆ لا درێژ کردم و لەگەڵ یەکەم دەستگوشین نەمهێشت لە چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێدا بمێنێتەوە، گوتم: (( لەلایەن سولەیمانی موعینیەوە هاتووم نامەیەکم بۆ هێناوی)).

هەرگیز نەمدیوە لە چاوترووکاندنێکا گۆڕانێکی وا زەق و ئاشکرا لە روخساری کەسێك خۆی دەرخا. ئەو چاوە لێڵ و کزانە لەناکاو گڕیان تێ بەربوو. وەك دوو پۆلووی سوور، وەك ئەستێرەی سیوەیل



گەشانەوەو سەرتاپا پڕاوپڕ بوون لە پێکەنین. ئەمجارە بە ئاسودەیی دانیشتین.

لەم دانیشتنە تێرو تەسەلەدا، لە شیعرو ئەدەب و سیاسەت و پێشمەرگایەتی و کوردایەتی و چەپایەتیدا چ نەما لیی نەدوێین. من گەنجێکی گەرموگوڕ، کەللەپڕ، دەمهەراش و شایی بەخۆ، نوێنەری شۆڕش بووم، ئەو پیاوێکی ئارام و بەئەزموون، لەسەرەخۆو میهرەبان، لوتکەی کۆنەکێوێکی ئاگرپرژێن کە خۆڵەمێشی جەوری زەمانە سەر لاجانگ و پشت گوێی شینکی کردبوو، بەڵام تا بڵێی زانا لە هەموو بوارێکدا. لەبەردەم ئەو پیاوە خاکینەدا، لەخۆبایبوون، لەشەرما دەتوایەوە و من هەستم کرد بەشی ساڵێك و بەشی تەمەنێك توێشووم هەڵگرتووە.

لەدانیشتنەکەماندا، زۆر بەوردی و بەپەرۆشەوە دەنگوباسی شۆڕشی کوردستانی عێراق و رەفیقانی حیزبی دەپرسی. بە پرسیارەکاندا لێی گەیشتم لەمێژە دوورکەوتۆتەوە لەکاروبارو حاڵ و هەوای کوردستان و هەر وشەو وەڵام و زانیارییەکی منی وەك قومێك ئاوی سارد لە چلەی هاوین تا چۆڕەی ئاخر هەڵدەقوڕاند و دەگەشایەوەو دەحەسایەوە. هەر لەوی داوای لێکردم بینێرم بۆ کوردستان و بۆ ناو پێشمەرگە. تێم گەیاند کە خۆم دەسەڵاتی ئەو بڕیارەم نییە، بەڵام داواکارییەکەی دەگەیەنم. ئادرەسێکیشم پێدا کە جوابی نامەکەم بۆ بنێرێ تا بەڕێی بکەم. هەربۆیەش کاتێ وەڵام نامەکەم پێ گەیشت، دەمزانی چیی تێدایە.

چەرخی زەمانەو مەلەی ناو دەریای سیاسەت وای لیٚ هات کە هەر زۆری پێنەچوو من لەلایەن (کۆمیتەی حیزبی) و (یەکێتی خوێندکاران)

ەوە دەستنیشان کرام کە بڕۆم بۆ کوردستانی عێراق و گوزارشتێك هەم لەسەر شۆڕشە تازەکەی کوردستان و هەم لەسەر وەزعی ناوخۆی حیزبی دیموکرات بنووسم، چونکە لەناو شۆڕشەوە دەنگۆی ناتەبایی و لەحیزبیشەوە قسەو باسی بێ سەروبەرەییمان پێ دەگەیشت.

وەك سەعدی دەڵێ ((دامنابوو کاتێك گەیشتمە داری گوڵ ، کۆشێك گوڵ بێنمەوە بۆ دیاری یاران، هەر کە گەیشتمێ، بە بۆنی گوڵ وا سەرخۆش بووم، دەستم لەداوێنم بەربوو)). منیش بەپێی بڕیاری یاران لەتاران دەبوو دوای کوردستان بچمە ئورووپاو لەدامەزراندنی کۆمەڵەیەکی هاوبەشی هەموو ڕێکخراوە خوێندکارییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەشدارو نوێنەری خوێندکارانی کوردستانی ئێران بم، کەچی گەردەلولی سیاسەت و خەبات و پێشمەرگایەتی و گەنجایەتی تووڕی دامە ناو نێرینەی گێژاوەکە کە ئورووپا و یەکێتی خوێندکارانم هەر لەبیر نەما، بەڵام نامەکەی سەدیقی ئەنجیریم لەبیر نەچوو. زۆر بەوردی لەگەڵ سولەیمان باسی سەدیقمان دەکرد و زۆر زانیاریی دامێ: سەدیق چالاك بووە لەدەورەی جمهووری کوردستاندا و لە یەکیەتی لاوان و لەرۆژنامەوانیدا. سەدیق، وەك هەموو روناکبیرانی ئەو سەردەمە چەپێکی سەر بەتودە و پڕۆ سۆڤیەت بووە. لە تاران لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی چەپ و دیموکراتی ئێراندا هاوکاریی کردبوو. تێکەڵبوون لەگەل خەباتی سەراسەری، تا ڕادەیەك دووری خستبووە لە گیروگرفتەکانی کوردستان. سەدیق لەناو رووناکبیرانی ئێرانی خۆشەویست و بەڕێز بوو.

ئەمانەو زۆر شتی دیکەم لە سولەیمانی موعینی بیستبوو، نامەکەشمان بە یەکەوە خوێندەوە، خەتێکی خۆشی میرزایانەی شێوە



فارسی و تێکەڵێك لە ئیملای کوردی و فارسی. زمانێکی کوردی پاراو، بەڵام کەمێك کۆن کە گۆڕانکاری و گەشەسەندنەکانی پازدە بیست ساڵی دوایی پێوە دیار نەبوو...

شابەیتی نامەکەش داخوازی بوو بۆ هاتنە کوردستان و ناو ڕیزی پێشمەرگە. لەنامەکەدا رستەیەکی تێدا بوو کە من چونکە لەتارانەوە هاتبووم و زاراوەی تابەتی رووناکبیرانم دەزانی، زوو سەرنجم چووە سەری. نووسیبووی (( تەنیا ئاوهەوای ساف و کەژ و کۆی کوردەواری دەتوانێ رزگارم کا لە چنگ دێوی سپی)). من وای بۆ چووم کە ئالودەی هێرۆین بووە و دەیەوی لەدەستی راکا. کە بۆ سولەیمانم گێڕایەوە تێر گریا و بڕیاری دا تەرتیبی هاتنی بۆ بدا. ئەو تەرتیبدانە زیاتر لە ساڵێکی خایاند و تا سەدیق گەیشتە کوردستان من لە حبزبی دیموکراتدا نەمابووم.

...دووراودوور دەمبیست سەدیق بەوردی و ژیری خەریکی ریفۆرمە، یا باشتر بڵێم خەریکی بنیاتنانەوەی ئەو حیزبەیە کە دووبەرەکایەتی و نەخوێندەواری و ملهوڕی بەرۆکی گرتبوو. سەدیق نە گوێڕایەڵی سەرکردایەتییەکەی ئەحمەد تۆفیق بوو، نە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنیش کەوت. ..ناوەندی گرتبوو، بێ شەڕ و بێ کۆدیتا، بە کاوەخۆ دەیویست لەحیزبێکی چەکدارو زۆردارەوە بیکا بە حیزبێکی سیاسی و دیموکرات. ساڵەهای ساڵ کار لەتاران لەگەڵ حیزبی تودە ئەزموونێکی بەنرخی کاری تەشکیلاتی و نهێنکاریی پێ بەخشیبوو. هەر بۆیەش

سەدیق نە تەنیا لەگەڵ دیکتاتۆرییەتی ئەحمەد تۆفیق، بەڵکو لەگەڵ شۆڕشگێڕی و رادیکاڵیزمی سەردەمیش نەدەهاتەوە."[24]

ئەوە بوو لەساڵی ١٩٦٤و لەسەر داوای سەدیقی ئەنجیری خۆی، لەکارەکەی خانەنشین کراوو کاتێك لەسێپتەمبەری ئەو ساڵەدا هاتە باشووری کوردستان تەقریبەن ململانێی و دەستەبەندییەکانی نێو حیزبی دیموکرات بەقازانجی رێبەریی ئەحمەد تۆفیقدا کەوتەوەوو ئەوانەی بەناوی (کۆمەڵەی رزگاری کوردستان)و (کۆمیتەی ساخ کەرەوە) جیاببونەوە، کاریگەرییان تاڕادەیەکی زۆر کاڵ ببۆوە. دیارە رۆڵی مەلا مستەفا بارزانی لەپشتگیریکردنی ئەحمەد تۆفیق لەبەرامبەر نەیارە شەخسیی و فیکریی و حیزبییەکانیداو سەرکەوتنی لەو ململانێیەدا یەکلاکەرەوە بوو، بەڵام هێشتا حیزبی لەحاڵەتێکی ناکۆکیی و دووبەرەکییدا هێشتبۆوە، لەبەرامبەردا (مەکتەبی سیاسی) پارتی کەدوژمنی ئەحمەد تۆفیق بوون و پشتگیری نەیارانیشیان دەکرد، نەیانتوانی بەهۆی شکستییان لەبەرامبەر بارزانیدا، تاسەر بیانپارێزێن و لەناوچەکانی خۆیاندا رایانگرن و هاوکارو پاڵپشتیان بن.

بەم شێوەیە، لە١٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٤، لەگوندی (سونێ)ی داوێنی چیای (مامەندە)، کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەستی بەکارەکانی خۆی کرد، راپۆرتی رێبەرایەتی حیزب لەلایەن ئەحمەد تۆفیقەوە خوێندرایەوە، شایەنی

24 پاشکۆی ژمارە (١) لە : رۆژنامەی کوردستان مەهاباد ١٣٢٤–١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦)، ئامادەکردنی : رەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، سلێمانی ، بنکەی ژین،٢٠٠٧، ل ٣٣٤–٣٣٦.



باسە سەدیقی هەنجیری وەك رێکخەری دانیشتنەکان و بەسەر راگەیشتنی وەرگرتنی دەنگەکان و کۆکردنەوەیان لەکۆنگرە هەڵدەسوڕا، پاش تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرە لە٣٠ی تشرینی دووەمی ١٩٦٤، هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتەی چاودێری بەرز، سەدیقی هەنجیری بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا.

وێڕای ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان پاش کۆنگرەی دووهەمی چالاکییەکانی زیاتر پەرەیان سەندو سەردانی پێشمەرگە بۆ ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بایەخیان پێدرایەوەو خودی ئەحمەد تۆفیق چەند جەولەیەکی بەنێو گوندە سنورییەکاندا کرد، بەڵام ناتەبایی و ناکۆکییەکانی نێو رێبەرایەتی کۆتایی نەهات و سەرکردایەتی حیزبی لەحاڵەتێکی شل و شێواویدا هێشتبۆوە. سەدیقی هەنجیری کەدوای کۆنگرە ببوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، بەهاوکاریی چەند کادیرێکی رێبەرایەتی وەك سولەیمانی موعینی و حەمەدەمینی سیراجی هەر لەسەرەتاوە لەهەوڵی یەکخستنەوەی تواناکان و گێڕانەوەو ئاشتکردنەوەی پێشمەرگەو کادرە تۆراو و ناڕازییەکان بوو لەرێبەریی ئەحمەد تۆفیق، لەم رووەشەوە تاڕادەیەکی باش سەرکەوتنی بەدەستهێناو ئەندامە دەرکراوەکانی کۆمیتەی ساخ کەرەوەی وەك: سەعید کاوە، حەسەنی رستگار، مەلا ئاوارە گێڕرانەوەو کرانە مشاویری کۆمیتەی ناوەندی. مەسەلەیەکی وا کەئەحمەد تۆفیقی وا لێکرد هەست بکات کە بەناوی ئسولی حزبییەوە نەیارەکانی توانیویانە بەهۆی سدیقی ئەنجیرییەوە بێنەوە سەر شانۆو لەبەرەیەکدا لەبەرامبەر ئەودا بەرجەستەبن. هەر بۆیە ناوبراو دوای ئەوە لەگەڵ چەند

کادیرو پێشمەرگەی پەیوەست بەخۆی، چووە بنکەی شێخان و بەئامانجی کارکردن بۆ گەڕانەوەو چالاکی لەنێوخۆیی وڵات و خۆڕێکخستنەوەو خۆبەدوورگرتن لە نەیارە حیزبییەکانی لەکۆمیتەی ناوەندی هەڵسوڕا، بۆئەوەی پەرتەوازە بە بێ کاریگەریی بمێننەوەو نەتوانن بەشداریی لەبڕیارسازیی و تۆکمەکردنەوەی حزبدا بکەن و خۆبچەسپێنن. [25]

شایەنی باسە، دەرکەوتنەوەی جموجۆڵی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لەسەر سنورەکانی ئێران و ئەنجامدانی چەند چالاکییەك لەنێوچەکانی لاجان و مەنگوڕایەتی ڕژێمی شاهەنشاهی هاروژاند، ئەو ڕژێمەی کە لەڕێگای ساواك و بەقۆستنەوەی دزەکردنە نێو سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان و بەهۆی ئەو نفوزە زۆرو تۆڕە سیخوڕییە بەرفراوانەی دایانمەزراندبوو، ڕاستەوخۆ بۆ بنکۆڵکردنی حیزبی دیموکرات و لێدانی سەرکردایەتییەکی

[25] سەید ڕەسوڵی بابی گەورە سەبارەت بە دۆخەکەی ئەو سەردەمەو هاتنی خۆی بۆ باشووری کوردستان دەڵێت: " من لە چ کاتێك هاتم بۆ کوردستانی گەرمێنی و وەزعی نێوخۆی حیزب چ بوو و چۆن بوو؟ کۆنگرەی ٢ی حیزب گیرابوو، دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوون. کۆمیتەی چاودێری بەرزیش هەڵبژاردەی کۆنگرەبوو کە لەوێدا بێ ئەوەی من بۆ خۆم بەشداربم بۆ چاودێری بەرز هەڵبژێردرابوم. بەخەیال کۆمیتەیەك هەیە و دەفتەری سیاسیەك هەیە و ڕێگاو شوێنێك هەیە کە بەداخەوە بێجگە لە ناکۆکی و دووبەرەکی هەرکەس هەرکەس و شتێك بەناوی حیزبەوە نەبوو. هەر برادەرەش وەك بەرپرس دەگەڵ دەستەیەك ریچك کەوتبوو. جاروبار بەچەکەوە هاتوچۆی ئێرانێ دەکرا و لەوی دەستەیەك لەدژی دەستەیەك ئەوی دیکەی تاوانبار دەکردو ناوی نرابوو کاری حیزبی. ماوەی دوو سال دەگەڵ ئەو وەزعە پەرێشانە هەرچۆنێك بوو رامان بوارد، بەڵام تاڵ بوو، ناخۆش بوو. کەس کەسی قەبول نەبوو هەرکام بۆ لایەکی رادەکێشا. ئەحمەد تۆفیق سکرتێری حیزب بوو، زۆرتر بە هومێدی بارزانی، کە بەراست کاریشی بۆ کردبوو، تێکەوتبو کە بەداخەوە وەزعێك هاتبووە پێشێ کە بارزانی لەگەڵ ئێران دۆست بوو هەر لەو کاتەدا ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ سەدیقی هەنجیری و سولەیمانی موعینی ناڕێك بوو. هەرچەند دەستەیەك دەیان ویست کە سەدیقی هەنجیری دەبەرانبەر ئەحمەد تۆفیق پشت بگرن وەك هێزی موخالیف راستی بکەنەوەو کەڵکی لێ وەرگرن، بەلام زۆر بەداخەوە کاك سەدیقی هەنجیری دەگەڵ ئەوەشدا زۆر باسەواد بوو، کوڕی ئەو مەیدانە نەبوو دە دنیای خەیاڵاتدا دەژیا. بڕوانە:
http://shehid.com/zede.php?id=2641



کەوتنە کار. لەلایەکەوە فشاریان خستە سەر مەلا مستەفا کە ئەحمەد تۆفیق بۆ ناوچەی (کانی ماسی) بەرواری باڵا لەنزیك سنوری تورکیا دووربخاتەوە. لەلایەکی تریشەوە کەوتنە راوکردنی هێندێك لەکادێرەکانی حیزب و داوایان لەلێپرسراوانی شۆڕش دەکرد، تەحویلیان بدەنەوە، ئەو لێپرسراو و فەرماندانەی شۆڕش کەهێندێکیان بەئاشکراو بەبەرچاوی سەرکردایەتیی شۆڕشەوە، ببونە کەواسووری پێش ساواك و لێرەو لەوێ ئەندامانی حیزبی دیموکراتیان بۆ راودەکردن و تەسلیم بەئێرانیان دەکردنەوە. شایەنی باسە زۆر بەسەر دوورخستنەوەی ئەحمەد تۆفیق بۆکانی ماسی تێنەپەڕیبوو کەپیلانێك بۆ تەحویلدانەوەی ناوبراو بەساواك لەلایەن مەلا مستەفاوە پووچەڵ کرایەوە، پاش ئەوەی فەرماندەیەکی بارزانی کەدۆستی ئەحمەد تۆفیق بوو، مەلا مستەفای لەو پیلانە ئاگادار کردبۆوە. دیارە لەنێو سەرکردایەتی شۆڕشیش، بەتایبەت لە نێو مەکتەبی تەنفیزی و عەسکەری پارتیدا، کەسانێکی دەستڕۆیشتوو هەبوون کە دژی ئەحمەد تۆفیق و نزیکایەتیی ئەو بوون لە مەلا مستەفاو هەوڵی تێکدانی ئەو پەیوەندییەو کارشکێنیان لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق دەداو پیلانیان لێ دەگێڕا.


دروست لەکۆتایی مانگی نیسانی ١٩٦٦ و چەند ڕۆژێکی کەم پێش شەڕە بەناوبانگەکەی (هەندرێن)، سەدیقی هەنجیری و سەعید کاوە کەئەوکات پێکەوەو نزیکەی چەند مانگێك بوو، لەگوندی (دەربەند)ی باڵەکایەتی لەدۆڵێکدا خانۆچکەیەکی هاوینەییان گرتبوو تێیدا دەژیان، سەردانی گوندی (لێوژە) دەکەن و پاشان دەچنە ماڵی (خالیدی حیسامی /هێدی شاعیر) لەمامە رووت. سەدیقی هەنجیری بەمەبەستی مانەوەو دیتنی مەلا مستەفا بارزانی، سەعید کاوە دەنێرێتەوە دەربەندو خۆی لەماڵی حیسامی دەمێنێتەوە. ئیتر لێرەوە کەس سەدیقی هەنجیری نەدیتەوەو بێسەروشوێن کرا.

## باسی دووەم : چەند تێکستێکی مێژوویی سەبارەت بە دۆخی بێسەروشوێنکردنی سەدیقی ئەنجیری

لەم باسەدا، هەوڵدەدەین بەمەبەستی روونکردنەوەی ئەو بارودۆخەی تێیدا تاوانی بێسەروشوێنکردنی سەدیقی ئەنجیری روویداوە، چەند تێکستێك لە بیرەوەریی و گێڕانەوەی ئەو شایەتحاڵ و کەسایەتییانەوە رابگوێزین کەلەو ماوەیەدا لەبێسەروشوێنکراوەکە نزیك بوون یان پەیوەندییان پێوەی هەبووە یانیش بەجۆرێك دەتوانن لەشیکردنەوەی ئاکامگیریی و دوا سەرنج سەبارەت بەم تاوانە مێژووییە یارمەتیدەرمان بن، چونکە پایەیەکی سەرەکی بۆ گەڕان بەدوای تاوانکارە نادیارەکاندا بریتیە لە گوێگرتن و وردبوونەوە و پشکنینی قسەو لێدوان و بۆچوونی ئەو شایەتحاڵ و کەسانەی کە لە قوربانییەکەوە نزیك بوون، هەتاکو زەمینەی گشتیی دۆخی ئەنجامدانی تاوانەکەمان لا ئاشکرا تر بێ. هەر بۆیە وەك لای خوارەوە ریزبەندیان دەکەین و وتەو دانپێدانانەکانیان تۆمار دەکەین:



### شایەتی یەکەم: عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی یان هەژار موکریانی




: (کوردێکی سابڵاغی بەناوی (سدیق ئەنجیری) ماوەیەك بوو لەتارانەوە (دەربەند)... تاریفی خوێندەواریو زاناییان دەکرد، پیاوێکی هێدیو هێمنو لەسەرخۆ بوو. لەو سەردەمانەدا کەئەحمەد دوورخرابۆوە بۆ سنوری تورکیاو ئێمە لە (لێوژە) بووین، رۆژێك لەگەڵ سەعید ناوێك (کە بەچاوێك بوو) بونە میوانی بنکەکەمان. پازدە رۆژ مانەوە. رۆژانە خۆی سەعید دەچوونە دەری دێ، بۆ جەمی نیوەڕۆو شەو دەهاتنەوەو تەواو هۆگری سدیق ببوین. چەند جارێك لەمەکتەبی سیاسیەوە– کەزۆرمان لێ نزیك بوو– خەبەریان داینێ کەئێرانی ناوی ئەویان پرسیوە، باڵەو نزیکە نەمێنێ. سامیو من حاشامان کردو جوابمان نەدانەوە. رۆژێك دەبوایە دوو رۆژنامەنووسو فیلم بەرداری ئەڵەمانی بێنە لامان لەلێوژە. کاك سامی بەسدیقی گوت: (ئەمرۆ مەچنە ئەو سەکۆیەی ناودارانە کەهەموو رۆژ لەوێ دادەنیشن. چونکە نازانین کێ لەگەڵ ئەو ئەڵەمانیانە دێ، لەوانەیە جاسوسی ئێرانی دەگەڵیان کەوتبێ). سەدیق لەو قسەیە ناڕەحەت بوو، گوتی: (دیارە دەتەوێ رام نەگری). ئیتر بێ خواحافیزی کردن لەگەڵ سەعیدە کوێر رۆیشتن. چوینە جێگەی رادیۆ لە (گردێم)، ببونە میوانی (خالیداغای حیسامی) گوتبووی هێلکەی هەیە چۆنی

دروست کەین؟ سدیق گوتبوی: (دەچم لەو دەم چەمە پنگە دێنم، کوکی دروست ئەکەین). ئیتر ئەو روینە بوو نەهاتەوەو بێ سەرو شوێن چوو، کەس خەبەری نەزانی."[٢٦]

### شایەتی دووەم : خدر مەرەسەنە



" رۆژێك کاك سەدیق ئەنجیری لەگەڵ کاك فایەق هاتنە قەلادزە، منیش کە لەتاران میوانی کاك سدیق ببوم یەکترمان دەناسی، دەبوو میوانداریيەکی فەقیرانەیان بۆ بکەم، بە بۆنەی ئەو دانیشتنەوە کاك مەلا رەسول پیشنمازو چەند هاورێیەکی تریشم بۆ دڵخۆشی ئەوان بانگ کردن لەدەوری یەك کۆبوینەوە. باسی کردەوەکانی کاك ئەحمەد تۆفیقمان بۆ کاك سدیق گێڕایەوە کە بەرامبەر ئەندامانی حزب ئەنجامی دابوو. کاك سدیق زۆری رەخنە لەکاك فایق گرت کە لەو ئاستەدا

[26] چێشتی مجێور، چاپی یەکەم، پاریس، ١٩٩٧، ل ٤٩٠-٤٩١.



هاوکاری کاك ئەحمەدی کردوە. کاك فایق ئەوەندە نارەحەت بوو کە گورگور ئاوی بەچاوان دا دەهاتە خوارو گوتی" شەرمەندەی هەموو ئەندامانی حزبم کە نەمتوانیوە وەك ئەندامێکی حیزب دیفاع لە ئەوان بکەم، ئێستا لۆمەی خۆم دەکەم کە شەریکی ئەو تاوانەم کە ئەحمەد تۆفیق دەرهەق بە ئەندامانی حیزب ئەنجامی داون". ئیتر لەوکاتەوە کام فایق بۆچوونەکانی گۆڕانیان بەسەردا هات، بەڵام بەکردەوە حاز نەبوودەگەڵ کاك ئەحمەد بیپسێنێ، چونکە کاك ئەحمەد بەهۆی ئەوەی کە بارزانی پشتیوانی لێدەکرد، دەسەڵاتی یەکەم بوو لە حزبداو کاك فایقیش لە کاك ئەحمەد دەترسا، بۆ زۆر کاری خراپیش کە هاوکاری کاك ئەحمەدی دەکرد هەر لەبەر ترسان بوو...نەمر سدیقی ئەنجیری زۆریشی هەوڵدەدا کە ناکۆکییەکانی نێوان ئەندامانی حزب و کاك ئەحمەد چارەسەر بکات و هەموو ئەندامانی حزب لەریزەکانی دیموکراتدا کۆبکاتەوە، کە بەداخەوە لەو کارەیدا سەرکەوتوو نەبوو، دواتریش وەك باس دەکرا گۆیا هەر بەپلانی کاك ئەحمەد لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە بە پلانی ساواك شەهید کراو قاتڵەکەی سەید حەسەنی برازای ئەحمەد تۆفیق بوو، خۆی تەسلیم بەرژێمی ئێران کردەوە."[٢٧]

[27] ئاوێنەی راستیەکان ، ل ٦٤-٦٥.

## شایەتی سێیەم : حەمەدەمینی سیراجی



" شەهید سدیق لەساڵی ١٩٦٤ چوە کوردستانی عێراق و لەو کاتەدا ئەحمەدی پێ فیدڵ کاستڕۆیەك بوو. لەکۆنگرەی دوو بە ئەندامی رابەری هەڵبژێردراو بۆ وتووێژ بە مەبەستی یەکگرتنەوە لەگەڵ شەهید سولەیمان و شەهید نوح پاشایی. کاك ئەمیری قازی و رەشە لەلایەن کۆنگرەوە دیاری کران ، پاش وتووێژو رێکەوتن لەسەر چەند خاڵ دەستەی نوێنەرایەتی بەگشتی و شەهید سولەیمان و کاك سەدیق بەتایبەتی کەوتنە بەر پلارو هێرشی ئەحمەدەوە، شەهید سولەیمان و کاك سەدیق و نحۆ لێی دوورکەوتنەوە بۆ لای ئێمە قۆڵی پێشکەوتووی



حیزب هاتن. ئەحمەد وەك تووڕەیی و زیزبوون ئیستیعفای کرد، هێندێ لایەنگرانی لەگەل خۆی هەڵگرت و بنکەی شێخانی لەنزیك دەربەندی باڵەکایەتی کردە ناوەندی کاروباری خۆی. مەودای نێوان دۆستەکانی دوێنێی ئەحمەدو بەرهەڵستکارەکانی ئەوڕۆی هەر لە زیادیی دەدا، راست لەو کاتەدا بەرەو کانی ماسی دوور خرایەوە.

ئێمە هەوڵی بەستنی کۆنفرانسێکمان دەدا کە دەسەڵاتی کۆنگرەی پێ بدرێ و سەورلەنوێ رابەری هەڵبژێرێتەوە کاك سەدیق لەلایەك لەو هەوڵەدا بوو و پەیوەندی بەرابەری  پارتیەوە دەگرت (حەبیب محەمەد کەریم) و، لەلای تر نەخشەی پەیوەندی سازکردنەوەی لەگەڵ دۆست و ناسیارەکانی ناوخۆی وڵات هەبوو.

دوای دوورخستنەوەی ئەحمەد، بنکەی شێخان بەکردەوە هی لایەنگرانی ئەحمەد بوو. لەناوخۆی وڵاتیش (مراد) و چەند نوێنەری ئەحمەد تۆفیق بەتایبەتی لە لاجان خەریکی کۆکردنەوەی یارمەتی بوون و هەڕەشەیان لەم و لەو دەکرد. ( سوارە سەکر) یەکێك لەو کەسانە بوو کە لەو پەیوەندییەدا دەهات و دەچوو، تفەنگ و تەقەمەنیش لەبنکەی شێخانەوە دابین دەبوو، گۆیا کاك سەدیق ئەم مەسەلەیەی لەلای (سەدیق ئەفەندی) و (فەڕانسو) درکاندوەو هەر لەبەر ئەوەش سوارە سەکر گیراوەو دراوەتەوە بەئێران.

ئەو کارە بەگوێی ئەحمەد دەگاتەوەو تەندوری تووڕەیی دەهاروژێنێ و بڕیاری کوشتنی دەدا. حەسەنی برازای ئەحمەد جێبەجێکردنی ئەو کارەی دەخرێتە ئەستۆ.

لەهاوینی ١٩٦٦ تەنیا سی رۆژ دوای ئەوە کە لە لێوژە بە یەکەوە لەگەڵ کاك سەدیق و کالارو مەلا سەید رەحمان و سەعید نانی

نیوەڕۆمان خوارد و ئەو بۆ دیتنی حەبیب بەرەو قەسرێ، جێگای رادیۆی شۆڕش چووبوو بەدەنگۆ کە کاك سەدیق نانی نیوەرۆی بەجێهێشتووەو نەگەڕاوەتەوە، ماویەکی زۆر شایعەی سەیر سەیر لەم بارەوە بڵاودەکرایەوە. پەیگیری و دواکەوتن بە دوای ئەو رووداوەدا نیشانی دا دوای ئەوەی حەسەنی برازای ئەحمەد تۆفیق لە جەماعەتی رادیۆی شۆڕش دووری خستۆتەوە و بەرەو (وەسان) هەڵکشاون ئیتر سەدیق بەزیندویی نەبینراوەتەوە، حەسەن گۆیا حاصل و محەمەد حەرەس و دوو کەسی تریشی لەگەڵ بووە.

کاك هەژار ئەگەر لەبیری مابێ و حاشای لێ نەکا خۆیساڵی ١٩٧١ باسی چاوپێکەوتن و هەڕەشەو گوڕەشەی ئەحمەدی کرد کە ئەگەر وابێ و وابکرێ وەك سەدیقی کە (تۆپاندویەتی) بەرهەڵستکارانی تریشی دەتۆپێنێ، چەند مانگ دوای بێ شوێن بوونی کاك سەدیق برادەرانی (حشع) لاشەیەکی سەربڕاویان لە چەم دۆزیبۆوە کە پێیان وابوو دەبێ کاك سەدیق بێ."[٢٨]

[28] بڕوانە : کەریمی حیسامی، لەبیرەوەرییەکانم ١٩٧٠–١٩٧٥، بەرگی چوارەم، ستوکهۆڵم، ١٩٩٠، ل ٦–٧.



## شایەتی چوارەم : مەلا رەسووڵ پێش نماز



مەلا رەسووڵ پێش نماز لە بیرەوەرییەکانیدا لەژێر ناونیشانی " یادێك لەشەهید سەدیقی هەنجیری" دا دەڵێت:

" رۆژێك لەبازاڕی قەلادزە وتیان، سولەیمان لێت گەڕاوە کەوتمە دۆزینەوەیو دوای چاك و چۆنی وتی، سەدیقی هەنجیریم هێناوەو لەو ماوەیەدا زۆری پەرێشانەو بیرهاڵۆزی بۆ هێناوەو پێشی خۆشە زۆر کەس لە ئێوە ببینێ چونکە سەدیق مرۆڤێکی باش و زاناو خاوەن رابردوە لەمێژە مەشروب و شتی وای نەخواردۆتەوە دەبێت جێگایەك کە ماڵ و منداڵی لێ نەبێ بدۆزیەوەو چەند شەوێك بەدەوری یەکەوە بین. ئەو کات قادری مامەند ئاغای نوورەدین وابزانم لەقەڵادزە

دەیخوێند یا هەرماڵی لەوی بوو، چووم و کلیلەکانم لێ وەرگرتو وتم شەو لەماڵەی کەی تۆ کۆبوونەوەمان هەیە. شەوی یەکەم لەو ماڵە سەدیق و سولەیمان و مینەی سیراجی و سەید حەسەن بەبەر مەشروب خواردنەوە زۆرمان سیاسەت کردو چەندجار سەدیق لە چەککردن و بێزارییەکانی ئێمە کە لەو ماوەیەدا لەگەڵمان قسەی دەکرد، هەموو جاریش سولەیمانم دەکردە شاهید ئەویش نەیدەوت وایە، چونکە ئەوەی راست با ئەوەم دەوت ، دوو سێ جار لەگەڵ جنێودان بە ئەحمەد تۆفیق یەك دوو جنێویش راهێش حەواڵەی سولەیمان دەکردهەر زوو رووی لە سولەیمان دەکردو دەیوت: سولەیمان پێم ناڵێی تۆو ئەحمەد تۆفیق کێن کە بەدەستی بارزانی برادەری خۆتان بە چەك کردن دەدەن ، لەسەر کێشەی خۆتان بارزانیتان تێوەرداوەکوا ئەوە کاری سیاسیە ئێوە کردووتانە. لەجیاتی ئەوەی لەناوجەرگەی وڵات کاری رێکخراوەیی و نهێنی بکەن هاتون لێرە خۆتان کردۆتە قوڵەچماغی مەلا مستەفاو ئەویشتان لەگەڵ خۆتان تووشی کێشە کردوە لەگەڵ ئەو هەموو گرفتاریەی کە هەیەتی، یەك دوو وردە نامەردو ناپیاویشی پێوتن و ئەو شەوەمان ئاوا گوزەرانو ئەو بۆ خەوتن چوو بۆ لای مینەی سیراجی و شەریف زادەو سالار کە پێکەوە دەژیان لەولای ماڵی ئێمە، من و سولەیمان و سەید حەسەنیش هاتینەوە ماڵی ئێمە. بۆ بەیانی سولەیمان وتی: ئەدی ئەمشەو لەکوێ بین وتم: جێگایەك هەر دەدۆزمەوە بەڵام داوای لێمکرد زۆر باسی شتی رابردوو نەکەم چونکە ئەو پیاوە دەماری کوتراوە ئەوەندە لەوبارانەوە قسەکراوە، هێندە قسەی لەگەڵ مەکە چونکە زۆر هەستیار پاکە، تووشی پەرێشانی دەبێت.



حەمەی حاجی سەعیدی سەردەشتی کۆنە برادەرم کە ئێستا لە سویدەو بە جەمال ناوی دەرکردوە، ئەو کات لە کۆڵانێکی سەر بازاڕی قەڵادزە لەماڵێك ژوورێکی گرتبوو کاسپی دەکرد، لەبەر سووربوون لەحیزبی تودە نەبێت لە هیچ حیزبێکدا نەدەحاواوە...پاش ماوەیەك دۆزیمەوەو پێموت، شتێك هەیە پێتی دەڵێم بەڵام لای کەس باسی مەکە وتی : سەرچاو، وتم: تۆ هەرگیز ناوی سەدیق هەنجیریت بیستوە؟ وتی: ئەرێ وەڵڵا رادەمەنیش زۆرجار باسی کردووە، ئەو دەم رادەمەنیش سکرتێری حیزبی توودە بوو، وتم جا ئەو شەو ئەو سولەیمانی موعینی و چەند کەسی دیکە دێنم بۆ ماڵی ئێوە هەم تۆزێك دەخۆینەوەو هەم باسی سیاسیش دەکەین. هێندەی پێخۆش بوو باوەڕی نەدەکرد...ئەوانەی شەو پێشوو لەگەڵ سمایلی شەریف زادەو سالاری حەیدەری لەو ماڵە کۆبووینەوە، هێشتا دەستمان پێ نەکردبووپەنجەرەیەکی چکۆلە هەبوو بەسەر حەسارەوە بوو، ماڵی خاوەن ماڵیش لەو حەسارەدا بوون پەردێکی پێدا بەردابووەوە لەبەر ئەوەی ئەوکات لە قەڵادزەو ئەو ناوە خواردنەوە زۆر کارێکی نالەبار بوو، پارێزی کردبوو نەمکا لە حەوشە بمانبینن، یەکسەر سەدیق وتی مەلا رەسوڵ ئەو کابرایە بۆ ئێمە رەنگ کردوە؟ زۆرم پێ سەیر بوو هیچ کوێمان رەنگی پێوە نەبوو،وتم: سەدیق رەنگی چی؟ وتی، ئەدی ئەو پەردەیەی بۆ دادوەتەوە بەهەزار حاڵ لێرە ئەو جۆرە کارانە جێگە لۆمەو سەرکۆنەیەو جوان نییە بمانبینن کە ئێمە دەخۆینەوە دوایی ئەو برادەرە دەردەکەن، باس دامەزرایەوەو کێشەیەکی کۆنگرەو ئەحمەد تۆفیق و زۆر شتی تر، لەو ناوەشدا یەك دوو جاری دیکە لەلایەن کاك سەدیقەوە هێرش کرایەوە سەر کاك سولەیمان، لەو کاتەدا خاوەن ماڵ

لێوانی هەڵگرت و بە سلامەتی هەرچی کۆمۆنیستە دەستی پێکردو کاک سەدیق جنێوێکی خەستی حەواڵە کردو دیار بوو کاری دەرەوەی هەبوو ، جەمالی خاوەن ماڵ لەگەڵی چوو زۆری پێ نەچوو بە پرتەو بۆڵە وەژوور کەوتنەوە، لەوی جەمال دەڵێ لەبەر ئەو برادەرانە پێم باش نەبوو پێت بڵێم رادەمەنیش زۆر باسی زانایی و فیداکاری تۆی کرد، ئەویش دەڵێت بە گۆڕی بابی خۆت و رادەمەنیشەوە ئەدی ئەگەر راست دەکەیت بۆ لای برادەران قسە ناکەی مەگەر ئەوانە بڕوایان بە تۆ نەکردوە، بە کورتی بەوجۆرە بەبۆڵەبۆڵ هاتنە ژوورو یەکسەر سەدیق وتی، سەدیق ئەگەر دەزانی ئەو کابرایە ئاوای پیاوی رادەمەنیشەو تودەییە بۆ منت هێناوەوتە ئێرە ؟ ئیتر بە هەموومان بۆمان بێدەنگ نەدەبوو هەتا خاوەن ماڵ زیاتر دەپاڕاوە ئەو زۆرتر قسەی پێ دەوت و زیاتری لەسەر دەڕۆیشت ئەو شەوەشمان بە لەزەوقدان و بێ رێزییکردن بەو خاوەن ماڵە بەڕواڵەت کۆمۆنیستە بردەسەر.

شەوی دواتر خدر مەرەسەنەماڵێکی رەبەنانەی لە گەڕەکی مام قاسم هەبوو چووینە ئەوێ، هەر ئەو کۆمەڵە کەسە باسمان دامەزراند و دیسان لەسەر ئەو بەزمانەی ئەحمەدو وەڕستکردنی ئێمە بەردەوام بوو منیش هەر ئەوەندە وتم، بیۆرژدانییەو ئەحمەد تۆفیق لەمە بەولاوە ترە کە ئێستا ئێمە قسەی لەسەر دەکەین، ئەگینا با ئێمە ناکۆکیمان هەبێ، چۆن دەبێت دوای چەککردنمان بەدەستی بارزانی ئەحمەد تۆفیق بەخەڵك بڵێ نابێ رایانگرن، بۆ نموونە، عەبدوڵڵای مامە لاوە ژورێکی دابوو بە ئێمە بە خۆڕایی، پازدە کەس بە یەکەوە دەژیاین و بەهەمووشمان دوو دینارمان نەبوو بۆ تێچوون، کەچی ئەحمەد تۆفیق بەزمی بەو کابرایە گرتبوو دەبێت دەریانکەی چونکە لەگەڵ ئێمە



نەماون. هەرواموت، بەجنێودان لەسولەیمان بەربوو هەرچی بەسەر زمانیدا هات پێیوت و هەتا نیوەشەو جیابوونەوەمان وەك خۆی لێنەهاتەوە بۆمان و بەدوای ئەو شەودانیشتنەدا، زۆر کۆبوونەوەی بەشدار لەکۆنگرەدا وردەوردە ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە هێندێك بەبەرگری لە ئێمەو دژایەتی لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق دەست بەکار بوو، سولەیمانیش پاشان راشکاوانەتر قسەی دەکردو ئەو خۆپاراستنەی پێشووی نەمابوو، بۆ ماوەیەکی چاك دەستیان بەکاری خۆرێکخستنەوەو پەیوەندی بە برادەرانی ناڕازییەوە کردو بە سێ لق دابەش بوون، سولەیمان بەرپرسی لقی سێ بوو. بەشی زۆری کادرەکان و پێشمەرگەکان لە دەوری ئەو کۆبونەوەو گۆڤارێکی دەرکرد بەناوی رۆژ، وابزانم چەند ژمارەیەکی لێ بڵاوبۆوە، من زۆرتر پەیوەندیم بەوەوە هەبوو بەبەردەوام ئاگامان لەیەك بوو، دەستەی نیشاندانی نیازپاکیی لەگەڵ من و حەسەنی رستگارو مامەندی قازی دانیشتن رازییان کردین کە لەگەڵیان کاربکەین و لەو ماوەیەشدا ئەحمەد تۆفیق وەك سەرلێشێواوی لێهاتبوو، لەلایەك بەهیچ جۆرێ رازی بەشێوەکاری بەکۆمەڵ نەزم و نیزام نەبوو، لەلایەك وازی پێ لە بارزانی و کارەکانی ئەو نەدەهێنرا، لەلایەکی ترەوە بارزانی کە مەکتەبی سیاسی بەرەو ئێران و هەمەدان راونابوو بۆخۆی بەرە بەرە پەیوەندی زیاتری لەگەڵ رژێمی ئێران پێك هێنابوو وەك جاران نەیتوانی ئەحمەدو برادەرانی لەخۆی کۆکاتەوە نە ئەو کارەی پێشوو بەو برادەرانە مابوو لەوکاتەدا...

" ساڵی ١٩٦٦ ساڵێکی گەلێك ناخۆش و نادیارو پڕ لە سەرلێشێواوی بوو رۆژ نەبوو لەلایەن دەزگای پاراستنەوە بەهانە بە یەك بە یەکی ئێمە

**نەگرن، بێجگە لە ئەمیری قازیو سەید ڕەسووڵی بابی گەورەو هەژاری شاعیرو خالید ئاغای حیسامی لەگەل چەند پێشمەرگە کە خۆیان دەکاتریان وەردابوو باسێکیان لەحیزبی دیموکرات و ڕژێمی ئێران نەدەکرد، ئەوانی دیکە هەر لەسولەیمانی موعینیەوە هەتا ئەو کەسانەی لەگەڵی بوون هەتا حەسەنی ڕستگارو مینەی سیراجی و شەریف زادە و سالاری حەیدەری و مەلا محەمەدی خدری و سەعید کاوەو بۆ خۆمو زۆری دیکە، هەموو لەژێر چاودێری و غەزەبی پاراستندا بووین. بەڕاستی و بێ هیچ تێڕوانینێك سێبەری سازمانی ئەمنیەت کە ڕاستەوخۆ دوژمنی ئێمە بوو زۆر لە هی بەشی پاراستن باشتر بوون، چونکە هی سازمانی ئەمنیەت چاوەڕوانکراو بوو، مافی خۆیان بوو هەرچیەکیان لەگەڵ ئێمە بکردایە، بەڵام بۆ بەشی پاراستن و ئەوانەی لەژێرەوە خۆیان دۆڕاندبوو لەناو شۆڕش دا چاوەڕوان نەکراو بوو، یەکەم جاریش بوو لەلایەن کوردی پارچەیەکی دیکەوە ئاوا گوشار بۆ تێکۆشەرانی بەشێکی تر بێنن بەو مەرجەی پەنایان بۆ ئەوان هێناوەو بەگیان و بەدڵیش سەردەمێکی دوورو درێژ چییان لەدەست هاتووە بەرانوێ بەوان لە چوونە شەڕو فیداکارییەوە کردوویانە هەتا پیتاك کۆکردنەوەو هەرچی لەتوانایاندا بووبێ، ئەو تین بۆهێنان و ئازاردانە ژاری گەیاندە گرتن و ڕاهێشتکردنەوە، بۆ نمونە لەگەڵاڵە مونتەقیمی قازی گیراو لەهێزی خەبات کە عەبدولوەهاب فەرماندەی هێزی بوو مەلا ڕەحیمی وێردی ئەندامی کۆمیتەی مەرکەزی کە مەلایەکی ڕۆحانی تێکۆشەر بوو لەگەڵ چەند کەسی دیکە گیران و کوژران و تەرمەکەیان درایەوە بە ڕژێمی شا و ئەو کێشەیە وایکرد تەواوی ئێمەی هارووژاندو لەسەر هەست کرد، من کە ماڵم لە هێرۆی**



**پشدەر بوو و بەحیساب وازم لەکاری سیاسی هێنابوو، چەند جار عەبدوڵڵا ئاکۆو پێشمەرگەی دیکەیان ناردن بۆ گرتنم، یان هێنانە خوارەوەم، بەڵام خەڵکی هێرۆو حاجی مەحمود ئاغا نەیانهێشت و ڕزگاریان کردم، لەو کاتەدا نامەیەك بۆ سولەیمانی موعینی دەچێ داوای لێدەکەن بچێتە باڵەکایەتی و مەکتەبی سیاسی و ئەویش هەواڵ بۆ لای مەکتەبی سیاسی دەنێرێت و ئەوانیش لە وەڵامدا دەڵێن ئێمە داوامان نەکردووە لەوانەیە ئیدریس بەناوی ئێمەوە ئەو نامەیەی نوسیبێ، ئیتر بە خۆی و برادەرانەوە بۆ خۆپەنادان و دوور کەوتنەوە لەمەترسی ڕاهێشتکردنەوە بەرەو لای سونێ دەکەوێتە ڕێ ...کە تازە سەدیق هەنجیری بێ سەروشوێن کرابوو."[29]**

[29] سەربردەی ژیانم ، پێداچوونەوەی: بەختیار ، بەشی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠١٢، ل ١٧٠–١٧٣، ١٨٢.

## شایەتی پێنجەم : ئەمیر قازی



" دژایــەتی و نــاڕازیبوونی خــۆم دەگــەڵ بەیاننامــەو بڕیارەکــانی کـۆنگرە...لەنامەیـەکی چـەند دێڕیـدا نووسـی و وەك هەڵوێـست دامـە دەست کاك ئەحمەد تۆفیق کە بەیەکەوە لەگەڵ کاك سدیق دانیشتبوون و خەریکی چەپەو راستەی نووسراوەکانی لەمەڕ کۆنگرە بوون. داواشم کردبـوو کـە هـەم بەیاننامـەو هـەم بڕیارنامـەکان جـارێ رابگیرێـن ، چـی دیکـە بـڵاو نەکرێتـەوە تـا کۆمیتـەی نـاوەنی کۆدەبێتـەوە و بەکێـشەکە رادەگا.

کـاك ئەحمـەد هەڵوێـست نامەکـەی مـنی خوێنـدەوە بـە عـادەتی خـۆی کەمێك مات بووپاشان گوتی: ئەوەی لە بەیاننامەکەدا لەسەر کۆماری کوردستان و رێبەرانی کۆمار نووسراونەوە، دەقی ئەو هەڵسەنگاندنانە نین کە لەکۆنگرەدا لێدوان و نەتیجەگیریان لەسەر کراوە، کاك سدیق کە



مەنشی و نوتهەڵگر بووەلە کۆنگرەدا دەستی بردوتێ و وای لێ کـردووە کە ئێستا هەیە.

کاك سدیق ئینکاری کرد کە دەستی بردبێتێ و گـوتی: نـەس و دەقی بەرهەمگیری باسەکانی کۆنگرەیە" وایـەو وانییە لەنێوانیاندا دەهات و دەچوو لەو بەینەدا منیش چوومە نێو کێشەکە و گوتم: ئەگەر وابێ کاك سدیق خەریکە وردە حیسابی کـۆنی خـۆی کە دەگەڕێتـەوە بـۆ زەمـانی کۆمار، کە لەدڵدا تـا ئـەوڕۆ هـەر راگرتـووە کـە دەیـەوێ لەسـەر کـۆنگرەو حیزبـی دێموکرات پـاکی بکا." دانیشتنکە بەناخۆشـی تێکچوو، بەڵام گوترا با لەکۆبوونەوەی بەرینی کۆمیتەی ناوەندیدا، باسەکە بکرێتـەوە، هاوکات بەیاننامەکەش بڵاو نەبێتەوەو جارێ رابگیرێ.

رۆژی دیاریکراو لەدێی دێلوێ لەدیوەخانی "حەمەدی کاخدری" یادی بـەخێر، کۆبوونـەوەی هـەرواوی کۆمیتـەی ناوەندی بەبەشداری جێگـرو چـاودێرەکان پێکهـات...هـەر لـەنێو سـەعاتی هـەوەڵی کۆبوونەوەکـەدا، ناکۆکی و خیلاف لەنێوان کاك ئەحمەد و کاك سدیق ساز بوو، هـەر کـام ئـەوی دیکـەی بـە دەسـتێوەردان و کەیفـەی خـۆی لـە نووسـراوەکاندا تاوانبار دەکرد.[30] لەبەینی قسەاندا کاك سدیق بەکاك ئەحمەدی گـوت: " تۆ درۆ دەکەی!".

گوتنێکی ئەوتۆ ناخۆش، کاك ئەحمەدی تووڕە کرد، لێـی هەسـتا سـەر چـۆك، ئـەوەی نـە شـایەد و نـە بایـەدە، لـەزاری هاتـە دەر، بەچەشـنێك

[30] بەگوێرەی راپۆرتێکی ساواك، سەدیقی ئەنجیری رێکخەری دانیشتنەکانی کۆنگرەو رێکخەری پەیڕەوی نێوخۆ و بەرنامەی حیزب بووە،
بڕوانە: چپ در ایران ، از ساواك استان اربایجان غربی به تیمسار ریاست سازمان و کشور، عنوان: درباره سالار حیدری ، تاریخ: ٤٦/٤/٢٢، شماره: ٢٠٦٢/ه، ل ٤١٧.

مەجبوور مام لەسەر حورمەتگرتنی کۆبوونەوەکە، بەدەم کاك ئەحمەد دابێمەوە...کاك ئەحمەد دەستی دا قەڵەم و کاغەزی خۆی و ژوورەکەی بەجێهێشت، کۆبوونەوە بەوەندە کۆتایی هات و دواتریش تازە هیچ جاری دیکە، کاك ئەحمەد لەدانیشتنەکاندا، بەشداری نەکردەوە...

رۆژێك لە رۆژگار، نامەیەکی کاك ئەحمەد بۆ کۆمیتەی ناوەندی هات دە نامەکەیدا نووسیبووی کە لە دەروون و لەناوخۆیدا ماندووە بەخۆی و بەجەماعەتەوە ، مەبەستی لە دەستە پێشمەرگەکانی جەبهەی دەربەندی رانیە بوو بەرەو قەندیل دەچێ، لەوی ماوەیەك ئیسراحەت دەکا، با کۆمیتەی ناوەندی شەش مانگ ئیسراحەت و پشووی بۆ دابنێ، لەو ماوەیەشدا بۆ پەیوەندی خۆی دەگەڵ کۆمیتەی ناوەندی کاك سدیقی! پێشنیار کردبوو وەك رابیت و پەیوەندیدار لەبەینی وی و کۆمیتەی ناوەندیدا.

چار نەبوو داواکارییەکەی قبوڵ کراو، کاك سدیق بوو بە پێوەندیدار، یەك دوو جاران چووە قەندیل و دیداری کاك ئەحمەدی کرد. وا دیار بوو کاك ئەحمەد زێتر هەر لە کاك فایەق و نووسرەی ئەو یاداشتانە دڵئێشە، کە کاتی خۆی لە لەکۆبوونەوەی گوندی دێلۆ ، لەسەر کاك سدیق و رێزنەگرتن لە کۆبوونەوەکە، جوابەجەنگێمان کردبوو...

کاك سدیق، کە ئەویش هەر لەبنکەی سونێ بەجێمابوو، وەك گوترا، ئەرکی پێوەندی دەگەڵ کاك ئەحمەد بە ئەستۆی ئەوەوە بوو. پاش بڵاوبوونی برادەران، رێی ناوچەی "گەڵاڵەی حاجی ئۆمەرانی" داگرت، تا لەو دەوروبەر دیداری کاك ئەحمەد بکا، چونکە کاك ئەحمەد پاش ئیسراحەتێکی پازدە بیست رۆژە لەقەندیل، بەرەو خوار بووبۆوە، لەناوچەی باڵەکایەتی لەدێی "شێخان" بەلاّن لەدی بەدوور لە



بڵێندایيەك بنکەيەکی گەورەی بە حەمام و ئەشپەزخانەوە دروست کردبوو و لەوی جێگیر ببوو...

لەماوەی چوار پێنج مانگی بەهارو هاوینی ئەو ساڵەدا، شپرزەیی و ناکۆکیێکی زیاتر، داوێنگیرمان بوو. کاك سدیق کە لەسونێرا بەر لەشەهیدبوونی باپیر شکاك بۆ پێوەندی و دیدار دەگەڵ کاك ئەحمەد چوو بۆ ناوچەی باڵەکایەتی، بێ ئەوەی دەگەڵ کەس مەشوەرەت بکا لەوێ لە دێی "دەربەند" کە سەر رێی هاتوچۆی ماشێنی گەڵاڵە-حاجی ئۆمەران و دوکان و ماڵی یەك دوو برادەری حیزبیشی هەر لێ بوو، پاڵی دابۆوە. بێجگە لەوە کە قەت هەر نەهاتەوە بنکەی کۆمیتەی ناوەندی لە سونێ، لەوێ دەگەڵ کاك ئەحمەدو بنکەی شێخان، تووشی گیروگرفتی تازەو ناکۆکی هاتبوو.

کاك سدیق لەماوەی مانەوەی خۆیدا لەدەربەند، دەگەڵ چەند کادرێکی دیکەی حیزب کە ماڵیان لەو ناوچەیە بوو، جا چونکە خۆشیان بەچەپ دەزانی، هەوادارو دۆستی حیزبی شیوعی ئێراق و گوێڕادێریان لەوان زیاتر بوو تا لەحیزبەکەی خۆیان حیزبی دیمۆکرات، سەریان پێکەوە نابوو هەر بەپێوانەی خۆیان دەیانپێوا.

کاك سەدیق بەڕواڵەت تووشی ئاڵوگۆڕ هاتبوو کەوتبۆ سەر قەناعەتێکی نوێ. دەیگوت هەر لەپێناو بەرژەوەندی شۆڕش و هەر لەو مەجالە تایبەتییانەی حاکم بەسەر کەش و هەوای سیاسی کوردەواریدا، وا باشە واز لە چەك و کۆبوونەوەو تەنانەت واز لەتێکۆشانی سیاسیش بێنین، ون بین و مات بین. بەولایەدا کەوتبوو کە نابێ جەبهەو چەکدارمان هەبن. بێجگە لەوەش کەوتبووە دژایەتییەکی توند دەگەڵ کاك ئەحمەدو جەبهەی وی لە رەواندز.

جارێك چوومە لای لەدەربەندو هەوڵم دا بیگێڕمەوە بۆ سونێ، فایدەی نەبوو دەگەڵم نەهاتەوە، ئەو پێشنیازی منی دەکرد کە دەرکی بنکەی ناوەندی لە سونی داخەم و جەماعەتەکە بڵاوە پێ بکەم. دەیگوت جارێ با دیارو بەرچاو نەبین هەرکەس کوڕی بابی خۆی. هەربۆیەش چەندین جار دەگەڵ پێشمەرگەکان بنکەی شێخان کە لەجەبهە دەگەڕێنەوە بۆ ئیسراحەت لە بنکەی حەسانەوەیان، قڕەی لێ پەیدا دەبێ، بەگژیاندا دێ کە لەچی دەگەڕێن و بۆ بە قسەی ئەحمەد تۆفیق دەکەن. دیارە ئەوەش خۆی مەسەلەیەك بوو کە کاك ئەحمەدی لێ تیژ کردبوو و نێوانیان لەوپەڕی ناخۆشیدا بوو...

لەسەر بزربوونی کاك سدیق، بۆچوونی تایبەتی خۆم هەبوو لام وابوو لەوانەیە کاك سدیق کە کەسایەتێکی زۆر مولایم و ئارام، لەهەمان کاتدا دوورکەوتوو و ناشارەزا لە هەڵسوکەوتەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بەتایبەتی هەلومەرجی ناسك و نالەباری شۆرش و ناتەبایی ناوخۆییمان، وەڕزیان کردبێ. دەنا کی کاری بە مرۆیەکی ئاوا بێ ئازار دەبێ، بەڵان دواتر هەڵەبوونی بۆچوونی خۆمم لێ روون بۆوە. " [31]

[31] لەبیرەوەرییە سیاسییەکانم، چاپی دووەم، سلێمانی ، ٢٠١٤، چاپخانەی شڤان ، ل ١٠٠-١٠٦، ١١٧.



**شایەتی شەشەم :مەلا محەمەدی خزری**

.



" سەرەتای پایزی ١٣٤٣ نزیکەی ٢ مانگ پێش گرتنی کۆنگرە، کاك فایق لەگەڵ جەماعەتێك لە کادرو پێشمەرگە گەڕانەوە وڵات سەردانی ناوچەکانی سەردەشت و گەورك و مەنگوڕو موکریان کردو نزیکەی دوو حەوتووی پێ چوو...چەند رۆژێك دوای گەڕانەوەی کاك سولەیمانی موعینی ، لە پایزی (١٣٤٣) دا . شەهید کاك سەدیقی ئەنجیریش هات، بۆ سەنگەسەر، ئەو دەم ناوی کاك سەدیقی ئەنجیری بۆ ئەوانەی وەکو خۆم پێشمەرگەو لەبنکەی سەنگەسەر بوون، ناسیاو نەبوو، جگە لە یەك دوو کەسی وەك کاك عەبدوڵڵای موعینی و کاك مونتەقیم قازی کە کوڕە سابڵاخی بوون، دەنا ئێمەمانان ! ناوبراومان نەدەناسی...کاك عەبدوڵڵا دوای گەڕانەوەی لە بێتوین، باسی بەستنی کۆنگرەی و

کەسایەتی کاك سەدیقی ئەنجیری و نووسینی بەرنامەی حیزب، و زۆر جەریانی تری بەدرێژی بۆ باس کردم. هەتا ئەو دەم بەدروستی نەمدەزانی کۆنگرە دەگیرێ. بەهەر حاڵ کاك سەدیق هەتا نووسینی پەیڕۆی ناوخۆ و بەرنامەی حیزبی تەواو نەکرد، خۆی نیشان نەدا، بەڵام دوای گەڕانەوەی کاك باپیر جاروبار دەهاتە مزڵەکەی ئەو کە لە قشڵەی سەنگەسەردا بوو...

کاك ئەحمەد دوای جێگیربوونی لە شێخان زۆر بە ڕاشکاوی کەوتە بەربەرەکانی و دژایەتی دەگەڵ کاك سەدیقی ئەنجیری و کاك سولەیمانی موعینی و ...زۆر بەدزێوی لەبارەیان دا، پروپاگەندەی بێ واتای دەکرد، کاك ئەحمەد ئەوەی باش دەزانی کە ئەو کەسانەی وا ئێستا لەدوای کۆنگرە لەدەوری یەکتر هالاوان، لەبواری سیاسی و یاساییەوە، ناتوانی هیچ کارێکیان دەگەل بکا، و لەهەمان حاڵیش دەوری کۆمۆنی سلێمانی بەسەر چووبوو. نەیدەتوانی بە کەڵك وەرگرتن لەهێزو ڕێزی بارزانی، کاردانەوە نیشان بدا، ناچار ئەو جارە کەوتە ڕەچاوکردنی کاری نائاسایی و هەڵوێستی ناسیاسیانە، و بەهۆی کەسانی پیاوخراپ ، بۆ لەناوبردنی هاوڕێ و ڕکەبەرەکانی پەنای بۆ ڕەشەکوژی دەبرد، وەکوو دەیانگوت، لەو بوارەوە خاوەن ئازمون بوو!

...کاك سولەیمان دەگەڵ کاك سەدیق و مامۆستا میرزا ئەحمەد و سەرجەم ئەو کەسانەی پێشتر دەگەڵ سیاسەتی کاك ئەحمەد تۆفیق ، ناتەبا بوون، و هاتبوونەوە نێو ڕیزەکانی حزب، هەموویان لە سونێ بوون. کۆمیتەی ناوەندی بەتایبەتی کاك سەدیق، زۆر هیوا بەو جەماعەت هەبوو، و تەمایان بوو کە بۆشایی ناوەندی حیزب، بەو کەسانەی کە هەتا ئێستا دوورە پەرێز بوون پڕ بکەنەوە. چاوەڕوانی



دەرفرتێکیان دەکرد کە لە پلنوم، یان کۆنفرانسێك دا، ئەو کەسانەی ئامادەی کارکردنیان هەیە بکرێن بە جێگر، یان مشاویری کۆمیتەی ناوەندی...

لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێ، کاك سولەیمانی موعینی، هەروەکو کادرێکی لێوەشاوەو ئازا بوو، لە دروستکردنی تەشکیلات و گرتنی پەیوەندیش تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو، لەو ماوەیەدا کە لە وڵات بووین...نزیکەی سێ مانگ لەگەڵ کاك سولەیمان لەناوچەکانی مەنگوڕان و گەوڕکان ماینەوە. لە دۆڵی "میرسێ" وابزانم لە گوندی "کارگێ" بووین، لەگەڵ کاك سولەیمان بە یەکەوە لە ماڵێك بووین، گوتی:

" لە ورمێوە برادەرێك هەواڵی بۆ ناردووم کە یەکێك لە کاربەدەستانی شۆڕش بەڵێنی بە تیمسار "صیادیان" داوە کە سولەیمانی موعینی و ئەو کەسانەی داوایان دەکەنەوە بیاندەنەوە بە ئێران"؟

دەوروبەری نەورۆز بوو، بڕواکردن بەو قسەیە لەو سەردەمەدا کە، هێشتا کارو کردەوەیەکی وەها لەلایەن ڕێبەرانی شۆڕشەوە ئەنجام نەدرابوو. بۆ ئێمە هاسان نەبوو. دوای باسێکی نێو خۆمان لەدەوری یەکتر کۆبووینەوە، هاتینە سەر ئەو ڕایە کە، چەند کەسێکمان بگەڕێینەوە بۆ سونێ، و هەلومەرجەکە لەنزیکەوە هەڵسەنگێنین و لە هەمان کاتیش دا کاك سولەیمان نامەیەکی بۆ سەدیق نووسیبوو...

ئەو هەواڵەی لە کاك سولەیمانمان بیستبوو، بۆمان ببوو بە جێگای پرسیار؟ هەرگیز بڕوامان بەوە نەدەکرد، شۆڕش، بەتایبەتی سەرۆك بارزانی کارێکی وەها سەبارەت بە ئێمە ئەنجام بدا. چونکە بەگشتی ئێمە لەهەموو بارێکەوە بێ چاوەڕوانی هیچ جۆرە ئافەرین و پاداشتێك

لە قولایی دڵەوە بارزانیمان خۆشدەویست شانازیمان پێوە دەکردو خۆمان بە پێشمەرگەیەکی دڵسۆزی بارزانی و شۆڕشەکەی دەزانی! بۆیە بڕوا کردن بە کردەوەیەکی وەها بۆ ئێمە جێگای پرسیار بوو؟

گوتمان ئێمە دەچینەوە سونێ، ئەگەر زانیمان مەترسێك هەیە بەبێ دەنگی دەگەڕێینەوە، چاویشمان بە کاك سەدیق دەکەوێ، بزانین ئەو دەڵێ چی و نەزەری چییە؟

...مەلائاوارەی شەهید گوتی: تۆ راست بڕۆ بۆ دەربەند، لای کاك سەدیق، ئەحمەد شۆڕش دووری خستۆتەوە بۆ ناوچەی بادینان، لەناوچەی باڵەکایەتی نەماوە. مەلا سەید رەشید لە شێخانەو تۆ لەپێشدا بچوو بۆ لای کاك سەدیق. من حەوتووی پێشوو لەلای بووم. کاتێ گەیشتی درەبەند، بچۆ لای یونسی خەیات، شەو شوێنەکەی کاك سەدیق و کاك سەعید کوێستانی دەزانێ، رێنوینیتان دەکا.

ئیتر من بەیانی ئەو شەوە، جلکەکانی خۆم گۆڕی، جلی پێشمەرگایەتیم دانا، چونکە ئەو دەمە هەرکات پێشمەرگە چووبان بۆ شوێنێك دەبوا وەرەقەی ئیجازەی ئامر هێزیان بوایە. منیش بۆ ئەوەی خۆم پێشانی حەسۆی نەدەم، بەجلی ئاسایی بەرەو باڵەکایەتیی وەڕێکەوتم ...تاریخی رۆژەکەم بەدروستی لەبیر نەماوە، چەند رۆژێك لەمانگی خاکەلێوەی ١٣٤٥ تێپەڕ ببوو. من بەدوو رۆژ بە پێیان گەیشتمە دەربەند. زیاتر لەساڵێك دەبوو خوالێخۆشبوو یونسم نەدیبوو، چوومە دوکانەکەی، دوکانێکی لەدەربەند گرتبوو، خەیاتی کردبۆوە. دوای نەختێ سانەوە، هێندەی پێ نەچوو، کاك سەعید کوێستانی هات...هەرسێکمان – کاك سەعید و یونس و خۆم– بە یەکەوە بەرەو ماڵ و مزڵی کاك سەعید و کاك سەدیق وەڕێ کەوتین.



لەگوندی دەربەند وەدەرکەوتین لە خانوی ماڵان دوورکەوتینەوە هیچ خانویك دیار نەبوو، ئەو جارە بەنێو دارستاندا مەودایەك رۆیشتین لەنێو دۆڵێك دا خانویەکی چووکە هەبوو کە خانوی باغ بوو، هاوینان خاوەنی باغەکە لەوێ دا دەژیا، بەڕاستی بۆ جێگەی ژیان نەدەبوو نازانم چۆن و بۆچی ئەو شوێنەیان هەڵبژاردبوو. کە چووین ژوور، کاك سەدیق لە ژوورەکەی خۆیدا وەکو هەمیشەی خۆی، خەریکی خوێندنەوە بوو، کە چاومان بە یەکتر کەوت ئیتر هەردوکمان شاگەشکە بووین. دوای یەکتر لەباوەش گرتن و ماچ و موچ، دانیشتین وردە وردە کەوتینە سەر پرسیاران لە هەموو بابەتێکەوە. من تاڕادەیەك باسی سەفەری وڵات و خۆمانم بۆ گێڕاوە، لەمەڕ تەشکیلات و پێشوازی خەڵکی کوردستان لە حیزب و پێشمەرگە...ئیتر کاك سەدیق لە خۆشیان چاوی وەبزە کوتبوون. ئەوجارە من پرسیارم لێ کرد:

لەسەر مەسەلەی دوارۆژی شۆڕشی کوردستانی گەرمێن و وەزعی خۆمان لە کوردستانی عێراق نەزەری چییە؟

کاك سەدیق سەبارەت بە شۆڕش و بارزانی، زۆر گەشبین بوو، لەقولایی دڵەوە بارزانی دەپرست! پێی وابوو ئەگەر بەشێوەیەکی جیددی مەسڵەحەتی شۆڕشمان لەبەر چاو بێ و بیپارێزین! بێ موشکیلە دەتوانین لە کوردستانی گەرمێن درێژە بەخەباتی سیاسی بدەین. کاك سەدیق گوتی: دەبێ تاڕادەیەك بەچەکەوە خۆمان لەجادەو شوێنە بەرچاوەکان بپارێزین. ئێستا حکومەتی ئێران لە کوردستان هاروژاوە، شۆڕشی کوردستان کە جگە لەئێران رێگایەکی تری نیە و نابێ ئیچمە لەلایەن شۆڕشەوە گلەیی مان بێتەوە سەرو...

پرسی کێشە و دەمە تەقەی خۆی و زەکی ئاکرەییم لێ کرد؟ گۆتی:

شتێکی زۆر گرنگ، نەبوو ئێوە ئەوەتان لەکوێ زانیوەتەوە؟

گوتم: ئێمە لەولآت بیستمانەوە، کە لەقاوەخانەی مستەفا سولەیمانی، لەدەربەن، زەکی هاتووتە ژوور ئێوەش لێوە بوونە، گوایە زەکی قسەی بێ ئەدەبانە کردووە، هەتا ئەو جێگایە کەگوتوویە ئێوە هەقتان نییە بێنە سەرجادە و.. پاڵشان ئێوەش دایگژاونێ... و یەکێ لە لێپرسراوانی شۆڕش کە، دەگەڵ زەکی دەبێ، دەکەوێتە بەڕیوانی و پێش دەرگیری ئێوە و زەکی دەگرێو...

هەرچەندە کاك سەدیق هیچی بۆ من نەگێڕاوە، بەڵام لە قسەکانی ڕا هەستم بەوە کرد کە زەکی لەلایەنێکەوە تەحریك کراوە، ئەگینا زەکی کاك سەدیقی نەدەناسی!

پاشان نامەکەی کۆبونەوەی سونێم دایە، خوێندیەوە، گوتی ئەوە کادرانەی ئەو نامەیان نووسیوەو ئیمزا کردەوە، دەکرێ نیوەکانیان بڵێی؟

منیش بە ناوەکان دا هاتمە خوار...ئیتر سەری راوەشاند! گوت:

سەید رەسوڵ بابی گەورە هاتۆتە سونێ لای کێ یە؟

گوتم لای کاك حەمەدەمین و کاك سمایلە و کاك ئەمیرە. لە کاك حەمەدەمین و کاك سمایل زۆر بەگازندە بوو، گوتی:

کاك حەمەدەمین و سمایل حازر نین هیچ کارێك وەستۆی خۆیان گرن و خۆیان لە هەموو شتێك دەبوێرن، چۆنە وا بەراشکاوی داوای گەڕانەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەکەن؟

...کاك سەدیق لەپێش دا زۆر هیوای بە کاك حەمەدەمین و کاك سمایل بوو، هەربۆیەش زۆر گازندەی لەو دوو کەسە هەبوو. هەروەها گوتی



ئەمیرو سەید رەسوڵ نازانن کە ئەحمەد لێرە نەماوەو بۆ ناوچەی بادینان تەبعید کراوە.

جا ئەوجارە دەستی کرد بە دەردی دڵ و لەسەید رەسوڵی بابی گەورەو نەخشی مەنفی ناوبراوە لە مەڕ تەقینەوەو دووبەرەکی نێوان ئەو و کاك ئەحمەد تۆفیق...

گوتی: کاکە برالە! بە نوری ئەو چرایە ئێوە –هیچتان– کادری گەڕاوە لە کوردستان ، هێندەی منداڵێك لەسەر وەزع ئاگادار نین."

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی کاك سەدیق ئەوە بوو کە کاتێ باسی رووداو و بەسەرهاتێکی دەگێڕاوە، لای وابوو کە تەرەفەکەی وەکو خۆی بەوردی لە هەموو بابەتەکە ئاگاداری هەیە! هەر لەبەر ئەوە بوو کە کاتێ باسی جەریانێکی دەکرد لە چەند جوملەی زیاتری لەسەر نەدەڕۆشت. ناچار دەبووم بڵێم کاك سەدیق، درێژەی بدەیە، دەیگوت بەڕاستی هیچی لێ نازانی؟

باسی جەریانی کۆنی خۆی و کاك ئەحمەد تۆفیقم پرسیار کرد کە لەو ماویەدا چاوی پێکەوتووە یان نا. داخۆ ئامادە بوو بگەڕێتەوەو درێژە بە هاوبەشی خەبات و تێکۆشانی تەبایی بدات؟

گوتی: " ئەو کوڕە ئامادە نەبوو بۆ گەڕانەوەو قبوڵکردنی هیچ جۆرە رەخنەیەك، نازانم بۆچی ئەوەندە نەحاواوەو قسە نەبیستە؟ زۆری لەگەڵ خەریك بووم، لەسەر کردەوەکانی رابردووی خۆی، زۆرم نەسحەت و سەرکۆنە کردووە کە بە خۆیدا بچێتەوە...بەڵام ئەو کوڕە–(کاك ئەحمەد تۆفیق) زۆر کەللە وشکە! ئامادە نەبوو هیچ شتێ قبووڵ بکا"

گوتم کاك سەدیق لە رابردوودا چ کارێکی کردووە کە بۆتە جێگەی رەخنەی ئێوە؟

گوتی چۆن! بەڕاستی نازانی؟

گوتی " باسی نەحەوانەوە لەگەڵ ئەو کوڕە باشانەی حیزبی، ئێوە لە من باشتر دەزانن! ئەوانە هەموو ئینسانی چاك و فیداکار بوون، هەر یەکە بەنێو و ناتۆیەك پاڵی پێوەنان. کۆنگرە رەئی دا ئەوانە بگەڕێنەوە بۆ نێو ریزەکانی حیزب ، بەو جۆرە کە دیتت کە چ رێزێکی بۆ رەئی کۆنگرەی ٢ دانا؟

نێوان مەکتەب سیاسی کۆن و مەلا مستەفا، جەریانێکە بەخۆیان مەربوتە، ئەرکی ئێمە ئەوە نیە خۆمان تێکەڵاوی ناکۆکی نێوان ئەوان بکەین. ئێمە لێرە میوانین بۆچی دەبێ شەڕی ئەوان بۆ خۆمان بکڕین؟ و دەیان شتی لەو بابەتە.

هاوینی ساڵی چل و سێ، دوو کەسی کوردی ئێرانی گوایە هەردووکیان دز بوونە، چەکداری ناردوون گرتوویانن، هێناویانن بۆ سەنگەسەر، بێ مەحکەمە و لێپرسینەوە کوشتونی و شوێنەونی کردون.

ساڵی رابردوو، ناردی مراد شیرێژو حسن ریتاڵی هێنا ئەویش بەو جۆرە بوو کە خۆت بەچاوی خۆت دیتت! دوای ئەوەی کە رایان کردووە ئێستا دیسان چەکداری کردوونەتەوەو لەحاڵی حازردا خەریکە بۆ مەبەستی خراپ کەڵکیان لێ وەردەگرێ و ئاژاوەیان پێ بنێتەوەو هەڕەشە لەم و لەو دەکا...!

کاك سەدیق لەماوەی ئەو چوار پێنج رۆژەدا کە لەلای بووم، رۆژانە بە یەکەوە وەدەردەکەوتین و زۆر جەریانی بۆ باس دەکردم...کاك سەدیق



زۆری هیوا بە دواڕۆژ هەبوو، نیازی هەبوو دوای گەڕانەوە کاك باپیر و مامۆستا مەلا رەحیم و کاك سولەیمان ناوەندی حیزب بەرفراوان بکەن و کلاسی کادر بکەنەوەو کادری سیاسی بعاملێنن و بەرنامەی زۆری هەبوو بۆ داهاتو...

پاش ئەو باسە، کاك سەدیق گوتی:

"تۆ دەبێ هەتا بۆت دەکرێ زووتر بگەڕیەوە بۆ سونێ، لەوانەیە سولەیمان گەڕابێتەوە یان بگەڕێتەوە، لەلایەن مەکتەبی تەنفیزی داوابکرێ، دەبێ پێی بڵێی تا چاوی بەمن نەکەوێ نەچێ بۆ مەکتەبی تەنفیزی! بڵێ هەرچی زووترە بێت بۆ لام بەڵام نەیەتە دەربەندی. لەو نزیکانە بێ بەدوام دا بنێرێ من دەچم. من قسەم دەگەڵ کردونە. لەوانەیە بەم زووانەش چاوم بە مەلا مستەفا بکەوی، تۆ گیر مەبەو خۆت بکەیەنەوە سونێ، نەکوو حەسۆ بەنێوی مەکتەبی تەنفیزی بەدوای دا بنێرێو...

ئەوەشت لەبیر نەچێ، ئێستا کە دەگەڕێیەوە کوردستانی ئێران، حکومەتی ئێران لە کوردستان تاڕادەیەکی زۆر هاروژاوە، کاتێ دەچنەوە بۆ دەبێ شوێنی رێگەکەتان بگۆڕن و زۆر وشیاربن، ئێستا ناوچەکان وەك پێشووتر نەماون و پڕبوونە لە پاسگاو ژاندارم و دەبێ ئاگاتان لەخۆتان بێ و وریایانە بجوڵێنەوە! " [٣٢]

[32] محەمەدی خزری، لاپەڕەیەك لەتێکۆشان و جوڵانەوەی ساڵەکانی ٤٢-٤٧ (١٩٦٣-١٩٦٨)ی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سوید، ٢٠٠٣، ل ٣٦-١٠٢.

## شایەتی حەوتەم : مەلاحەسەنی رستگار



مەلا حەسەن لە ٢٦ی ئادار ١٩٨٩ لەپرسیارو وەڵامێكدا لەگەڵ كەریمی حیسامی :

حیسامی : باسی بێ سەروشوێنبوونی سەدیقی هەنجیری چۆن بوو؟!!

مەلا حەسەن: "كە خەبەری ون بوونی سەدیقمان زانی وەدوای كەوتم چوومە لای خالیدی حیسامی لەرادیۆی شۆڕش چونكە سەدیق لەكن خالید اغا نانی نیوەڕۆی خواردبوو . خالید اغا گوتی: سەدیق لای من بووە دوای نان خواردن كتێبێكی وەرگرتوە چوە لەو سەرە بیخوێنێتەوەو ئیتر نەهاتۆتەوە، بەڵام ڕاستی!! نەدەكرد.

پاشان بڵاو بۆوە كە حەسەنی برازای عەولای ئیسحاقی كوشتوویەتی و، گۆیا حاصل و ئەوانیشی لەگەڵ بوە، پێشتر دەمانچەیەك بە



حەسەنی برازای (ئەحمەد تۆفیق) بووە كە دەمانچەی مرۆڤێكی بەڕێزو ناسراوی كورد بوە."

حیسامی– ئەو مرۆڤە ناسراوە كێیە من دەیناسم؟!

مەلا حەسەن : عەولای مام سەعیدییە. جارێك لێشم پرسی ئەو دەمانچەی تۆ بۆ بە ئیسحاقی بوە؟ چرژاو، تێكچو و گوتی: (راستە ماوەیەك دابوم بە حەسەنی ئیسحاقی) ...(بێ شك خالیدی حیسامی ئاگای لە كوشتنی سەدیقی هەنجیری هەیە)[33]

## شایەتی هەشتەم: سەعید كاوە



" كاك سەدیقی ئەنجیری ئازەر! پێشنیازی پێ كردم سەرێكی لای باڵەكایەتی بدەین، منیش لێم پرسی : لەبەرچی دەچین و بۆ بچین؟ ناوبراو گوتی:

33 بڕوانە : كەریمی حیسامی، لەبیرەوەرییەكانم ١٩٧٠–١٩٧٥، بەرگی چوارەم، ل ١٠–١١.

–پێم باشە ماوەیەك لە گوندی سونێ دورکەوینەوەو ئەگەر بکرێ دیدەنیەکی مەلامستەفاش دەکەم. خۆمان سازکردو کەوتینە ڕێ. لەڕێگا زۆر دڵخۆش بوو بەوەی بارزانی ببینێ و هێندێك مەسایلی سیاسی ڕۆژ هەبوو لەگەڵی باس بکات. کاتێ ڕاوێژی لەگەڵ من دەکردو من وەڵامی پرسیارەکانم دەداوە، تۆ خۆشبین نی، بۆیە وابیر دەکەیەوە. وا بۆم دەرکەوت بارزانی بەڵێنی شتێکی پێدابوو بۆیە زۆری لێدەکۆڵیەوە بزانی خوو خدەو بیروبۆچونی بارزانی چیە؟ من ئەوەی دیبوم و دەمزانی وردە وردە دەهاتین و بۆم دەگێڕاوە. زوو زوو دوپاتی دەکردەوە کە دەبێ بارزانی ببینێ و بەقەولی خۆی ئەوەی لەگەڵ کاك فایەق بڕیاریان لەسەر داوە بە مەلامستەفای بڵێ. بۆم دەرکەوت لەگەڵ کام فایق هێندێك بڕیارات و شت هەیە کاك سەدیق دەیەوێ بە مەلامستەفای ڕابگەیەنێ.

سەرئەنجام دوای حەوت هەشت سەعات ڕێگا ڕۆیشتین لەهەورازی گوندی وەسانێ سەربەرەوژێر بوینەوەو بۆ شەوێ گەیشتینە گەلاڵێ و بەیانی هاتینە دەربەندی باڵەکایەتی. کاك سدیق لەو سەفەرەدا نەیتوانی بارزانی ببینێ. دوایی چووین شوێنێك بدۆزینەوە بۆماوەیەك لەگەڵ کاك صدیق لەوی بمێنینەوە. لەدۆلێکی سەروی دەربەند لەدۆڵێکدا کوخێکمان لە کاك عەبدوڵای خەزوری مەحمود خەیات وەرگرت و پتر لە ٦ مانگی تێدا بووین. بە دوو سێ ڕۆژ جارێك دەهاتینە نێو دەربەند و پێویستی خۆمان دەکڕی و دەچوینەوە کۆخە هاوینەکەو موتاڵای خۆمان دەکرد. بەکورتی زستانەکەمان لەو کۆخەدا بردە سەر، مەگەر کادرێك یان میوانێکی ئاشنامان هاتبا دەنا لەو دۆڵە چۆڵە کەس نەیدەدتینەوە، ئەویش دەبوایە یۆنس لەگەڵیان هاتبا دەنا



نەدەینرایەوە. من بەڕۆژ دەنوستم و شەوانەش دادەنیشتم گوێم هەڵدەخست و کتێبم دەخوێندەوەو ئاگاداریم لەخۆمان دەکرد نەوەکو شتێکمان بۆ بێتەپێش.

لەو زستانێدا لەسەر داوای کاك سەدیق سەفەرێکی تارانم کردو پەیوەندیەکم بۆ گرت...دوای حەوتویێك کە من لەتاران گەڕامەوە...کاتی هاتمەوە لای کاك سەدیق و پەیام و هەواڵی ئەولام بۆ هێناوە پێی وابوو هەموو دنیایان داوەتێ گەلێك جار وەبیری دێنامەوەو دەیگوت: قەتم پیاوەتی تۆ لەبیرناچێ.

ڕۆژێکی کاك سەدیق سازبوو بچێ سەرێکی بارزانی بدات. من و خانەلێتان لەگەڵی وەڕێ کەوتین. ئێوارە گەیشتینە "مامەرووت" مامەرووت ئیستگەی ڕادیۆی کوردستانی لێ بوو. لەسەر ناسیاری کاك سەدیق بووین بەمیوانی کاك خالید حیسامی. کاك سدیقی ئەنجیری نامەیەکی بۆ بارزانی نووسی و داوای دیداری لێ کرد. شام مان خوارد وەڵامی نامەکە نەهاتەوە، کاك سەیدق داوای لەمن و خانەلێتان کرد ئێمە بگەڕێینەوە، پێم وایە لەبەر ئەوەی بوو نەیدەزانی کەنگێ وەڵامی مەلاقاتی لای بارزانی دەدرێتەوە. بۆیە پێی داگرت ئێمە بگەڕێینەوە، یان لەبەر ئەوەی بوو لەو ئەشکەوتەی کاك خالیدی لێ بوو شتومەك و کەل و پەلی نوستن و جێگاو ڕێگا کەم بوو بۆیە ویستی ئێمە بگەڕێینەوە. بەڵام لەبەر دڵی کاك سەدیق چارە نەبوو دەبوایە بەجێی بێڵین. بە کاك خالیدی حیسامیم ئەسپاردو شەوێ گەڕاینەوە دەربەند. دوو سێ ڕۆژمان چاوەڕوانی کرد، کاك سەدیق نەهاتەوە، لەو ماوەیەدا بێ نێوەدان تەیارەکان لەبەیانی ڕا دەهاتن بنکەی ڕادیۆێ و ئەو سلسلە کێوەی مامەرووتیان دەکوتاو بۆمبارانیان دەکرد. بەهەر ترس و

لەرزو پەناو پەسیویێکدا بوو، خۆم گەیاندە مامە رووت، کاك خالیدم دیتەوەو پرسیاری کاك سەدیقم لێ کرد، نازانم بۆ بە پرسیارکردنی ئەنجیری کاك خالید تێك چوو، دوایی گوتی: پێرێ کاك سەدیق لەلای بارزانی گەڕاوەو فەرمووی دەچم لەسەر ئەو ئاوە خۆم دەشۆم تەنانەت بۆ خواحافیزیش نەهاتۆتەوە.

دوایی لێی پرسیم : بۆ چما نەهاتۆتەوە؟!! کاتی من گوتم نا، دیسان گوتی:

رەنگ بی بۆ سەفەرێکی دوور رۆیبێ!

لەجەنگەی پرسیارو وەڵامدانەوە، هاڕڕەی تەیارەو بۆم باران، باسەکەی لێ شێواندین هەڵاتن و خۆشاردنەوەو راکردن بۆ بن دەوەنان هەموو شتێکی لەبیر بردمەوە.

بەنێو دارو بەردو دەوەناندا خۆم دەربازکردو هاتمەوە دەربەند. پتر لە حەوتویێك چاوەڕوانی کاك سەیدق بووم هیچ هەواڵێکی نەبوو، نامەیەکم بۆ کاك سولەیمان نوسی و لەچوونی کاك سەدیق و مانەوەی لەلای کاك خالیدی حیسامی و چونەوەی دوبارەی من بۆ لای کاك خالید و وڵامی ناوبراو ...گشتم تێدا گونجاند.

داوام لە کاك فایق کرد کە بۆ پتر رون بوونەوەی ئەو مەسەلەیە سەرێکی باڵەکایەتی بدات و لەسەر رێگا پرسیارێك لە کاك خالید بکات، بەڵام نابێ شەوێ لەوێ بمێنێتەوە. دوای چەند رۆژێك کاك سلێمان هاتە دەربەند، گوتی : چومەتە مامەڕووت و مەسەلەی ونبونی سەدیقم لە خالیدی حیسامی پرسیوەو دەڵێ :



–رۆژێك کاك سەدیق گوتویەتی کیسەکەم بۆ پڕکە لەتووتن، من سەفەرێکی دوورو درێژم لەپێشە، دوایی خواحافیزی کردوەو رۆیشتوەو..هتد.

کاتێك من و کاك سولەیمان وەڵامەکان و قسەگۆڕی کاك خالیدمان لەگەڵ یەکتر بەراورد کردن، هاتینە سەر ئەو ڕایە کە کاك سەدیق شتێکی بەسەر هاتوەو خالیدیش دەزانی و بێ ئاگا نیە. ناوبراو یان دەترسێ و ناوێرێ پێمان بڵێ، یان ئامادە نییە ئەو راستی یەمان لەگەڵ باس بکا.

دوای راوێژ لەگەڵ یەکتر، پێمان وابوو کە دەبێ شتێك بنووسرێ و ٢٠٠ دانێکی لێ چاپ بکرێ و بینێرین بۆ دەرەوەی وڵات بڵاو بێتەوە. پێمان وابوو گیراوە، یان تەسلیمی ئێران کراوەتەوە. لەسەر ئەو باوەڕە بووین ئەو نوسراوە بڵاو بکەینەوە و داوا لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی دەرەوە بکەین یاریدەمان بدەن. بۆ ئەوەی ئەگەر کاك سەدیقی ئەنجیری لەلایەن شۆڕش گیرابێ، یان تەسلیم کرابێتەوەو لەزیندانەکانی ئێران دا بێ، بە بڵاوکردنەوەی ئەو نوسراوە لەناونەچێ و بمێنێ.

دوای یەکدوو مانگێك برادەرانی حیزبی شیوعی لە چۆمیدا مەیتێکی بێ سەریان دیبۆوەو ئەو نیشانانەی بۆ کاك سولەیمانیان باس کردبوو، کاك سولەیمانی هێنابووە سەر ئەو باوەڕە کە تەرمی کاك سەدیقی ئەنجیری بووەو کوژراوە. بەدوای بێ سەرو شوێن چوونی کاك سەدیق ئەنجیری و رووداوی تر، ئەوەندەمان رووداوی نوێ و ناخۆشی دیکە بۆ هاتنەپێش، رووداوە کۆنە دڵ تەزێنەکانی وەبن خۆی دا...

ئەو دەورانە بۆ ئێمە ناخۆشترین دەورانی پێشمەرگایەتی بوو لەنێو شۆڕشی کوردستانی عێراقدا. لقی جاسوسی و پیلانگێڕی سازمانی

ئەمنیەتی ئێران بەنێوی (پاراستن) شەو ڕۆژ دژی ئێمە لەپیلانگێڕی ڕانەدەوەستا. هەمووی ئیچمە ناسرابووین و تازە نەدەکرا نەهێنی بین و خۆمان لەژێر چاوەدێری و دواکەوتن و هەڵنانی "پاراستن" بپارێزین. بەزاهیر بە بەرنامەی میللی هاتبوە مەیدان . هەر کەسێك بە بیرو ڕاو بۆچوونی هێندێك لە بەڕێوەبەرانی شۆرشش نەجووڵاباوە، دەکەوتە بەر هێرشی "پاراستن". پاراستن لەکەسانی دژی پێشکەوتوخوازی پێك هاتبوو. بە زاهیر بەربەرەکانی کۆمۆنیزمیان دەکرد، بەڵام لەراستیدا وەك گوی لەمست بەرنامەو فەرمانی سازمانی ئەمنیەتی ئێرانیان بەکەسانێکی وەك حەمەی عەزەدۆم و صەدیق ئەفەندیو...بەڕێوەدەبرد. لەخوارەوەش لەکەسانێکی وەك زەکی عەقراوی و غەزالی و ئەحمەد حاجی...کەڵکیان وەردەگرت." [٣٤]

هەروەها لە ١٥ی ژونی ١٩٨٩ سەعید کاوە لەنامەیەکی بۆ کەریمی حیسامی لەبارەی بێ سەروشوینکردنی سەدیقەوە دەڵێت:
"ساڵی ١٩٦٤ کاك سولەیمانی موعینی نامەیەکی بۆ نووسی کە بێتە کوردستان و تاران بەجێ بێڵێ و بی. لەنامەکەدا داوای لیٚ کردوە کە بێت بەڵکوو لەو سەردەمە مێژوویەدا بتوانێ نەخشی بنەڕەتی هەبێت و ناکۆکی نێو حیزب چار بکات. کاك صدیق دێتە مەهاباد و لەوێڕا برادەرانی حیزب دەیگەننە سونێ. من و مەلا ئاوارەو هاشمی حق طلب

[34] سەعید کاوە، ئاورێك لە بەسەرهاتەکانی خۆم و ڕووداوەکانی نێو حیزبی دیوکراتی کوردستانی ئێران، چاپی یەکەم، ١٩٩٦، ل ١٥١–١٥٥



(قادر شەریف) لەکوردستانی ئێران بەشاخانەوە لەناوچەکانی دوورو نزیکی کوردستان لەنیچو خەڵك دا دەگەڕاین.
بەنێوی "کۆمیتەی ساخ کەرەوەی ح.د.ك خەڵکمان روون دەکردەوە. زۆری پێ نەچوو کۆنگرەی دوهەمی ح.د.ك لەچیاکانی سونیٚ دەگیرێ. کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێررێ و هێندی کەس لەو کۆنگرەیەدا دەردەکرێن. من و قادر شەریف و مەلائاوارە لەو کەسانە بووین کە دەرکرابووین.
بەلام پاش مانگێك هەیئەتێك لەلایەنن ح.د.ك بۆ بانگ کردنەوەو هاوکاری کردن و دەست بەکاربوون بەدوامان دا هاتن...
من و مەلائاوارەو قادر شەریف هاتینەوە کوردستانی عێراق، کۆمیتەی ناوەندی حیزب بڕیاری کۆنگرەی شکاندو مشاوەرەتی کۆمیتەی ناوەندیان داینێ. کاك صدیق بۆ یەکێتی و پتەوی حیزب لە هەموو دەرفەتێك کەڵکی وەردەگرت و دڵسۆزانە خەریکی کاروبەڕێوەبردنی ئەرکەکانی حیزبی بوو. کاك صدیق بۆئەوەی هێندێك دەستی ئەحمەد تۆفیق کورت کاتەوە هاتە باڵەکایەتی لەگوندی دەربەند لە دۆڵێکا خانوێکمان گرت و دوور لەچاوی دوژمنان پێکەوە لەوی دەژیاین و کادەرەکانی حیزبی و برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی جاروبار ئەگەر کارێکی زەروریان هەبایە دەهاتنە دەربەندو پاش وتوێژ دەگەڕانەوە بۆلای سونێ.
هاوینی ١٩٦٦ بۆ مەسەلەیەکی گرنگی دەرون حیزبی کە مەبەست پتەوکردنی حیزب و نزیك بوونی زیاتر لە پارتی بوو، سەفەرێکمان بەرەو لێوژە کە دەفتەری سیاسیی پارتی لەوی بوو ڕێك خست. لەوی لەگەڵ حەبیب محەمەدو هێندێك لەئەندامانی دەفتەری سیاسی قسەی

کردو بەرەودوا گەڕاینەوە، شەوێ گەیشتینە (مامە رووت). مامە رووت چەند تەپکێکە لەنێو جەنگڵ و چەند ئەشکەوتێکی تێدایە. لەوێ ئیستگەی رادیۆ کوردستانی لێ بووو کە ئێواران هەواڵەکانی شۆڕشیان لێ بڵاو دەکردەوە، لە مامەڕووت شەوێ میوانی کام خالیدی حیسامی بوون. بۆ شەوێ کاك صدیق ئەنجیری دەبوایە بمێنێتەوە، چونکە قەرار بوو بەیانی بچێتە لای مستەفا بارزانی بۆ هێندێك وتوێژ لەسەر وەزعی حیزب و ئەو وەزعەی کە پێکهاتبوو. وە هەروەها لەمەڕ ئەو مەترسیانەی کە رۆژ بەرۆژ بۆ کادرو ئەندامانی حیزب پێکدەهات . دەبوایە منیش بگەڕێمەوە بەرەو دەرەبەند بۆ هێندێك شت کە دەبوایە بکرێن وردە وردە جێگاکانمان بگوێزینەوەو نزیك سنوورو جادەکان چۆڵ کەین. قەرار وابوو کاك صدیق پاش دیتنی بارزانی بگەڕێتەوە بۆ دەرەبەند، بەلام تا سێ رۆژ خەبەرێکی نەبوو. من دوای سێ رۆژ چوومەوە مامەروت لای کاك خالید حسامی و پرسیاری کاك صدیق ئەنجیریم لێ کرد، وەڵامی دامەوە کە چۆتە لای بارزانی و هاتۆتە ئێرەو نەهاری خواردوەوکیسەکەم بۆ پڕکردوە لەتوتن و رۆیشتوە. وەپاش چەند رۆژ جارێکی دی چوومەوە بۆ پرسیار. ئەوجار قسەی پێشووی لەبیرنەمابوو گوتی: کاك صدیق لیباسەکانی خۆی لەسەر چۆمی شوشتو گوتی سەفەرێکی دوورم لەپێشە و زۆرم پێ دەچێ و زۆرم نان بۆ دانێ بەهەرحاڵ کاك صدیق لەمامەڕووت سەری تێداچووو تەنیا کاك خالید حیسامی دەزانی قاتڵی کاك صدیق کێیە..

پاش ماوەیەك برادەرانی حیزبی شیوعی عێراق لەچۆمی نێوان گەڵاڵە و دەرگەڵە کەلاکێکی بی سەریان دیتبووەو لەنێونیشانەکانی دەرکەوت کە دەبێ کاك صدیق بێت و کوژرابێ. پێم خۆشە ئەوەشت عەرز بکەم



کە کاك صدیق کەوتبوە بەر رق و توڕەیی احمد توفیق چونکە بەراستی پیلانەکانی ناوبراوی بەتەواوی تێك دابوو لێی هەڵوەشاند بۆوە. باڵی چەپی حیزبی هێندێك بەهێز کردبوو. وە بەرەبەرە لەو ئاڵۆزی و ناکۆکی فیکریە دەهاتەدەر. بەداخی گرانەوە لەماوەی ساڵێك دا کادەرکانی حیزبی یەك لەدوای یەك هەریەك بەناوێك و بەهۆیەك لەناودەچوون و نەگبەتی و نەهاتی کە لەلایەن دوژمنانەوە بەرنامەرێژی و طرح رێژ دەکرا روی تی کردبووین و هەر یەك بەلایەکدا تەفروتونا دەکراین."[35]



عەولای مەلا عوسمان ،ئەمیر قازی، مەلا سەید رەشید، حەسەن رستگارو ئەحمەد تۆفیق و چەند پێشمەرگەیەکی حیزبی دیموکرات لەگەڵ ژمارەیەك لەخەڵکی ئاسوری لەکانی ماسی.

[35] ، لەبیرەوەرییەکانم ١٩٧٠–١٩٧٥، بەرگی چوارەم، ل ٨-١٠.

**شایەتی نۆیەم : خالد ئاغای حیسامی "هێدی"**



" لەسەروبەندی ئەوەدا کە پیاوی حکومەت لە هاتوچۆی لای شۆڕشدا بوون بۆ ئەوە کە پێگەی وتوێژ خۆش کەن، یەکێك لەو نێردراوانەی حکومەت بەناوی (زەید ئەحمەد عوسمان) داوای لە بارزانی کردبوو ئیجازەی بدا چاوی بە جەماعەتی ئێزگی بکەوێ و ئێوارەیەك کە هەمووومان لەزاری ئەشکەوتی ئێزگە لەگەڵی دانیشتبووین پێشمەرگەیەك بانگی کردم وتی وەرە میوانت هاتوە، ئەگەر چووم دوو برادەری جەماعەتی ئێرانی، (سەعید کوێستانی) و (شێرزاد) ناوێك



بوون و گوتیان کاك سەدیق (سەدیقی هەنجیری) ئەوشۆ لێرە میوانی تۆ دەبێ و ئێمە دەڕۆین دوایی دێینەوە لەدوی کاك سەدیقم بردەوە ژوورەکەی خۆمو، پێش ئەو دەمەم ئەو سەدیقەم نەدیبوو، بەلام دوایی کە دەستی بەقسە کرد دەرکەوت مە ئەندامی حیزبی دێموکراتی ئێرانەو، تازە لەودیو ڕا هاتۆتە عێراق و، لەکارو کردەوەی ئەحمەد تۆفیق زۆر ناڕازییە و، دەیوست گۆڕان و ئاڵوگۆڕ لەبەڕێوەبەرایەتی حیزبەکەدا بەدی بێنێ و بە قەولی خۆی ئەحمەد تۆفیق لغاوکا کە ئاوی بێ لغاوی خواردبۆوە! ئەو کاك سەدیقە دوو شەو لەوێ بوو، ڕۆژی هەوەڵ کتێبێکی دەست دایە و گوتی دەچم لەو بن دارانە دەیخوێنمەوەو ئەگەر بکرێ جلەکانیشم دەشۆم "ئەگەر چاکم لەبیر مابێ".

ڕۆژی دوایی داوای توتن و پێلاوی لاستیکی کردو کە هات دەرکەوی لێم پرسی بۆ نیوەڕۆ دێیەوە؟ گوتی ئەگەر هاتمەوە هاتمەوە دەنا تۆ نانی خۆت بخۆ.

لەو یەك دوو ڕۆژەدا لەگەل باسی چلۆنایەتی کاری حیزبی دێموکرات و هەڵوێست و بڕوای خۆی ئەوەشی گوت کە بۆیە هاتۆتە ئەو ناوە بچێتە لای سەرۆك بارزانی لەدێلمان و هێندێك موشکیلاتی حیزبی خۆیانی لەگەڵ باس بکا.

دوای ڕۆیشتنی ئەو هێندەی پێ نەچوو دوو پێشمەرگەی جەماعەتی ئێران لەمەقەڕی شێخانەوە (عەولای مام سەعید) و یەکی تر کە ناوی ویم لەبیر نییە هاتە مەقەڕی ئێزگەو گوتیان جەماعەت گوتویانە لەمێژە نەماندیوە وەڕەزیمان کردوە، دەبێ بچی لەگەڵ خۆت بیهێنی دوو ڕۆژ

لێرە بی، منیش وتم قەیدی نییە ئیجازە لەساڵح یوسفی وەردەگرم دوای نیوەڕۆ دەچین.

کە بوو بە نیوەڕۆ وەختی نان خواردن هاتن پرسیاریان کرد نانی چەند کەستان بۆ بێنین، من گوتم نانی چوار کەس، عەولای مام سەعید گوتی بۆ چوار کەس ئێمە سێ کەسین. گوتم سەدیقی هەنجیری لێرەیە و پێش نیوەڕۆ وەدەرکەوت و ناشزانم دێتەوە یان نا بەڵام ئەگەر هاتەوە با بی نیوەڕۆ نەبێ، گوتی کورە خوا دەزانێ سەری خۆی بۆ کوێ هەڵگرتووە باوەڕ مەکە بێتەوە، گوتم ئەگەر نەهاتەوە با نانەکەی بەرنەوە.

ئێمە سێ کەس نیوەڕۆمان کرد و حازربووین بڕۆین بۆ شێخان و کاک سەدیق نەهاتبۆوە، لەبەر ئەوە نانەکەی ویمان لەگەڵ قاپ و کەوچکەکانی تر لەدەرەوە لەبەردەم دەرگای ژوورەکە دانا و دەرگامان داخست و ڕۆیشتین بۆ شێخان، دوایی سەعید کوێستانی هاتەوە هەواڵی پرسی گوتم ڕۆیوە نەهاتۆتەوە ئەویش ڕۆیی.

کاک سەدیق لەوڕۆژەوە بێ سەروشوێن چووکەس نەیزانی چی لێهاتووە، بەینێك دوای ئەوە گوتیان باوکی لە مەهابادەوە هاتووە بەپێ و شوێنیەوە، چۆتە لای بارزانی و وادیار بوو ئەویش سەری لێ هەڵنەکردبوو.

...یەك دوو تێبینی لەسەر ناڕاست بوونی وتەکانی سەعید کوێستانی هەیە کە نابێ لێرە بەسەریاندا باز بدەم: یەکەم هەر سەدیق میوانی من بووە نەك ئەویش کە دەڵێ شەو میوانی ئەو بووین، دووهەم: لەجارێك زیاتر بەدوای هەواڵی سەدیقدا نەهاتۆتەوە کە دەڵێ جاری دووەم



چووم، ئەو جارەش چۆن هاتووە و چۆن ڕۆیوە هەموم دەق و دۆغری پی گوتوە، سێهەم : سەدیق هەر لەمنی نەویستووە نانی زۆر بۆ دانێم و نەشیگوتوە سەفەری دوورم لەبەرەو، ئەگەر گوتباشی لەو بن بەردانە من هیچ تەبەکە نانم لەلا نەبوو لەبەردەستی دانێم و هیچی واشم لەلا نەبوو پزووی ڕیچگەی پێ بکێشم و بۆی نزیك کەمەوە و ئەوانە هەر ڕاش نەبردوون و هەمووی سەعید خۆی سازی کردوون...

" لێرەدا دەبێ پیرۆزبایی ئەو کەشفە گەورەیە لە کەریمی حیسامی و حەسەنی ڕستگار و هەڤاڵە دڵسۆزەکانی!! تری سەدیقی هەنجیری بکەم منیش وەك ئەوان هەر ئەوەم پی باشتر بوو کە لە شرت وگوم بوونی سەدیقی هەنجیری گەڕێن هەتا بیست سی ساڵێك پێدەچێ و دوایە بەسەر کەسێکی دا بێنن و لێی گەڕێن بەو شەرتە کەس نەپرسێ: ئەری کاکە ئەوە چۆن بوو ئێوە ئەو ماوە دوورو درێژە گوێی خۆتان لی ئاخنی بوو ، ئەوڕۆ لەنوێ هەڵەسونتان هێناوەتەوەو فرمێسکی بەدرۆی بۆ هەڵدەوەرێنن.

کێ ڕێی لێ گرتبوون ئەگەر لەجەنگەی ون بوونەکەیدا هاتبان و هەر لە ئێزگەوە هەتا ئەو جێیە کە لێی بزر بووە لێتان کۆڵیباوەو، زانیباتان ئەو کەلاکەی حیزبی شیوعی دۆزیویەتەوەو، بەداخەوە بۆتە بەرماوی قەل و داڵ و گورگ و ڕێوی کێیەو، چۆن کوژراوەو چی وای پێوە نیشانی بدا ئەوە سەدیقە یان نا کە ئەو دەم شوێنی تاوان و تاوانباریش چاکتر هەڵدەگیرا چونکە نوێ بوو ، یان دەترسان لەوەدا پێی خۆتانی " لە باڵەکانی ڕاست و چەپی حیزب" بێتە نێوێ و ریسواتان کا."

دیاره شك و گومانی وان بەڵگەو مەدرەك و هەبوونی سەبەب و هۆكاریشی لەسەر گومان لێكراوەكان پێویست نییەو، هەر تەنیا قسەی خۆیان بۆ بەهەڵەبردنی خەڵك‌و داپۆشینی گەندەڵكاریەكەیان بەس و باوەڕپێكراوە!!

خۆ ئەوان باش دەزانن كە سەدیقی هەنجیری لە كوردستانی عێراق نە دوژمنی هەبوو نە كەس دەیناسی نە بەچاك و نە بە خراپ‌و منیش هەروەك ئەو خەڵكەی تر هەتا ئەو رۆژە نەهاتۆتە ئێزگە نە قەتم دیوە، نە هەڤاڵ حیزبیم بوە، نە وردە حیسابم لەگەڵی بووە، نە شەریكە مڵكم بوە، نە خەڵكی شارێكیش بووین كە شتێكمان لە بەیندا بووبێ ئیتر من بۆ دەبێ ئاگام! لە كوژرانی سەدیقی هەنجیری بووبێ ئاخر نابێ ناوێكی هەبێ؟

من لە ئەشكەوتی سەردیمانی بەخۆم و دەمانچەیەكەوە ئەگەر ئاگام لە كوژرانی سەدیقی هەنجیری لەسەر رووباری دەرگەڵە رێگەی سێ چوار سەعات دوور هەبێ دەبی بۆ چوون و هاتنەوە باڵم گرتبێ و كڵاوی سەخرە جندیم لەسەرنابێ بەڵام ئەگەر واش بێ وەڵامی ئەو پرسیارە هەر دەمێنێ كە ئەنگێزەو هاندەری من لەو باڵگرتنەدا دەبێ چی بووبێ؟

هەموو كەس دەزانێ لە كوردەواری كەس نیە میوان رووی تی نەكا، هەركەس لەقەدەر خۆی و كەسیش هەر قسەو هەستان و دانیشتنێكی میوان كردی ناینوسێ و لەبەری ناكا بۆ ئەوە كە سبەینی بیكاتە بەڵگە و، من كەشف و كەراماتیشم نەبوو كە سەدیق ون دەبێ هەتا كەنگی هاتوەو كەنگی رۆیوە و چی گوتوە هەموو لەبەركەم‌و دوایی بۆ خەڵكی بگێڕمەوە.



لەبەر ئەوە من هەرچەند تاوانی ون بوونی سەدیقی هەنجیری ناخەمە ئەستۆی كەسێكی تایبەت بەڵام بەدڵنیاییی دەڵێم كە ئەندامانی حیزبەكەی خۆی نەبێ كەسی تر دەستی لەوەدا نییەو، كوشتنی سەدیقی هەنجیری هیچ دەردو ئیحتیاجێكی هیچ كەس چارە ناكا. ململانێی حیزبی لێ دەرچێ جا ئەگەر لەبەر شێوەی بیركردنەوەی، ئەگەر لەبەر ئەو زانستەی پێیان شك دەبردو ئەگەر ئەوانە هەردووكیان بێ. هەڤاڵەكانی سەدیق پاشەڕۆژی چالاكی سەدیقیان لە كوردستانی عێراق بەو زانستەوە لەبەر چاو بوو و، دەیانزانی زۆر پێ ناچێ دەستی نەخوێندەوارو لێنەهاتوەكان دەبەستێ، هەڵیان دەپەسێرێ‌و ئەو دەم پەژیوانی دادیان نادا. جا بۆچی بێڵن وای لێ بێ و ، كار! بدەنە دەست خۆیان؟[36]

---

[36] ئاوێنەی شكاو یان بیرەوەریی هێدی، چاپی دووەم، هەولێر ، ٢٠٠٨، ل ١٦٥–١٧٤.

## باسی سێیەم : سەرنجێك لەسەر تاوانی بێسەروشوێنكراوێکی بێ گڵکۆ و مەزار "سەدیقی ئەنجیری"

ئەمێستا بەپێشکەشکردنی ئەو زانیارییی و گێڕانەوە جۆراوجۆرانەی لەباسی یەکەم و دووەمدا هاتوون سەبارەت بە کەسایەتیی و تێڕوانین وئاکاری سەدیقی ئەنجیری و دۆخی ئاڵۆزو پەرتی نێو خودی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هەروەها هەلومەرجە دژوارەکەی باشووری کوردستان کە لە قۆناغی جوڵانەوەیەکی چەکداریی نابەرامبەردا بوو لەگەڵ رژێمی عێراق و لەنێوخۆشی خۆیدا لەبارێکی نالەبارو دووبەرەکیدا دەژیاو ئێرانیش وەك دەوڵەتێکی خاوەن بەرژەوەندیی لەرێگەی دەزگا سیخوڕییەکانییەوە دەستی تێخستبوو..هتد، هەموو ئەمانە تاڕادەیەك لەدۆسیەی تاوانی بێسەوشوێنکردنی سەدیقی ئەنجیری دا وێنەیەکمان سەبارەت بە قوربانییەکەو دۆخی تاوانەکە دەخاتەبەرچاو. هەروەها، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی خودی سەدیقیش ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووەو لەو حیزبەشدا بەوهۆیەی کە لەدەورانی کۆماری کوردستانەوە هەڵسوڕاوەو رێبەرێکی زیندوکەرەوەی حزب بووە ، بە یەکێك لە کادرە قەدیمییەکان دەناسرێت، چەسپاویشە کە ناوبراو کێشەی شەخسیی و ناکۆکیی و مەسەلەی خوێن و تۆڵەو شتی ئەوتۆی کۆمەڵایەتیی لەگەڵ هیچ کەس و لایەنێك نەبووە، هەربۆیە ناکرێ تاوانی بێسەروشوێنکردنەکەی بە تاوانێکی ئاسایی بدرێتە قەڵەم و دەبێ بەتاوانێکی سیاسیی یان وردتر "تەسفیەی سیاسیی" بژمێردرێ.



دیارە ئەنجامدانی تاوانێکی ئەوتۆش بەتەنیا لەئەستۆی تاوانکارێکدا نییە، کە بەهۆی هەڵچوونێکی لەناکاو و لەدۆخی تووڕەبوونێکدا دەستی چووبێتە خوێنی قوربانییەکەی، بەڵکو ئۆباڵەکەی لەئەستۆی "گروپێك یان چەند کەسێکە" کە خاوەن رابردوویەکی تاوانکارین و هێند بەئەزموونن کە بە شێوەیەکی زۆر ورد رەگەزەکانی ئەو تاوانەیان لە قۆناغەکانی (هۆکار، بیرلێکردنەوە، پلاندانان، ئامادەکاریی ، جێبەجێکردن و دواتر شاردنەوەی شوێنەواری تاوانەکە) جێبەجێکردووە، بەجۆرێك وا نزیکەی نیو سەدە بەسەر ئەو تاوانەدا تێدەپەڕێ هێشتا لەلایەن هیچ دەزگایەکی یاسایی و فەرمییەوە هەوڵێك بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی تاوانکاریی ورد نەدراوە کە سوود لە هەموو شێوازەکانی هاوچەرخی گەڕان بەدوای تاوانکارێکی نادیاردا ببینێت، تاوەکو لەرێگەی پشکنینی تەرمی قوربانییەکە (ئەوەی کە لە دۆسیەی سەدیقی ئەنجیری دا ونە و تا ئێستا سەدیق کەسێکی بێ گڵکۆ و مەزارە) و گەڕان بەدوای ئەو چەکەی تاوانەکەی پێکراوە ، هەروەها لێپرسینەوەی گومانلێکراوان و وەرگرتنی قسەو بۆچوون و دانپێدانانەکانیان، کێوماڵکردنی شانۆی تاوانەکەو کۆکردنەوەی بەڵگە مادییەکان و بەراوردکردنیان، دەستڕاگەیشتن بە بەڵگە نهێنییەکان (کە بێگومان لەدۆسیەی سەدیقی ئەنجیری دا، چ دەزگای سیخوڕی ساواکی ئێرانیی کە سەدیقی ئەنجیریان بە ئۆپۆزسیۆنێکی دژ بەرژێمی شاهەنشاهیی ناساندووەو دواتریش دانپێدانانی ئەو کەسانەیان وەرگرتووە کە لەم دۆسیەدا پەنجەی تۆمەتباریان بۆ درێژ دەکرێ، یان پارتی دیموکرات و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول بەسەرۆکایەتی مەلامستەفا بارزانی کە تەنیا هێزی بالادەست و خاوەن بڕیاربوون لەو

ناوچەیەی تاوانەکەی تێدا کراوە، چ خودی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش کە بەدوای زانینی چارەنووسی سەرکردەیەکی بێسەروشوێنکراویدا کەوتووە، ناکرێ هەروا بێباکانە بەسەر ئەو تاوانەو بکەرەکانیدا تێپەڕین و لێکۆڵینەوەی خۆیان لەبارەوە نەکردبێ!!) بەڵگەی یاسایی چەسپاو بخاتە بەردەم دەزگای دادپەروەریی و تاوانکاری راستیینە لەم دۆسیەدا ئاشکرابێت و دادپەروەریی بچەسپێت!!

بەهەر حاڵ ، ئێمە لەم کۆڵینەوە مێژووییەدا، جگە لە گەڕانەوە بۆ قسە وتراو و بیستراو و نووسراوەکانی شایەتحاڵ و بایەخدارانی دۆسیەی بێسەروشوێنکردنی سەدیقی ئەنجیری و پێشکەشکردنی سەرنج و تێبینی و ئاراستەکردنی هێندێك پرسیارو دەرخستنی هەندێ بۆچوون چارەو رێبازێکی دیکەمان لەبەردەمدا نییە تاکو هەڵهێنجان و وەڵامێك بۆ هۆکاری تاوانەکەو ئاماژەیەك بە ئەنجامدەرانی بخەینە بەرچاو کە مەرج نییە لەسەدا سەد راست بن هەتاکو وەك وترا لەرێگای لێکۆڵینەویەکی تاوانکارییەوە راستیی و ناڕاستیی شتەکان لێکتر جیانەکرێنەوەو ئەو بۆچوونانە نەسەلمێنرێت.

دیارە بەشێکی بەرچاوی ئەوانەی قسەیان لەم بابەتە کردوە وەك : سەعید کاوە[٣٧] ، مەلا رەسوولٚ پیش نماز، حەسەن رستگار، مەلا

[37] سەعید کاوە لە بیرەوەرییەکانی نووسیویەتی : " کەمتر لە سەد میترمان لەگەڵ بنکەی مەلا مستەفا نێوان هەبوو. ئەحمەد تۆفیق لەبن دەستی مەلامستەفادا بەرنامەی تاوان و مرۆڤکوژی داڕشتبوو...هەمووومان لاوی خوین گەرم بووین، لەهیچ شتێك نەدەترساین و نەدەپرینگاینەوە...پێمان وابوو ئەگەر رۆژێك بچینە لای مەلامستەفای بارزانی و کردەوەی نێوخۆیی کاك ئەحمەدی بۆ باس بکەین، جگە لەوەی پشتیوانی مان لێدەکا و بۆ کاری سیاسیش دوای هەرشتێکی لێ بکەین و بۆ هەر هەرەکەتێکی سودی کوردی تێدا بێ یاریدەمان دەدا، ئێمە لاوی بێ



محەمەدی خزری، و حەمەدەمینی سیراجی، هۆکاری بێسەروشوێنکردنی سەدیقی ئەنجیریان بۆ ململانێ و ناکۆکییە نێوخۆییەکانی نێو خودی حیزبی دیموکراتی کوردستان گەڕاندۆتەوەو رێبەری یەکەمی حزبیان کە ئەحمەد تۆفیقە بە پلاندارێژەری ئەو تاوانە تۆمەتبار کردووە[٣٨] گوایە سەید حەسەنی ئیسحاقی برازای راسپاردووە لەگەڵ سێ پێشمەرگەی تردا بەناوی مراد رەسوڵ عەلی لەیلان و مراد حاسڵ و محەمەدی میرزا عەوڵا ئەو تاوانە ئەنجام بدەن.[٣٩]

ئەزموون و دڵ پاك و سادە لەسەر ئەو بیروبۆچون و نیازە پاکە هەنگاومان هەلدێناوە، ئیتر نەماندەزانی لەنێوان بارزانی و ئەحمەد تۆفیق دا چ دەگوزەرێ چیان کردوەو چ گرێدراوەیەکیان بەیەکەوە هەیە!

بەڕاستی ئێمەی لاوو تازەپێگەیشتوو تا بڵێی بێ تەجروبەو ئەزمون بووین. ئەوەی بە زاهیر دەمان دیت هەر ئەوەشمان دەزانی، نەمان دەزانی دنیا هەر ئەوەندە نیەو هەزارو یەك فڕوفێڵ و بەندو بەستی تێدایە! ئێمە ئاگاداریمان بەسەر هیچ شتێکدا نەبوو."

بڕوانە: ئاوڕێك لەبەسەرهاتەکانی خۆم و رووداوەکانی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ، ل ٨٥–٨٦.

[38] کۆنگرەی دووەمی حیزبی دیموکرات و کارەکانی پێشووی ئەحمەد تۆفیق بەشێکی هۆکاری ناکۆکییەکانی نێوان ئەحمەد و سەدیق پێکدەهێنا ، بەگوێرەی راپۆرتێکی ساواك ،لەکۆنگرەی دوومدا، سەدیقی ئەنجیری پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە دەبێت ناوی عەیزی یوسفی و غەنی بلوریان بهێنری و رێزیان لێ بگیرێت و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دابنرێن، هەروەها مەسەلەی لێپرسینی چارەنوسی ئەسعەدی خودایاریشی لەکۆنگرەدا ورووژاندو. بڕوانە:

چپ در ایران، موضوع علت اختلاف صدیق انجیری آذر و احمد توفیق و تشکیل سومین کنگره در عراق، تاریخ: ٤٥/١/٨، شماره ٢١٢. ل ٤٥٣.

[39] بەپێی راپۆرتێکی لقی ساواك لە ئازەربایجانی غەربی، دوو پێشمەرگەی حیزب بەناوی مەلا ئیسماعیل خەڵکی لاهیجان و شاتمان کە خەڵکی گەورکە پێتر چوونەتە لای سەدیقی ئەنجیری لەدەربەند و دانیان بە پەیوەندی نێوان ئەحمەد تۆفیق و تاقمی موڕادی شیرێژ ناوەو بەڵگەیان خستۆتە بەردەست، راپۆرتەکە دەڵێت پاش کوشتنی سەدیق ئەو بەڵگانە سەرنگون بوون. بڕوانە:

چپ در ایران ، از ساواك استان اربایجان غربی به تیمسار ریاست سازمان و کشور، عنوان: درباره سالار حیدری ، تاریخ: ٤٦/٤/٢٢، شماره: ٢٠٦٢/ه، ل ٤١٧.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەوەڵامێکدا سەبارەت بە دەرکردنی ئەحمەد تۆفیق لەحیزبی دیموکرات، باسی مەلا سەید ڕەشید دەگێڕێتەوە کە ئەندامێکی ڕێبەری حیزب بووەو لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق لەناوچەی کانی ماسییەوە لەبەرواری باڵاوە لەساڵی ١٩٦٩خۆیان ڕادەستی حکومەتی عێراق کردبوۆوەو لەبەغدا لێی جیابووە، گوایە هۆکاری جیابونەوەکەشی دانپێدانانی خودی ئەحمەد تۆفیق بووە بە کوشتنی سەدیقی ئەنجیری.





مەلا سەید ڕەشید                عەبدوڵڵای حەسەن زادە

حەسەن زادە، دەڵێت: " کاک مەلا سەید ڕەشید بۆ خۆی بۆی باسکردین کە لەسەر چی لێی جودا بۆتەوە. گوتی کە ڕۆیشتین هەر کە لە چیای "پیرس" دەهاتینە خوارێ "پیس پیس" بۆی گێڕامەوە کە



سەدیقی ئەنجیری ئەو کوشتویەتی."[40] هەروەها محەمەدی خزری دەڵێت کەریمی حیسامی لەساڵی ١٩٨٠دا پێی وتوە کە محەمەدی میرزا عەولا دانی بەوەدا ناوە کە لەگەڵ سەید حەسەنی ئیسحاقی ئەو کارەیان کردووەو سەید حەسەنیش لە کاتێکدا گەڕاوەتەوە بۆ ئێران چۆنیتی کوشتنی سەدیقی لە دەمی لێکۆڵینەوەی ساواکدا دانپێداناوەو پاش شۆڕشی ئێرانیش ئیتلاعات بانگیان کردووەو لەوبارەیەوە لێکۆڵینەوەیان لێ کردووە.[41]

شایەنی باسە، مەلا سەید ڕەشید پاش جیابونەوەی لە ئەحمەد تۆفیق و هەتا ساڵی ١٩٧٩ بەنووسین هیچ شتێکی لەم بارەیەوە نەنووسیوەو وەك بەڵگەش هیچی نەخستۆتەبەردەست، تا ئێستا هیچ وێنەیەکیش لەو دانپێدانانەی گوایە سەید حەسەن بۆ ساواکی درکاندوە بڵاونەکراوەتەوەو خودی حیزبی دیموکراتیش کە ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٠ لە مەهابادو ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن پێگەو دەسەڵات بووە بەلای سەید حەسەنی ئیسحاقیدا نەچوون! جگەلەوەی خودی نووسەری ئەم کۆڵینەوەیە چەندین جار لەگەڵ سەید حەسەندا بە تەلەفۆن قسەی کردووەو سەبارەت بەو تۆمەتبارکردنە لێیپرسیوە، ناوبراو هەمیشە بەتەواوی ڕەتیکردۆتەوە کە دەستی لەتاوانی بێسەروشوێنکردنی سەدیقی هەنجیری دا هەبێت و ڕاشیگەیاند کە ئەو تۆمەتبارکردنانە قسەی بێ بنەمان و لای ئەو هیچ ئیعتیبارێکیان نییەو بۆخۆیان باش دەزانن کێ لەپشت ئەو تاوانەوەیە!

---

[40] ئەزموونی خەبات، ئاوڕێك لەژیان و خەباتی عەبدوڵڵا حەسەن زادە ، وتووێژی هەیاس کاردۆ، هەولێر، ٢٠١١، ل ٨١.

[41] محەمەد خزری ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢.



ئەحمەد تۆفیق

دواتر پێویستە ئەو پرسیارانەش لەبیرنەکرێن کە ئەحمەد تۆفیق پێش ئەنجامدانی تاوانی بێسەروشوێنکردنی سەدیقی ئەنجیری، بەماوەی مانگ و نیوێك لەلایەن مەلا مستەفای بارزانییەوە لەناوچەی باڵەکایەتی بۆ گوندی کانی ماسی بەرواری باڵا کە سەر بە ئامێدییە لەسەر سنوری تورکیا دوورخرابۆوە، ئەوەش راستییەکی چەسپاوی مێژووییە، باشە کەسێکی دوورخراوە لەگوندێکی سەر سنوورو لەژێر چاودێری عیسا سوارو ئەسعەدی خۆشەوی بارزانی، دەتوانێ پلانێ بۆ بێسەروشوێنکردنی سەدیقی ئەنجیری دابڕێژرێ کە لەمامەرووت لەلایەن سەعید کاوەی هاوڕێیەوە لەماڵی خالید ئاغای حیسامی بەمەبەستی بینینی مەلا مستەفا بارزانی جێهێڵراوە، پلانێ کە نە ئەو کات و تەنانەت دوای نیو سەدەش لە جێبەجێکردنی سەرەداوەکانی و تاوانکارەکانی بەناڕوونیی و نادیاریی بمێننەوە ؟!!!



سەلاحودینی موهتەدی، کە پێشتر پێی وابووە ئەحمەد تۆفیق تۆمەتباری یەکەمی تاوانی بێسەروشوێنکردنی سەدیقی ئەنجیرییە، لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەو بابەتە دەڵێت:" شتێکم بیستووە! کە ئەوە گومانی خستۆتە سەر ئەم بۆ چوونەم! ئەویش ئەوەیە گوایە صەدیقی ئەنجیری وەختێك کوژراوە، کە ئەحمەد تۆفیق لە سۆران نەماوە، تەبعید کراوە بۆ بادینان و لەبەرواری باڵا بووە ، ئەگەر ئەمە تەحقیق بکرێ لەبارەی تەئریخی جەریمەکەوە کەی بووە؟ ئەحمەد تۆفیق لەکوێ بووە؟ ئەمە تاڕادەیەك دەردەکەوێ کە دیارە ئەگەر وابووبێ و لەبادینان بووبێ!!؟ ئەحمەد تۆفیق لەوێ ڕا دەستی نەبووە ئەم کارە بکات، بەڵام ! حەسەنی برازای لەوێ مابووەوە!!؟ لەبەر ئەوە دوور نییە سەرکردایەتی شۆڕش ، چ بە ئاگاداری ئەحمەد تۆفیق، چ بێ ئاگاداری ئەحمەد تۆفیق! من باوەر ناکەم ئەحمەد تۆفیق بۆ خۆی ئەم کارەی کردبێ!!؟ بەڵام دوور نییە سەرکردایەتیی شۆڕش کەڵکیان لە حەسەن وەرگرتبێ!، هەرچەن ئەم سەرکردایەتییە پان و بەرینە و ئەو هەموو پێشمەرگەو ئەو هەموو خەڵکەی لەبەردەستدا بووە! موحتاجی ئەوە نەبوو بە حەسەن ئیش بکات."[42]

لەلایەکی ترەوە، کەسانێکی دیکە هەن کە تاڕادەیەکی باش ئاگاداری رووداوەکانی ئەو سەردەمەن، پێیان وایە کە ئەحمەد تۆفیق لە رووداوی بێسەروشوێنکردنی سەدیقی ئەنجیری دا رۆڵی نەبووە. کاك رەئووف مەلا حەسەن کەماوەیەك بەرپرسی بنکەی (سونێ)ی حیزبی دیموکراتو کاتی روودانی تاوانەکەش لەبنکەی شێخان بووە کە

[42] تراژیدیای براکان، ل ١٤١.

ئەوکات پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی لایەنگری ئەحمەد تۆفیقی لێ بووە ، لەوەڵامی پرسیارێکدا، کە ئایا ئەحمەد تۆفیق چ دەستێکی لەو بێ سەرو شوێن کردنەی سەدیقدا هەبووە؟:



نووسەر لەگەڵ وەستا رەئوف مەلا حەسەن

وتی: " نا وەڵاهی کاك ئەحمەد تۆفیق ئەوکات زیاتر لەمانگێك بوو لەو ناوە دوور خرابۆوە، چەندە گورگ پەیوەندییان بەخوێنەکەی یوسفەوە هەبووە، ئەحمەدی بێ ئاگاش هەر ئەوەندە دەستی لەو کارەدا هەبوو، بەڵام ئیدی قەڵەم بەدەستی دوژمنەوەیەو چەند ساڵە هەر تاوانێکی کراوە هەوڵدەدەن بیسون بەسەری ئەحمەددا کە دیارە نەماوە تا بەرگریی لەخۆی بکا."[43] هەروەها لەوەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەسەید حەسەنی ئیسحاقی کە ئایا کەسێکی تاوانکار بووە؟! بەپێکنینەوە وەڵامی دایەوە :" سەید حەسەن گەنجێکی قۆشمە بوو

[43] چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٠٦/٤/١٣.



ئێمە هەمیشە گاڵتەو شتی وامان لەگەڵ دەکرد هی ئەوە نەبوو پیاوکوژو فڕێنەر بێت و تاوانی ئاوا گەورە ئەنجام بدات و بیشارێتەوە!!" [44]

هەر لەو بارەیەوەو لەچاوپێکەوتنێکدا (حەمەی عەزیز کە ناسراوە بە حەمەی عەزە دۆم )و ئەو کاتە سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی بوو، وتی: "من رۆڵی ئەحمەد تۆفیقم لە بێسەروشوێنکردنی سەدیقی ئەنجیری لەکەسانی دژ بە ئەحمەدەوە بیستووە، جارێك بۆ خۆم ئەو مەوزوعەم لەگەڵ ئەحمەددا کردەوە، ئەحمەد واباسی لەمەسەلەکە دەکرد وەك ئەوەی کەسێکی دۆستی لەدەست چووبێت، نەك وەك ئەوەی کەسێك بووبێت کە بۆ خۆی دەستی لە لەنێوبردنیدا هەبووبێت." [45]

لێرەشدا دەتوانرێت چەند پرسیارێك بکرێت ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئەحمەد تۆفیق یان سەید حەسەنی ئیسحاقی برازای ئەنجامدەری ئەو تاوانە بن، ئەوە چۆن بووە سەرکردایەتی شۆڕش و خودی مەلامستەفاش سەبارەت بەو تاوانە کاردانەوەیان نەبووە؟! خۆ ئەحمەد تا نزیکەی ٤ ساڵ پاش ئەو رووداوە تەبعیدی بارزانی بوو لە کانی ماسی و دەتوانرا بە کۆڵینەوەیەك هەموو وردەکاریی رووداوەکەیان لێوە بزانیایە! بەڵام ئەوەی لەو قۆناغەدا بیستراوە تەنیا پرۆپاگەندەی بوونی دەستی ئەحمەد تۆفیقە لەو تاوانەدا!

هەروەها سەید حەسەنی ئیسحاقیش پاش ماوەیەکی کەم لەو

[44] هەمان سەرچاوە.

[45] چاوپێکەوتن، سلێمانی، ٢٠٠٦/٤/٢١.

ڕووداوه، ئەحمەد تۆفیقی لەکانی ماسی جێهێڵاوەو لەگەڵ ئیدریس بارزانیدا بووه کە ئەو دەم ببووه بەرزترین فەرماندەی شۆڕش و لەجیاتی ئەحمەد تۆفیق ببووه دەستە ڕاستی مەلا مستەفا. محەمەدی خزری لەم بارەیەوه دەڵێت:" ڕۆژێك لە چۆمان لە پێش چایی خانەی شێخ ئەحمەد دانیشتبووم، چاوەڕوانی ماشینم دەکرد بگەڕێمەوه بۆ خەلان. لەو کاتەدا دوو ماشین لەندوەری پڕ بارزانی هاتن لە چۆمان ڕایانگرت و سەفەریەکانی دابەزین. حەسەنی برازای ئیسحاقی لە لەندوەرێك هاتەدەر. کە سەرنجی داو منی دیت، هات بۆ لام و سلاوی کردو یەکترمان ماچ کرد. زیاتر لە ساڵێك دەبوو یەکترمان نەدیتبوو. دەستمان کرد بە حاڵ و ئەحواڵ پرسین، ئەحواڵی کاك ئەحمەد تۆفیقم پرسیار کرد. حسن گوتی من دەگەڵ کاك ئەحمەد نەماوم. دەگەڵم نەدەحاواوە! چەکەکەم بۆ جێ هێشتووه، هاتوومەتەوە ماڵە مەلا مستەفای. من لەو کاتەدا کاك ئیدریسم نەدیتبوو، هەتا کاك ئیدریس بانگی حەسەنی نەکرد، نەمزانی کە حسن لە ماشینی کاك ئیدریس دابەزیوه. پرسیارم لێ کرد نیازت هەیە چ بکەی؟

گوتی: هیچ من ئەوه جارێ لە ماڵی بابی گەورەم–مەلا مستەفا! حسن زۆر بە پەلە بوو خۆحافیزی کردو دەگەڵ کاك ئیدریس بەرەو حاجی ئۆمەران ڕۆیشتن. ئیدی حەسەن م نەدیتەوەدوای ماوەیەك زانیمان کە کاك ئیدریسی ڕەحمەتی حسنی بردۆتەوە ئێران و لای ساواك ئەمینی کردۆتەوە؟!" [٤٦]

[46] محەمەدی خزری، سەرچاوەی پێشوو ل ١٢٠-١٢١.





ئیدریس بارزانی

شایەنی باسە، ماوەیەکی کەم پێش بینینی حەسەنی ئیسحاقی لەگەڵ ئیدریس بارزانی لەلایەن محەمەدی خزرییەوە، هەوڵەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی مەلامستەفا و سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی سەبارەت بە ڕووداوی بێسەروشوێنکردنی سەدیقی ئەنجیری لەئارادا بوو. سولەیمانی موعینی (فایەق) لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی وەك عەبدوڵای موعینی، مەلا مەحمود زەنگەنە ، مەلا قادر لاچینی، مونتەقیم قازی، سەردانی مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی تەنفیزی پارتیان کردووەو هەواڵی ئەو تاوانەیان پێگەیاندون. هەروەها حەمە ڕەسوڵی باوکی سەدیقی ئەنجیری لە ئێرانەوە بۆ سۆراغی کوڕەکەی، خۆی گەیاندبووه باشووری کوردستان و سولەیمانی موعینی نامەیەکی بۆ نوسیبوو تاکو بیگەیێنێتە مەلامستەفاو پاش ڕادەستکردنی نامەکە

بەبارەگای بارزانی بۆ خۆشی لە خەلان لەکاتی بەرێکردنی وەفدی حکومەتی عێراق لەلایەن بارزانیەوە چاوی بە مەلامستەفا کەوتووە.

محەمەدی خزری کە خۆی لەگەڵ حەمە رەسوڵدا بووە، بەمشێوەیە باس لە دیدارەکەی نێوان هەردووکیان دەکات:

" کاک حەمە رەسوڵ بەرەو بارزانی رۆیشت، کاک ئیدریس گوتی: مامە کارت بە کێ یە؟ بارزانی سەرنجی نەدابۆیە. ئیدی کاک حەمە رەسوڵ بە دەنگێکی بەرز و کەمێ ویقارەوە سێ چوار میتر دوور لە بارزانی گوتی: سەلاموعەلێکم سەرۆك بارزانی!



بارزانی سەرنجی دایەو زۆر بەرێزەوە وەڵامی سڵاوەکەی داوە، فەرموی : مامە کارت بە من هەبوو؟

...کاك حەمە رەسوڵ ئەو جارە گوتی جەنابی سەرۆك بارزانی من بابی سەدیقم.

بارزانی : سەدیق کێ؟



: سەدیقی ئەنجیری ئازەر، ئەندامی ك. ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان، گوایە ماوەیەك لەوە پێش بەنیازی چاوپێکەوتن بۆ خزمەت جەنابتان هاتووەو میوانی کاك خالیدی حیسامی بووە لە رادیۆی شۆڕش. ئیتر لەو دەمەوە کەس چاوی پێی نەکەوتۆتەوە و بێ سەرو شوێنە!

بارزانی: چەند شەو لەوەپێش هەر تۆ نەبووی نامەیەکت بۆ ناردبووم؟

گوتی: بەڵێ سەرۆك من بووم.

لەو کاتەدا کاك ئیدریس لە تەنیشت بارزانی ڕاوەستابوو، بارزانی فەرمووی : ئیدریس! من نەگوتە تە!

گوتی بەڵێ ئەزبەنی، من پێم گوتوە کە ، ئێمە تەحقیق دەکەین ئینشالاکوڕەکەت وەدی دێ و ناڕەحەت مەبەو...

بارزانی زۆر بە میهرەبانی دڵی کاك حەمە رەسوڵی داوە :

گوتی: مامە ناڕەحەت مەبە ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ دۆزینەوەی ئیشاڵڵا کوڕەکەت وەدی دیت و پێك شاد دەبنەوەو ..."[47]

لە راستیدا ، وا نیو سەدە بەسەر ئەو تاوانەدا تێپەڕ دەبێ و ئەو تەحقیقە هێشتا دیار نییەو بۆ کەس ئاشکرا نەکراوە، ئەوەش وایکردووە هەڵهێنجانی ئەو تۆ بکرێت کە زیاتر لە لایەنێ دەستیان لە ئەنجامدانیدا هەبووەو کاریان بۆ شاردنەوەی شوێنەوارەکانی کردووە، وەك ئەوەی خدر مەرەسەنە لە گێڕانەوەکەیدا ئاماژەی بەپلانی ساواك کردووە، ئەو ساواکەی لەو قۆناغەدا چۆن بەئاسانیی دەیتوانی لەتارانی پایتەختی ئێراندا هەڵسوڕێت ئاوهاش لەناوچەکانی باشووری

[47] هەمان سەرچاوە. ل ١١٦-١١٧.

کوردستان و ژێر دەسەلاتی شۆڕشدا بێ سڵەمینەوە هەڵدەسوڕا و ئامانجی یەکەمیشی تەفروتوناکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لەنێوبردنی سەرکردەکانی بوو، لەم رووەشەوە دەکرێ مەسەلەی دوورخستنەوەی ئەحمەد تۆفیق بۆ کانی ماسی لەبادینان و پاشتر بێسەروشوێنکردنی سەدیقی ئەنجیری وەك یەکەم ئەڵقەی تاوانی "قەتڵێکی زنجیرەیی" بێتەپێش چاو، ئەوەی دواتر تێکڕای ئەوانەشی گرتەوە کە خەمخۆری دیارنەمانی سەدیق بوون و بەگەرمی سۆراغیان دەکرد وەك : مونتەقیم قازی ، مەلا رەحیم وێردی، سولەیمان موعینی..هتد، بگرە زۆربەی ئەوانیش بەهەمان شێوەی سەدیق لەنێوبران بەبوونی ئەو جیاوازییەی کە تەرمی ئەوان رادەستی ئێرانییەکان و ساواك کرایەوە!!!

ئەوەی یوسف ریزوانی (عەبدوڵڵا شلێر) بیستساڵ لەمەوبەر واتە لە ساڵی ١٩٩٦ دا، لەنامەیەکیدا بۆ کاك (عەلی کەریمی) درکاندووە، زیاتر جێگای سەرنجە ناوبراو نووسیویەتی:

" کاك سەدیقی ئەنجیری بەمەزڵوومی لەدایك بووو بەمەزڵوومی بەهۆی سازمانی ئەمنیەتی شاهەنشاهی لەعێراق بەدەستی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی عێراق (زەکی کامیل) خەڵکی ئاکرێ کەپێشمەرگەیەکی کاربەدەستی پ.د.ك بوو شەهید کراو کوژرا. کاك سەدیقی ئەنجیری لەلایەن کاك هەژاری موکریانی دەعوەت و بانگ کرابوو کە وەك باس دەکەن حسن اسحقی ش دەستی لەو تاوانەدا هەبووە. بەلام لە هەمووی سەیرتر بۆ دەبێ کاك هەژاری شاعیرو دڵسۆزی کورد !! بە خۆی ئیجازە بدات ئەو جینایەتە گەورەیە



بشارێتەوە!!"[48]

شایەنی باسە، مەسەلەی کێشەو بەگژ یەکترداچوونەوەی سەدیقی ئەنجیری‌و زەکی ئاکرەیی کە کەسێك بوو هەمیشە چەند پێشمەرگەی لەگەڵ بوو، وەك نامەبەری ئیدریس بارزانی لە نێوان مەکتەبی سیاسی وحاجی ئۆمەراندا بە جیبێکەوە لە هاتووچۆ دابوو، پێشتریش لەساڵی ١٩٦٣دا مەلامستەفا بارزانی بۆ سەندنەوەی بنکەی سونی لە پێشمەرگەکانی حەسەن رستگارو کۆمیتەی ساغکەرەوەو چەککردنیان ناردبوی، مەسەلەیەکی شاراوە نییەو کاتی خۆشی زۆر بڵاو بوو. وەك ئەوەی محەمەدی خزری لەبیرەوەرییەکانیدا باسی دەکات‌و ماوەیەك پێش شوێنەونکردنی سەدیق پرسیاری لەبارەوە لێ کردووەو گومانیشی لێدەکا لە لایەکەوە تەحریك کرابێ!!

لەوانەیە کۆنترین بەڵگەنامەی فەرمیی لایەنێکی سیاسیی کە ئۆباڵی بێسەروشوێنکردنی سەدیقی ئەنجیری خستبێتە ئەستۆی مەلامستەفا بارزانی و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی تێدا وەك تاوانکاری سەرەکیی خرابێتەبەرچاو، ئەو بەڵگەنامەیە بێت کە یەکێتی قوتابیانی کوردستان–عێراق (باڵی مەکتەبی سیاسی) تەنیا دوو ساڵ پاش ئەنجامدانی ئەو تاوانە، واتە لەساڵی ١٩٦٨دا، بەزمانی عەرەبیی لەژێر ناونیشانی " بمناسبة مرور سنتان على المنهاج الوزاري ٢٩/حزيران/ ١٩٦٨ (الحل عند جماهير الشعب العراقي وليس عند الحكومة العراقيه"بڵاوکراوەتەوە. لەم بەیاننامەیەدا تێکڕای رووداوەکانی کوشتن

[48] عەلی کەریمی، ژیان‌و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٣٩٤.

و فڕاندن و رادەستكردنەوەی پێشمەرگەو كادرانی حیزبی دیموكراتی كوردستان لەساڵانی كۆتایی شەستەكاندا وەك پاكێجێك لە تاوانكاریی پێشاندراوەو لەژێر سەردێڕی " ئەی جەماوەری قوتابیانی كوردستان و ئەی گەلە مەزنەكەمان- پیلانەكانی رسوا بكەن ( پیلانی كۆنەپەرستی ئێرانی و كۆنەپەرستی كوردیی دژی گەلی كوردمان لە كوردستانی ئێران) دا هاتووە:

" نزیكەی بۆماوەی دوو ساڵە بارزانی هاوكاری دەسەڵاتدارانی ئێرانیە لە راوەدونانی هاوڵاتییە كوردەكان لە كوردستانی ئێران. تاكو ئێستا ژمارەیەك لە ئەندامان و رێبەرانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانی رادەستی دەسەڵاتدارانی ئێرانی كردۆتەوە لەوانەش (سەدیقی ئەنجیری)، ئەوانە لەلایەن دەزگای سازمانی ئەمنیەت و هەواڵگری ئێرانییەوە داواكرابوون و كاتی خۆی هاتبونە كوردستانی عێراق، كاتێ بارزانی دژیان بایدایەوە كۆمەڵێكی زۆر لەوانە ناچاربوون بگەڕێنەوە بۆ كوردستانی ئێران، لەوێ لەگەڵ هێزە ئێرانییەكان تووشی پێكدادان بوون و هێرشی رێكخراوی هاوبەشی بارزانی و دەسەڵاتدارانی بەكرێگیراوی ئێرانی كراوەتە سەریان، بارزانی ژمارەیەك لە شوێنكەوتوانی خۆی ناردووە لەو كارەدا بەشداربن و بەو دواییەش یەكێ لە رابەرەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران كە (فایەق) ی تێكۆشەرە لەلایەن بارزانییەوە قۆڵبەست كراوە و نازانرێ داخۆ لە زیندانەكانی خۆیدا رایدەگرێ یان رادەستی دەسەڵاتدارانی ئێرانی دەكاتەوە، ئەوە ئەگەر تاكو ئێستا هێشتا لەژیاندل مابێ و نەكوژرابێ...هەموو كوردێكی دڵسۆز زۆر بەداخە بۆ ئەم هەڵسوكەوت و كارانەی بارزانی بۆ خزمەتی كۆنەپەرستی ئێرانی ئەنجامیان دەدات كە



مەبەست لێی توندكردنەوەی كۆت و بەندی چەوسانەوەو ئیستیغلالی گەلەكەمانە. بارزانی كە لە كوردستانی عێراق دەسەڵاتی رەهای هەیە بەناوی فەرماندەی شۆڕش و رابەری گەل و بەناوی میلەتەوە قسان دەكات و یاری بە چارەنووس و ئایندەیەوە دەكات بۆچی دەست لە كاروباری گەلی كورد لەئێران وەردەدا؟! تۆ بڵێی بیەوێ ئەوانیش وەك رەعیەتەكەی خۆی لەعێراق لە سۆزی باوكایەتی بێبەش نەكا یاخود ئەوانیش لەوانەن كە غەزەبیان لێ گیراوە؟!"[49]

هەروەها بەیاننامەیەكی فەرمی كۆمیتەی ناوەندی خودی حیزبی دیموكراتی كوردستان كە لە ١٥ی رەزبەری ١٣٥٨ ی هەتاوی بەرامبەر بە ٧ی ئۆكتۆبەری ١٩٧٩دا سەبارەت بە ئاكارو كردەوەكانی قیادە مۆقەتە بڵاوكراوەتەوە كە هەمان دیدی بەیاننامەكەی یەكێتی قوتابیانی كوردستانی دووبارە كردۆتەوەو تێدا هاتووە:

"هەر لەسەرەتای جوڵانەوەی كوردستانی عێراق كە لە ساڵی ١٣٢٠ەوە دەستی پێ كرد، گەلی زەحمەتكێشی كوردستانی ئێران یارمەتی ئەم جوڵانەوەیان داوە، بەداخەوە بەڕێوەبەرانی جوڵانەوە بە سەرۆكایەتی بارزانی كە چارەنووسی جوڵانەوەكەیان بە رژێمی شاوە بەستووەو بەرامبەر بەو هەڵوێستە ئینسانی و نیشتیمان پەروەرانەیەی خەڵكی كوردستانی ئێران خەباتگێرانی كورستانی ئێرانیان خستە ژێر فشارو تەنانەت وەزعیان گەیاندە ئەو رادەیە كە هێندێك لەوانە وەك سولەیمانی موعینی، خەلیل شەوباش، سەدیقی ئەنجیری و هاشمی حەق تەڵەب و هێندێكی دیكە لە

---

[49] بڕوانە بەڵگەنامەی ژمارە ٤١ لە : رێكخراوە دیموكراسیی و پیشە یی یەكان لە چەندین بەڵگەنامەی مێژووییدا ١٩٥٨-١٩٦٨، كۆكردنەوەو ئامادەكردنی: شازین هێرش، چاپی دووەم ، ٢٠٠١، ل ١٥٥-١٥٦.

**خەباتكارانی كوردی كوردی ئێرانیان كوشت و چەند كەسێكشیشیان تەسلیمی رژێمی شا كرد كە لەپاشان ئیعدام كران.**

**راستی ئەوەیە كە لە ساڵەكانی دوایی جووڵانەوەی كوردستانی عێراقدا ، سەرۆكایەتی ئەو جوولانەوەیە بە هەموو هێزەوە تەگەرەی خستە سەرە رێگای پەرەئەستاندنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و دیموكراتی گەلی كورد لە كوردستانی ئێران دا." [٥٠]**

**شایەنی باسە، ئەم فشارە هاوبەشەی ساواك و سەركردایەتی شۆڕشی ئەیلول [٥١] بەجۆرێك لەسەر حیزبی دیموكرات و رێبەرایەتییەكەی توندبۆوە كە خودی ئەحمەد تۆفیقیش لەكانی ماسی كەوتەبەر هەڕەشەی گرتن و رادەستكردنەوە، هەربۆیە ناوبراو لەگەڵ مەلاسەید رەشیدی سەقزی و چەند پێشمەرگەیەك كانی ماسیان جێهێشت و هەڵاتن و خۆیان رادەستی رژێمی عێراق كردەوە، پاش ئەویش چەند پێشمەرگەو كادری دیكە بۆ خۆ رزگاركردن هەمان كاری ئەحمەد تۆفیقیان كرد.**

**خدر مەرەسەنە لەو بارەیەوە دەڵێت :" شۆڕش رۆژ لەگەڵ رۆژ لە**

---

[50] بڕوانە پاشكۆی ژمارە (٣)

[51] **رەشید ئەحمەدی دەڵێت :" بەداخەوە وەزعی شۆڕش بەجۆرێك چووبووە ژێر كاریگەری ساواكەوە كە هەر بەرپرسێك لە ناوچەی خۆیدا پەیوەندی تایبەتی بە ساواكەوە هەبووو راستەخۆیش سەفەرو هاتووچۆیان بۆ شارەكان ئێران هەبوو و بەتەواویی گوێڕایەڵ و دەستەمۆی ساواك بوون، ئەمانە وایكردبوو كە نفوزی ساواك لەسەر كاربەدەستانی شۆڕش گەیبووە ئەو پەڕی خۆی و هیچ كەلێنێك بۆ ژیانی ئێمە نەمابۆوە تەنیا خۆتەسلیمكردن بەئێران یان خۆشاردنەوە لە گۆشەو كەنار كە ئەوەش زۆر زەحمەت بوو، مەگەر بە بوونی واستەیەكی بەهێز یان هەلاتن بۆ دەرەوەی كوردستان كە ئەویش زۆر ئاسان نەبوو." بڕوانە:**

**چەند لاپەڕەیەك لەژیانم، بەرگی یەكەم ساڵانی ١٩٥٠-١٩٨٢، چاپی یەكەم، سوید، ٢٠٠٩، ل ١٢٨-١٢٩.**



**دەوڵەتی شا و ساواك نیزیكتر دەبۆوە بەو پییەش مەترسی زیتر دەكەوتە سەر ئەندامانی حیزب. هەر لەو كاتەشدا دەنگۆ هەبوو كە كاك ئەحمەد تۆفیق لەگەڵ مەلا سەید رەشیدی حسینی لە كانی ماسی رایكردووە و خۆی تەحویل بە دەوڵەتی عیراق داوە. ئەو خەبەرە وە راست گەڕا و لەناو حزب و خەڵكی كوردستاندا دەنگی دایەوە. بە چوونی كاك ئەحمەد بۆ لای دەوڵەتی عیراق زەنگی خەتەر زیاتر بوو، چونكە كاك ئەحمەد تەنیا كەسێك بوو كە لەهەموو ئەندامانی حیزب زیاتر لەبارزانی نزیك بوو. كاتێك زانیمان ئەحمەد تۆفیق بەو هەموو خزمەتەی كە بە شۆڕشی پارتی كردبووی دیسان گیانی لە مەترسیدایەو هەڵدێت، ئێمەش بە وەبەرچاوگرتنی ئەو وەزعە هەڵوێستی نابەجێی رێبەرانی شۆڕش لە ڕێگەی بابەكر پشدەرییەوە...پەیوەندیمان بە دەوڵەتی عێراقەوە گرت و لەرێگای ناوبراوەوە وەك پەنابەری سیاسی لەلای دەوڵەتی عیراق قەبوڵ كراین." [٥٢]**

**لەراستیدا، خودی ئەحمەد تۆفیق پاش هەڵاتنەكەی لەكانی ماسی بۆ بەغدا، نامەی بۆ پێشمەرگەو كادرەكانی حیزبی دیموكراتی كوردستان نووسیوە كە بۆ رزگاركردنی خۆیان رێچكەی ئەو بگرن. مەلا رەسووڵ پێش نماز لەوبارەیەوە دەڵێت :" ئەحمەد تۆفیق هەستا رۆیشت ، كە هەستا رۆیشت ١٩٦٩، بەدوی نەفەرێكی خۆی دا، كاغەزێكی بۆ هەموو ئێمە نووسیوە، ئەلعان كاغەزی ئەحمەد تۆفقیم ئەمن هەیە...دەڵێت: لەبەر ئەوەی سەرەڕۆیی شۆڕش و بەرێوەبەرانی شۆڕش كە وەك مەڕی**

---

[52] **ئاوێنەی راستیەكان ، ل ٧٢.**

بێ شوان، وەك قەصاب دەستیان لە کوشتنی یەك بە یەکی ئێمە ناو بۆ هەتیوی قولیخانی رەزاشای ...و ئێمەیان وەك مەڕی بێ پەروا بێ صاحێب هێشتەوەو هەمویان بە گولە تۆپ ...داین!؟ وە ئێستاش خەبەری دەقیقم هەیە یەك یەکمان وا لێ دەکەن!؟ ئەمن بڕیارم دا لە نزیك شوێنی حکومەت پەیوەندیم گرت، خۆم تەحویل دەدەم تکاتان لێ دەکەم بۆ بەقایای دواڕۆژی خۆتان بۆ مانەوەی خۆتان بۆ مانەوەی میللەتەکەتان ، حیزبی دیموکرات ئێوەش ئەم ڕێگایە بگرن!؟ بمێنن باشترە نەك وەك سولەیمانی موعینی و یەك یەکی ئەوانە لە بەینمان بەرن"[53]



ئەحمەد تۆفیق

[53] تراژیدیای براکان، ل ٧٥-٧٦.



شتێکی سەیرە، لەکاتێکدا ماوەیەك لەوەوپێش بەشێکی کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات بەهۆی سەنترالیزمی فەردی رێبەرایەتی ئەحمەد تۆفیقەوەو پابەندبوون بەدۆستایەتیی و نزیکایەتیی بارزانییەوە تەنگەتاوببوون، ئەمێستا خودی ئەحمەد تۆفیق لەژێر ستەمی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولدا هاواری لێ هەستاوە!! دیارە ئەو هەستە هەر بەتەنیا لای ئەحمەد تۆفیق دروست نەبوو، بگرە زۆر لە کادرەکانی ئەو دەمی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دیموکرات هاتبوونە سەر ئەو باوەڕەی کە بە دەستی بەتاڵ لەگەمەکە هاتنەدەرو فرۆشران، چونکە کاتێك ئەوان هاتنە نێو شۆڕشی باشووری کوردستان و باوەشیان پێدا کرد، لایان وابوو ئەم بەشەی کوردستان دەبێتە بنکەی خەبات و تێکۆشان بۆ رزگاری رۆژهەلاتی کوردستان لەستەمی دەسەلاتدارانی ئێران.



مەلامستەفا بارزانی و ئەحمەد تۆفیق

# پاشکۆ

## پاشکۆی یەکەم: نمونەی بڵاوکراوەی هاواری نیشتیمان


هاواری نیشتمان

هاواری نیشتمان

قوام السلطنه

تاران

ریگای اصلاحات کراوه.



## پاشبەندی ژمارە (٢)

**سەربەخۆیی ودیموکرات ← یەکێتی. خەبات**

**بەیان نامەی دووهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی**

**کوردستان**

دووهـەمین کـۆنگرەی حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان لـەمانگی سـەرماوەزی ١٣٤٣ی هـەتاوی بەرامبـەری نوامبـەری ١٩٦٤ لـەژێر سـێبەری ئاڵای شۆڕشـگێڕانە دروشمـی یـەکێتی. خـەبات. سـەربەخۆ و دیمـوکراتی لـەنێوان لوتکـەکانی چیای زاگـرۆس دەسـتی پـێ کـرد. لەسـەرەتادا نوێنـەرانی کـۆنگرە پـاش خوێندنـەوەی سرودی "ئەی رەقیب هەر ماوە کورد زمان" بۆ بیرەوەری رۆژانی دیبلی کۆیلیەتی هـەڤاڵانی کـە لـەکۆت و زنجیری ئیـستعماری نۆکـەرەکانی شـاو حکومـەتی تارانـدا یەخسیرن. لەگەڵ بردنی نێوی یـەکیان رەشاش و تفەنگی پێشمەرگە قارەمانـەکان دڵ و دەرونـــی ســـوتاوی دۆڵ و چـــیاکان دەزرنگانـــەوە بـــەڕابردووی خوێنـــاوی بەربەرەکانی پر لەشانازی ح. د. ك. وەبیر خستنەوە.

نوێنەرانی کۆنگرە کە هەرکامیان لەجێگایە. لەژێر مەترسی گوللە وە سەرنێزەی دوژمن. بەهەزار زەحمـەت و کوێرەوەری خۆیـان دەربـاز کردبوو بە"نێو" یـەکتریان نەدەناسی لهجەو بەرگ و پشتیان یەك نەبوو بەڵام هەموو تێکڕا زمان و ئاوات و دڵ و دەرونیان یەك بوو. ئەو کۆنگرەیە، لەمێژووی خەباتی کوردستان بۆ هەوەڵین جار، بەشێوەیەکی تایبـەتی و نـەهێنی بـەگورج وگۆڵی و ژیـری و سـەرەبەرزی دوور لەچاوی پیس وگڵاوی حکومەتە بەکرێ گیراوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێك هات.

بەداخـەوە پێویـستە بڵـێین هێنـدێك لەهـەڤاڵان لەبەندیخانـەدا بـوون و بەشـێك لەنوێنەران لەبەر فشارو کۆسپەی دوژمنان نەیانتوانی لەکۆنگرەدا بەشدار بن.

سـەرەتای وتوویـژی دەسـتوری کـۆنگرە بـە "تـەلاوەتی ئایـەتی انـا فتحنـا لـك" لەلایـەن مامۆسـتایەکی ئـاینی خەباتکـەرو کـۆڵ نـەدەر دەسـتی پـێ کـردو لەپاشـان یـەکێك لەهـەڤاڵانی بەڕێوەبـەر مێـژووی ١٩ سـاڵ خـەباتی خوێنـاوی و پـڕ لـەئازارو

جەزرەبەی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بەڕاپۆرتێکی هەموو لایەو بەرین پێشکەش بەنوێنەرانی کۆنگرە کرد:

رابردووی ح.د.ك. لەکاتی جمهوری کوردستان لەو رۆژەوە کە ئاڵای خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێچراوە دوژمنی نەتەوەی کوردو نەتەوەکانی تری ئێرانیانی داروەدستی شاو ئیستعمار توانایی هەوەڵی دامەزراندداو کەم فامی سیاسیو کۆمەڵایەتیوزۆرداری لەسەر سنگو ملی ئەوکاتی حیزب بۆ راکێشاندنی کۆمەڵی وەرزێرانو جوتیارانو رەنجبەران تری لادێکان کە ئوردوی بنچینەیی‌شۆڕش ئەژمێردرێنو هەروەها هێنانە سەر کاری دەرەبەگو فئودالەکان بەشداربونیان لەناو کۆمیتەی ناوەندی حیزبداو زاڵ بوونیان لەسەر جوتیارو "رەعیەت" باعس بوونە حیزبو نەتەوەکەمان لەمەڕ رێکوپێکی بناخەی شۆڕش رێگای بێ بیریو نالەباریو لالوتی بگرێتە بەر.

سەرانی حزد.ك. لەساڵی ١٣٢٥ دا ئۆردوی شۆڕگێڕی وەرزێرو جوتیار بێ بەری بوون لەسەر بناخەی کۆمەڵایەتی پێی خۆی نەچەقاند بوو. هۆیەکانی بنچینەیی ئەو "کایە" بەدۆڕاندنی هەلو هەڵکەوتی زۆر مێژوییو پڕ دەسکەوت دەچوە سەرتاڵیو بێ تەجروبەیەیی بەڕێوەبەرانو پەروەردەو قاڵ نەبونیان لەناو کورەی خەباتی بەردەوامی حیزبایەتی بوو.

هەڕەشەوگوڕەشەی شاو ئەربابەکانی[١٧] لەلایەکەوە "قەولو قەراری" چڵکاو خۆرو نۆکەرەکانی بەدفەڕی ئیستعمار لەلایەکی تر شوێنە ونکەی "لەڕابەرانی" حیزب کردبوو. بەسەر سوڕماویو داماوی خۆیان تەسلیم بەسیاسەتێکی "قەزاوقەدەر" کرد.

ئەو بابەتە راست کە ئەگەر یارمەتی...و "پیشتوان" لەناودا نەبایە حکوومەتی خوێڕیو چڵکاو خۆری تاران بەدوو دڵی لەگەڵ ئیمپریالیزم زووتر لەوەش هێرش و شاڵاوی بۆ سەر جمهوری کوردستان و ح. د. ك. ئەهێنا.

سەرانی ح. د. ك. نەتەنیا لەو هەلو دەرفەتە گرینگە بۆ رێکووپێکی ناوخۆ پتەوی دەوڵەت و قایم کردنی بناخەی لەشکری چەکدارو هێزی پێشمەرگە



سوودیان وەرنەگرت بەڵکو لەسەر سەنیری خاترجەمی پاڵیان دابووە وە پێیان وابوو کە بێشکەی شۆڕش هەتاهەتایسە ئەبێ بەدەست وان رابژێ.

لەلایەکی ترەوە رابەرانی "لای تر" بەهۆی راوێژەکەرە نەزانەکانیان وایان ئەزانی کە ئەو کۆرپە ساوایە پێی هەڵگرتووە. فامی کراوەتەوەو ئەتوانی مافوژیری خۆی بپارێزێ. بێخەبەر لەوەی کە ئەوە مەلۆتەکەیە لەبێشکەدا تاسابوو.

هەروەکی خۆشیان لەکاتی پێوستی پشتگیری پشتیان لەومەلۆتکە تاساوە کردو خۆیان خستە خەوی کەروێشکی.

بەبەرچاوخستنی ئەوبابەتانەی سەرەوە پێویستە بەداخەوە ئیقراربکەین، پێش ئەوەی کەدوژمنی خوێڕی ئامادەگی پەیدا بکاو توانای تێکشکاندنی گەلی کوردی هەبێ سەرانی حیزبو کاربەدەستانی جمهوری کوردستان مەیدانیان بۆ هەڵکوتانەسەر نەتەوەی کورد لەناو دەوڵەتو حیزبدا خۆش کردو هورەیان بۆ قەڵشاندنو تێکدانی خۆمان سازکردبوو. تاگەیشتە ڕادەیەك کەدەستەوئەژنۆ لەدوژمن ڕامابووین کەچیمان بەسەر دەهێنێو کەی دووچاری چەرمەسەریو چارەڕەشی ئەبین!!.

لەکۆنگرەدا لێك دراوە کەکەموکورتی خەباتی حزب لەڕابردوو ودەوری حکومەت ئەوە بوو کەسەرانی ح.د.ك لەنێوان بەربەرەکانی "پارلمانتریزم"و "شۆڕشی چەکدارانە" دامابوون. لەلایەکەوە لە "مجلس شورای ئێرانی" نوێنەری هەبوو کەلە "تریبون" نەك بۆهەڵگیرساندنو خۆش کردنی ئاگری شۆڕش لەناودڵو مێشکی خەڵکی وەرنەگرت بەڵکو. زیاتر لەمەڕ تەئسیرو نفوسی خەباتی پارلمانی حزبەکانی تاران بۆ دامرکاندنی بڵێسەی شۆڕش جاروبار ڕاوێژ دەکرا.

تەواوی ئەوچەكوچۆلانەی کەدەبوایە لەخزمەتی شۆڕش بەکارهێندرابایەو بۆ پارستنی حکوومەتو گیانو ماڵی نەتەوەکەمان هەڵسوڕابایە، لەڕۆژی پێویست دا بێسوودو کەڵك کەوتە دەست"حکوومەتی تاران" دوژمنو داگیرکەری وڵاتمان.

دیارە حزب لەسەرەتای کاردا لەکاتی خۆی دەیتوانی کەهەردوولای خەبات یانی پارلمانیو چەکداری وێگرا بگرێتەپێشو بەژیریو وریایی لەتەواوی هەلو

فرسەتە پێشهاتوەکان سوود وەربگرێتو فریونەخوا. بەڵام لەپێش ئەوکارەدا ح.د.ك ئەبوایە لەشێکی ساخو بیروڕاوێژێکی تەواوشارەزا وتی بینینی گرنگی لەمەڕ نەتەوەی خۆیودوژمنەکانی هەبا.

لەدونیای ئەوڕۆدا مرۆڤ دەکرێت هەم "خودای" بویێ هەم "خورما" بەڵام لەپێش ئەو ئاواتەدا لەسەری پێویستو فەرزە کەخۆی بناسیێو خوداوخورماش بناسیێ تابەتامی" شیرینی خورما" خۆی لیێنەگۆڕیێو بەهەڵەنەچیێ بەبردنی ناوی"خودا" خۆی تەفروتوناو خەڵکیش بەفریونەبا.

کورتیو کەموکوڕی گەورەی خەباتی ح.د.ك ئەوەبوو کەلەخەباتی چەکدارانەی "سمکو" و" قەدەم خێر" وهتد... دەرسوسەرمەشقی وەرنەگرت. شێوەی زیندوو نەمری ئەو قارەمانانەی ڕێگای ڕزگاریو خەباتی بیێکەڵكو سوود هێشتەوە.

لەمەڕ تەسلیم بەدوژمنو هاتنەوەی سوپای داگیرکەر.

هەروەها کۆنگرە هاتەسەرباسی کشانەوەو تەسلیمی بیلا قەیدوشەرتی حکومەتەکانی کوردستانو ئازربایجان کەکاتی خۆی حزبی دیموکراتی قوام السلگنە لەگەڵ زۆر لەکاربەدەستانو خاوەن بیروباوەڕیی فراوانی حیزبی لەتاران "قەرارو مەداریان" بەستبوو وە بەچوونی قوام السلگنە بوو مۆسکۆو کۆبوونەوە لەگەڵ ستالینو دەوروبەرەکەی ئەوی ڕۆژیێ بەدەلیلی داتا ڕاو برینی خەڵکیان بەوە ساڕێژ دەکرد کەگوایا ژێرپیێ خستنی چارەنووسو ڕەنجوکوێرەوەری نەتەوەکانی کوردو ئازربایجان بۆتە قوربانیو بەڵاگەردانی ئازادی گەلی چین.

لەولاشەوە حزبی تودەی ئێرانو دەستەکانی میللی تر کەپێشوو بە زمانو قەڵەمو قەولو قەرار پشتیوانیان لەبزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەی دوو نەتەوەی کوردو ئازربایجان کردبوو تەنانەت بەجوڵانەوەی ئازادی ئێرانیان ناودەبرد ویستیان بەو دەلیلە پڕوپوچانە خۆحەشاردەن وەك کەوەکە سەریان لەبەفر گرتبوو لەشیان بەدەرەوە بوو دەیانەویست ئەوڕاستیە بشارنەوە کەلەو کاتەدا تەواوی هێزی ڕەشو بەدفەڕی شا_ ئەمپریالیزمو دوژمنە سوێندخۆرەکان کلکیان لێك بەستبوو لەتارانەوە "بەدڵنیایی" ڕوویان کردە کوردستان.



وچەپەڵ کەزۆربەی بەرهەمی خەباتی نەتەوەکانی ئێرانیان بیێسوودو کەڵك هێشتەوەو غەدرو دوژمنایەتیەکی گرنگیان لەگەڵ حزبو نەتەوەی خۆیان کرد. بەداخەوە دەری بڕین وەختێك لەگەریشانی هاتنە خوار کەئاولەئاش بڕابوو. وکودەتای ١٨ی مورداد سەرکەوت هەر ئەو دەمەش ئەیانتوانی بەژیریو وریای هێزو تاقەتی خەباتی خڕکەنەوە بەگۆڕنی هەڵویێست دەست بەپەلاماردان بۆ سەر دوژمن بکەن بەڵام ئەو وەختیش هەرچەند بەڕێوەبەرانی ح.د.ك لەگەڵ گەلێك لەکادرەکانی حیزبی تودەی ئێران بەهۆی کۆکردنەوەی ئەسنادو بەڵگەی حیزبی بۆ نیشاندانی نادروستی ڕێگای ڕابردوو دۆزینەوەی ڕێبازێکی ڕووناك لەسەر ئەو دروشمانە:

١–تەقەلا بۆ هێنانە سەرکاری حکومەتی میللی دکتۆر مصەدەق

٢–ڕەواو وەڕوخستنەوەی میللی بوونی نەوت

٣–بیێلایەنی ئێرانی بەکۆمیتەی ناوەندی ح.ت ئێران پێشنیارکرا .بەڵام پێشنیارەکەیان لەژێر پیێی هاوێشت . هەروەها پێشنیاری بەڕێوەبەرانو هەڤاڵانی ح.د.ك لەمەڕ گۆڕینو گواستنەوەی تەکنیكو تاکتیکی حیزبی لەوەوپاش. یانی تێکەڵکردنی ڕێگای خەباتی چەکدارانە لەگەڵ ڕێگای خەباتی شەقامیو پەرلەمانی. بەتایبەتی لەوڵاتی کوردستانو" ناوچەی فارس" وەپاش گویێخراو ئەیانەویست سەرلەنویێ کوێرە ڕێگای پڕ لەهەڵەو گێرەشێوێنی کۆنیان بۆ ح.د.ك برنگێنەوە. لەو کاتەدابوو کەمەسئولانو ڕابەرانی حیزب لەشوگیانی ح.د.ك یان لەو ڕابەرانە جویێ کردەوە ڕێبازێکی تازەو نوێیان وەبەرچاوی خەڵك خستوو بەگویێی ح.ت ئێرانیان ڕاگەیاند کە:

" برامان برایەتیو چیغمان جودایەتی" .

کـــۆنگرە بڕیـــاری دا ح.د.ك ئـــەبێ بەباشـــی و ژیـــری و گورج وگـــۆڵی لـــەو تەنگ وچەڵەمەی سیاسی و ئابوری ئێران و لەهەڵوێست و وەزعی تایبەتی نەتەوەی کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لەگەڵ حکومەتە نیشتمانییەکانی بێلایەن. لەگـەڵ دەوڵەتـە پێـشکەوتووەکانی گێتـی. پێویـستە کـەڵك و سـوود وەرگـریّ و لەوهەل وفرسەتە مەزنە بۆ ڕزگاری نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری ئێران لەهیچ فیداکاری و گیان بازیەك درێغی نەکات.

لەسـەر ح.د.ك فـەرزو پێویـستە کەبـە گـوێرەی هەڵوێـستی تایبـەتی خـۆی. شارییەکی خەباتی چەکدارانەو ڕزگارکەرانـە بـۆ ئێران و نەتەوەکانی بدۆزێتەوەو بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە بەهاوکاری و هاوخەباتی حیزب و دەستە سیاسیەکانی تری ئێران ڕەغەمەڵی بینی.

ح.د.ك و شۆڕشـکۆنگرە بـۆی ڕوون بـووەوە کـەپێش گرتنـی ڕێگـای خـەباتی پەرلـەمانتالیزمو "هەڵبەزدابـەزی شـەقامی" بێجگـە لـەوە کەخـەڵکی ئێـران زیـاتر دوچـاری" سـەرکوتی"و " ملکەچـی و شل وشـەکەتی و سەرشـۆڕی" بکـات (بەخیانەتێکی مسەلەم بەنەتەوەکانی دەژمێردرێت) سوودو کەڵکی ن‌یە.

کۆنگرە سەلماندی کەڕێگای خەباتی ڕاستەقینەن. ڕێگای ڕزگاری نەتەوایەتی. خـەباتی چـەکدارانەو شۆڕشـگێڕانەیە دژی ئیـستعمارو چـڵکاوخۆرانی (شـاو حکومـەتی تـاران)و تـەفروتونا کردنـی بناغـەی هەیئـەتی حاکمـەی ئێـران (سەرمایەداری و دەرەبەگی گەورە).

بـەڵێ تـەنیا ڕێگـای خـەباتی چەکدارانەو شۆڕشـگێڕانەی خوێناویـە کەلەسـەر بیروڕاوێـژێکی نـوێ و تـێبینێکی ژیرانـە ئـەتوانێ تەنگوچـەڵەمەو چارەڕەشـی حیزبایەتی لەناو خەڵکی ئێران بنەڕەت بکات.

یەکێتی‌یەکی ئەوتۆ پتەو نیشتیمانی بۆ ڕزگاری نەتەوەکانی ئێران تـەنیا لـەناو کورەی ئاگری شۆڕشدا وەدی دێت. کۆنگرە بڕیاری‌دا کەلەسەر شانی ڕابـەرانی ح.د.ك فـەرزو پێویـستە کەهەرچـی لەتوانایاندایـە بەتـەواوی هێـزو بیروڕاوێـژی



حیزبایـەتی بۆ گەیشتن بـەئامانجی مـەزنی نەتـەوەکانی ئێران یـانی تێك وپێکدان و ڕوخاندنی ڕژێمی بۆگەنیوی شایەتی و هەڵوەشاندن و لەناو بردنـی یاسا ڕەشـەکانی هەیئـەتی حاکمـەی تـاران و شـاخ و لك وپۆپـەکانی لەسەرانـسەری ئێـران. ئـەبێ لەتەواوی حیزب و دەستە سیاسیەکانی پێشکەوتوی ئێران بگێڕێتـەوەو داوا بکات کەبۆ گەیشتن بەئامانجی گشتی کوێرەڕێگای خەباتی پەرلـەمانتالیزم (کەتـەواوی جـەماوەر لـێ مانـدوبون و پـێ ی وەسـتاون) توڕهەڵـدەن و ڕوو لـەڕێگای نـوێ ی شۆڕشـگێڕانەی ح.د.ك بکـەن. بـەدڵ ودەرونێکی خـاوێن و بـەبیرو هەسـتێکی تـازە دەستی یەکێتی و خەبات بدەنە دەست ح.د.ك لەمەڕ وەدیهێنانی یەکێتیەکی پتـەوی نیشتیمانی بۆ ئازادی ئێران و ڕزگاری نەتەوەکانی.

تەجروبەی شۆڕش لەکوباو جەزائیرو گەلێك جێگای تر بەباشی وەدەری خست کـەڕێگای سـەرکەوتنی شـۆڕش بەهانـدان و ڕێکخـستنی چینی جوتیـارو وەرزێـرو کێـشانی وان بـۆژێر ئـاڵای خـەباتی چـەك و چـەکدارانە لەچـیاو دەشـت و کێـوو پەیوەندی لەگەڵ چینە زەحمەتکێشەکان و بەشخوراوەکانی نەتەوایـەتی لەشارەکان شـۆڕش سـەرناکەوێ و دەبـەزێت. ئومێـدو هیـوا بەسـتن بەخـەباتی سەرشـەقامی خەتایەکی گەورەو ڕەنج بەخەسارییەکی زۆری پێوەیە.

هـەروەها پێوسـتە بزانرێـت کەخووڕەوشـتی حیزبێکـی سیاسـی نـەك لـەڕووی گفت وگوفتار بـەڵکو لەمەیـدانی کردەوەدا نیشان ئـەدرێت. لـەئێران ماوەی خـەباتی خوێنـاوی گـەلی ئێـران دژی ئیـستعمارو شاو نۆکـەرەکانی ڕێگـای پەرلـەمانتالیزم تەنیاوتەنیا بەڕێگای خەبات ئەژمێردرا چ بۆ "جەبهەی میللی"و چ بۆ "ح.ت" ئێران وەچ بـۆ حیـزب و دەسـتە سیاسـیەکانی تـر. لـەو ڕێگایـەدا تـەنیا" جەبهـەی میللـی" بەڕابەرایـەتی موصـەدەق تـوانی بەقەول وقـەراری خـۆی عەمـەل بکـات و بیروبـاوەڕی خۆی وەدی بهێنێ بەسەر ئەو ڕێگەیەدا بەحکومەت بگاو نەوتی میللی بکا هەروەها ئیـستعمارو شـاو هەیئـەتی حاکمـەی تـاران وەهانکـەهانك بخـاو نیـوە گیـانی بکات."جەبهەی میللی" گەرچی بۆماوەیەك توانی گـەلێك کاری شۆڕشگێڕانە بکات بـەڵام توانـایی ڕاگـرتن و پاراسـتنی ئـەو هـەنگاوە بـەرزو شۆڕشـگێڕانەی حکومـەتی میللی دکتۆر مصەدەق نەبوو.

گەورەترین کۆسپو بەرهەڵستی لەم بابەتەوە دوبەرەکیو ناکۆکی لادانی بەڕێوەبەرانی ح.ت ئێران لەگەڵ جوڵانەوەی ئازربایجانو ئەوانیش لەحەیاتی بەربەستی لەپەلاماری ئەو دوژمنە هاوبەشی بکەنو ئەم لەپشتی جەبهە زەڕەباتی یەوە بەشێوەی تێکدەرانەو سابوتاژ لەدوژمن بدەن خۆیان خستبوە گوێی گاو چونەناو خەونی سەرەمەرگەوە بەو مانایە متەقیان لەخۆیان بڕیو هەتا بەناوی ناڕەزایی بیروباوەڕی " شۆڕشگێڕانەو دیموکراتیانەیان" دەرنەبڕی ئابەو جۆرە لەودەمەوە تائێستا شاو ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانو دوژمنانی هاوبەشی نەتەوەکانی ئێرانیان بەسەر بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلەکانی ئێراندا (.) قوام السلطنة بەڕیشی موبارەکی هاوپەیمانەکانو مۆسکۆ– تاران پێدەکەنی.

خوڕەوشتی سەرۆكو سەرانی ئەو جۆرە حیزبانە لەمەڕ "ئەودەست ئەودەست کردن" بۆ وەشاندنی زەڕبەو "خۆگونجاندن"و "خۆدەرخستن" لەکاتی هەڵکەوتی شۆڕشگێڕانە لەپاشەڕۆژەکانی داهاتودا یانی ڕۆژانی ڕەشو تەنگانەی" کودەتای ٢٨ مرداد"دا ڕوناکترو ئاشکراتر وەدی هات.نەخشی شۆڕشگێڕی پێشەوا بارزانی پێویستە بزانین کەهەر لەو کاتانەدا بوو کەقەومی بارزان لەکوردستانی گەرمیان بەڕابەرایەتی پێشەوا بارزانی مستەفا لەقۆناغی خەباتی چەکدارانەی خۆیان بۆناو کوردستانی کوێستان گواستبۆوە پاش ئەوەی کەتەجروبەی خوێناویو پڕ لەشانازی ئەوان دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیزو حکومەتی شای بۆگەنیو– تۆپیوی عێراق لەکاتی پێویستو تەنگانە ح.د.ك بەکاری نەهێنا. بارزانیان بێئەوەی چەك دانێن بەسەر بەرزیو ژیریو گورجوگۆڵی دەستیان بەکشانەوەیەکی چەکدارانەی شۆڕشگێڕی بۆلای یەکێتی شورەوی کرد کەنەتەنیا چەكو تەواوی هێزی حکومەتەکانی ئێرانو عێراقو تورکیاو فڕوفێڵی ئیستعمار نەیتوانی بەرهەڵستیان بکات بەڵکو گشت پسپۆڕەکانی سیاسیو جەنگی دوونیا لەدۆستو دوژمن لەمەڕ بەرزی بیروڕاوێژی چەکدارانەو شۆڕشگێڕانەی بارزانیانو پێشەوا مستەفا بارزانی کۆڵنەدەر سەریان تێدا سووڕماوە.



بەوهۆیەوە نەتەنیا ئابڕو شەرەفی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەی کوردیان کڕیوە بەڵکو دەرسێکی مەزنی مرۆڤایەتیو بەرهەڵستو سەربەرزی بوو، بۆهەموو تێکۆشەرانی خەبات کەری گێتی.

ئەو کردەوە شازو پڕ لەقارەمانێتیە بۆتە ئالآی سەربەخۆیی بیروباوەڕی نەتەوەی کوردو بەو پەندە قووڵو جوامێرانەیە نەتەوەی کوردی بەدونیای ڕاگەیاند کە: " پۆلێکی سیاسیو چەکداری یەکگرتوو، ژیرو پتەو لەژێر سێبەری بیروڕاوێژی مرۆڤێکی فیکریو جەنگی ئەو توانی نەتەنیا لەگەڵ لەشکرێکی پڕچەكو چۆڵی دەوڵەتێك بەربەرەکانی بکاتو ڕوسوورو سەربەرز سەرکەوێت. بەڵکو توانای ڕوخاندنو تێکدانی ئەو حکومەتانەشی هەیە کەبە هەموو چەكوچۆڵو تفاقو پارەیەك لەلایەن دەوڵەتە گەورەکانی ئیستعماریش یارمەتی بکرێن.

بەڵام زۆر لەسەرۆكو ڕابەرانی ئەحزابو دەستە سیاسیەکان کەلەمەڕ بەهەڵەچوون لەسەر بیروباوەڕی ناوخۆوە لادان لەڕێبازی کردەوەو عەمەلی شۆڕشگێڕانەو چەکدارانەو لەڕۆژو کاتی تەنگانەو پێویستدا دەستەو ئەژنۆ لەدوژمن ڕادەمێنن. داماوو کەساسو "بەستەزمان"و "حەپەساو" و خۆیان بۆ گەلو حیزب بێکەڵكو سوود دەهێڵنەوە لێرەدا، پێویستە بەسەربەرزیەوە بڵێین کەزۆربەی ئەو هەڤاڵانەی کەلەماوەی حەڤدەساڵی ژیانی ڕابردووی حیزبمان خاوەن بیروڕاوێژێکی ژیروپتەو، خاوەن مەسئولیەتو ئەركو خاوەن قەڵەمو دڵودەرونێکی خاوێنی مرۆڤایەتیو کوردایەتی بوون. لەماوەی ئەو ١٩ساڵەی خەباتدا. بیروکردەوەی سەرۆکی فیکری بارزانیان لەیاد نەکرد. هەر ئەوانەی ئالآی: یەکێتی، خەبات، سەربەخۆیو دیموکراتیان لەدەست دوژمن ڕفاندو کۆڵان بەکۆڵان. شاربەشارو پایتەخت بەپایتەخت لەسەر شانوشەپیلکی خوێناوی خۆیان ڕاگرتو پاراستیان تاگەیاندیانە سەر لوتکەی شاخەکانی زاگرۆسو لەناو دڵوهەناوی دووهەمین کۆنگرەی ح.د.ك بەرزیان کردەوە.

لەناو نوێنەرانی کۆنگرەدا. کەم نەبوون ئەوانەی کەلە زیندانو ڕەشەچاڵەکانی تاران وەك" قزلْ قەڵا" و "لەشکری دووی زەرهی" و "قەصری قاجار" جەزرەبەو

ئەشکەنجەو چەرمەسەریان کێشابوو هەزاران کۆسپ و کوێرەوەریو هەڕەشەوگوڕەشەی دوژمن سەربەرزیو ژیریو بیروباوەڕی مرۆڤایەتی و کوردایەتی وانی تێك شکاندبوو.

<u>لادانی کۆمیتەچیەکانی حیزبی تودەی ئێران.</u>

هەروەها لەکۆنگرەدا کەم نەبوون ئەو نوێنەرانەی کەبەبیرو کردەوەی خۆیان شاهیدی زیندوی لادانو بەهەڵە چوونی سەرانو ڕابەرانی حیزبی تودەی ئێران لەدەوری هاتنە سەرکاری حکومەتی ڕەشی" ڕەزم ئارا" و بەربەرەکانی لەگەڵ دروشمی "میللی کردنی نەوت" و توڕهەڵدانی نفوزی ئابوریو سیاسی ئیستعمار ئینگلیز لەنێوان "دکتور محمد مصدق" و هاوڕێو هاوخەباتەکانی وی لە" جەبهەی میللی" یان دەکرد. وەلەکاتی تەنگانەو گرنگی مێژوویو نەتەوایەتیدا بەدروشمی چەوتو چەپەڵو نالەبار ئاوایان بەکورگەی ئاشی دوژمنانی سوێندخۆری نەتەوەکانی ئێراندا دەکرد.

لەکاتی گرنگدا کەدکتۆر مصەدەق بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ میلیتاریزمو دیکتاتۆری لەتەواوی حیزبو دەستەکانی سیاسی لەناو "مەجلیسی شورای میللی" دا داوای دەکرد کەهەموو لەڕێگای خەباتی نیشتیمانی یەك بگرن. زۆربەی سەرانی ئەو حیزبە لەباتی تێکەڵبوونو خۆتێکێشان لەخەباتی گشتی نەتەوەکانی ئێران گوێیان بۆ زرموهوڕی چەکمەی دیکتاتۆری " ڕەزم ئارا" شل کردبوو. هەر ئەو لادانە ڕابەرانی ح.ت ئێران لەکۆنگرەی ٢ هەمی حیزبی تودە بەکەموکورتی بڕیاری لەسەر درابوو بەهۆی هەڵوێستێکی چەوتو نەوایەتی ئێران، بەسەرۆکایەتی موصەدەق بوو ئەو حیزبەی کەچەندییەتی کۆمەڵایەتییەکی باشی پێك هێنابوو. بەڵام لەمەڕ چۆنیەتی شۆڕشگێڕانەی حیزبی داماو کەساس کەوتبوو و لەڕۆژی تەنگانەو پێویستدا شعوروفامی دیتنەوەی ئەو "…. ئاڵقەزنجیرەی کەبە هۆی وەدەست هێنانی ئەو. تەواوی لەشی زنجیرەکە ڕادەکێشرێت…" نەیان بوو.



مەسەلەی جوتیارو گیروگرفتی ئەرزی.

کۆنگرەی لەسەر وەزعی ڕەشو ناکۆكو ژیانی نالەباری جوتیارو توێژە زەحمەتکێشەکانی لادێ بڕیاریدا کەگۆڕانی ژیانی تاڵو پڕ لەنەگبەتی ئەوان پێویستە بەبیروڕاوێژێکی تێبینانەی زانستی چارەبکرێت.

زەویوزارو ئاووبەرهەم. بەبێ هێزی باسكو کوێرەوەری جوتیارو ئارەقەی نێوچاوانی وی. هیچ کەڵكو سوودێکی لێ وەرناگیرێ، "دەرەبەگی" کەنیشانەی پاش کەوتوییو چارەڕەشی ئەبێ لەبنەڕەت ڕا هەڵقەندرێت ڕیفۆرمی (ڕواڵەت) ئەرزی کەنێوی "اصلاحاتی ئەرزی" لەنێو ئێراندا کراوەتە ڕاوێژوباو.

شێوەیەکی "ئاڵۆز" و تێکدانو هەڵوەشاندنی پەیوەندی زاڵمانەی نێوانی "ئەرباب" و "ڕەعیەت" لەئێراندا بەدەست تاقمێکی ناڕازیو ئیصلاح خواز پێشنیارکرا بۆ دامرکاندنی دەماری خەباتی شۆڕشگێڕانە لەناو جوتیارانو زەحمەتکێشانی لادێکانی ئێران. فئودالیزمو دەرەبەگی گەورە کەلە ئێران پاڵیوەپاڵی حکومەتی شاو ئیستعمار داوە وەختەتێك ژیانو ئاغایەتی خۆی لەمەترسیدا دیت دەستی بەفڕوفێڵو بەرهەڵست کرد تاگەیشتە ڕادەیەك کەبە یارمەتی شاو ئیستعمارو بێهێزی خەڵك توانی ئەركو تەقەلای ئەو تاقمەیەی کەڵكو سوود بکاو لەزۆربەی جێگاکان نەتەنیا لەشوێنی داندراوی خۆی لایدا بەڵکو بۆ سەرکوت کردنو ئاژاوە نانەوە (لە–ناوخانو دەرەبەگەکانی قەشقاییو بوێر احمدیو مەسەنی لەفارس)و دووبەرەکیو تەفرەقەی سیاسی (لەناو خانو دەرەبەگەکانی کوردستان)و هەروەها بۆ سەرخستنو لاواندنەوەی دەرەبەگەکانی (ژوالفقاری لەزەنگان) نەخشەی شەیتانی خۆی عەمەلی بکات بێئەوەی کەتوێژی جوتیار بەئاواتی خۆی بگات. لەهەندێ جێگا کەزۆر بەکەموکورتی بەشێوەیەکی وەپاش کەوتوو پارچەزەوییەکیان بەسەر جوتیاردا دابەش کردووە لەبەرئەوە کەخۆی ئازاد نییەو لەژێر سێبەری حکومەتێکی دڵسۆزو نیشتیمانیدا نییە هیچ دواڕۆژێکی ئەمینو ئاراومو بەختیارو کامەران شك نابات.

شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە دابەش کردنی زەوی زارو لەبەین بردنی پەیوەندی زاڵمانەی "ئەرباب" و "ڕەعیەت" کەبۆ ح.د.ك لەپێشدایە بەلێکدانەوەیەکی قووڵ ووتی بینێکی نەتەوایەتی بەستراوەتەوە بەڕزگاری سەرزەمینی کوردستان لەدەست داگیرکەرو چەوسێنەرو گەڕانەوەی زەوی‌وزار بەخاوەنی ئەسڵی کە ٩٠٪ دانیشتوانی کوردستان پێك دەهێنن‌و ئەو لە ٩٠٪ ڕەگ‌و پێست‌و لەش‌و خوێن‌و ئێسکی حیزبی دیموکراتی کوردستان یان پێکەوە ناوە.

کۆنگرە دەری بڕی کەتەنیا حزبێکی شۆڕشگێڕ بەهۆی دامەزراندنی حکومەتێکی دیمکراتی ڕاستەقینەی نەتەوایەتی ئەتوانێ ئاساری زوڵم‌وزۆرداری کەهەزاران ساڵە باوە لەبین ببا جوتیار وەرزێری کورد خاوەن زەوی‌وزارو سەربەخۆو ئازادو بەختیار بکات.

ئاغاوەت‌و عەشیرەتە نیشتیمان پەروەرەکان پێویستە تاگەیشتن بەحکومەتێکی دیموکراتی‌و نیشتیمانی کورد. هەڵوێستی خۆیان بەرانبەر بەڕێوو شوێنی سیاسی‌و ئابوری حیزبی دیموکراتی کوردستان بەکردەوەو کردار لەئاست چینی زەحمەتکێش‌و کوێرەوەری کێشی دێهات ڕووناك بکەنەوەو خۆیان نەکەنە داردەست‌و وەرگێڕکەی حکومەتی بۆگەنی شاو ئیستعماری رزیوی بێگانە.

حزبی دیموکراتی کوردستان لەجیاتی "اصلاحاتی ئەرزی" بی‌جیّ‌و ڕێشا"شۆڕشی ئەرزی" یانی ڕزگاری یەکجاری‌و پتەوی خودی جوتیارو سەرزەمینی بن پیّی جوتیارو گشت دانیشتوانی کوردستان دەخاتە بەرچاو. هەروەکی ئەوڕێبازە لەپرۆگرام (مەرامنامە)ی حزبماندا بەجۆری خوارەوە
١١٩
دەنوسێت:

"...حزبی ئێمە سوودی‌خۆی لەوەدا دەزانی کەلەڕێگای خەبات‌و ڕزگاری‌کوردستان لەخان‌و خاوەن مڵکەکانی بەشەرەف‌و کورد پەروەر بگیرێتەوە کەپشتی "حکوومەتی تاران" بەتەواوی بەردەن‌و بەدڵێکی خاوێن‌و بیروباوەڕی کوردانەوە خۆیان لەباوەشی دایکی نیشتیمان‌و ڕێبازی کوردایەتی بهاوێژن‌و پاڵ‌و پاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستان حیزبی ڕزگارکەرو شۆڕشگێڕی نەتەوەی کورد بدەن‌و دەستی خەباتی ئەندامانی حیزب لەدەست گرن‌و بۆ ڕوخاندنی ئیستعمارو



" حکومەتی تاران" لەکوردستان‌و سەرتاسەری ئێران هاوخەباتی حیزبمان بن جابۆیە ح.د.ك لەمەڕ ئیصلاحاتی ئەرزی لەکوردستان بەشێوەیەکی کۆمەلاّیەتی‌و زانستی کوردانە هەنگاو هەڵدەهێنێ.

ح.د.ك لەسەر ئەو بیروباوەڕەیە کەزەوی‌وزارو کشتوکاڵ‌و داروەدەوەن‌و ئاووکانی کوردستان مافی نەتەوەی کوردەو مافی ڕەنیوهێنان‌و دابەشینی ئەرز بەتایبەتی لەمافە تایبەتیە هەرەگرنگەکانی حکومەتی دیموکراتی کوردە کەبەهۆی بەڕێوەبەرانی ح.د.ك وە وەدی‌دێت.

ئەوکاتەیە کەحاکمەیەتی نەتەوایەتی‌و حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ئەرزو ئاو وزەوی‌وزارو دارودارستان دا دەبەشێت.(مادەی ٣٩– بەندی نۆهەم – بەشی شەشەم).

## لەمەڕ ناوەندیەتی حیزب.

کۆنگرە دەری بڕی کەبەهۆی فشارو گرتن‌و بڕین‌و نەبوونی هەل‌وفرسەت ح.د.ك نەیتوانیوە کۆنگرە پێك بێنێت‌و خاوەن مەرکەزییەتێکی قانونی هەڵبژاردەی کۆنگرە یانی کۆمیتەی ناوەندی‌و خاوەن قانون‌و یاسای حیزبی یانی پرۆگرام ببێت. هەر بەو بۆنەیەشەوە ح.د.ك دوچاری گەلێك لادان‌و بەهەڵەداچوون‌و گێرەشێوێنی ئەندامان‌و هێندێك لەکادرەکانی خۆی بوە: "چەپ گەری" و"ڕاست گەری" سەردەمانێك ناکۆکی‌و نالەباری لەناو حیزب خستبۆوە. ڕابەرانی حزب هەر گیروگرفت‌و دەرچوون لەشوێنی خۆیان‌و بەندنەبوون لەجێگایەکی تایبەتی‌و هەروەها دەربازبوونی هەندێك لەهەڤاڵانی ڕابەر بۆ ناوچەی ترو گواستنەوەی قۆناغی خەبات. جاروبار بۆتە هۆی شێوەیەکی کاری فەردی.

بێجگە لەکەم‌وکوڕی سازمانی‌و گیان‌ولەشی حزب لەلایەن دوژمنانی جۆربەجۆرو ڕەنگ بەڕەنگ. وەبەرشالاّو لێدان دراوە لەلایەك ئیستعمارو حکومەتی ((شا)) بۆ تێکشکاندنی لەشی ح.د.ك زۆربەی فشاری دڕندانەی خۆی لەڕێگای

جەزرەبەی زیندان‌و کوشتن‌و بڕین‌و جاسوسی‌و .... بەتەواوی هێزە ڕەشەکانی خۆیان ویستویانە لەشی حیزبی ئێمە زامارو بریندارو درماوی بکەن.

لەلایەکی ترەوە دوژمنانی بیروباوەڕی حیزبی بەپڕوپاگەندەو درۆودەلەسەو کڕین‌و بەهەڵەبردنی هەندێك ناسراوی ڕووڕەش کەوەختی خۆی بە"گرنتیك" سەری خۆیان بۆ خزمەتی سازمانی" ئەمنیەت" شۆڕکردەوە. وەلەکاتێکدا هەم لەتورەکەیان دەخواردو هەم لەئاخوڕ .وەگەلێك کارەساتی دیکە. ویستویانە گیانی حیزبی ئێمە دووچاری مەترسی‌و ئازارو عەزاب بکەن. وەبۆ تێکدانی ڕیزی حزب لەهیچ گێرەشێوێنیەکی چەوت‌وچەپەڵ کۆتاهی‌و درێغیان نەکردوە.

ئەو دوو چەشنە دوژمنانە گەرچی لەدوولاو لەلایەن دووتاقمی ناجۆر لەگیان‌ولەشی حزب بەردرابوون بەڵام مەبەست‌و ئامانجی هەردوکیان لەناوبردن‌و کوژاندنەوەی ئاگری خەباتی ح.د.ك بووە. کەئەو ئاواتەی خۆیان دەبەنە بن گڵ‌و ژێر قەبری.

کۆنگرە بڕیاری" لێبورین‌و بەخشینی" ئەو تاقمە کوردپەروەرانەی دەربڕی کەهەست‌و دڵ‌ودەرونی بیروباوەڕی کوردایەتیان پاك ماوەتەوە. بێجگە لەوکەسانەی کەبە جاسوسی‌و خیانەت دەستیان ئاڵودە کردوە. ڕێگای گەڕانەوەو لێبورین بۆ ئەو دەستە کوردپەروەرانە کراوەتەوە کەپاش دەربڕینی پەشیمانی‌و هۆی بەهەڵەچونیان لەکارەساتەکانی ڕابردوو بەدڵ‌ودەرونێکی خاوێن‌و بیروباوەڕێکی تازە خۆیان لەباوەشی ح.د.ك باوێژنەوە.

## مەسەلەی نەتەوایەتی

کۆنگرە لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی بەشێوەیەکی تایبەتی‌و بەرژەوەندانەو تێبینێکی زانستی دوا، نەتەوەگەری‌و زوڵم‌وزۆرداری نەتەوەیەکی بەدەسەڵات‌و لەسەرحوکم بەسەر نەتەوەکانی تری ئێران (کەلەمەڕ سەرزەمین‌و عەرد هاوبەشێکی گرنگیان هەیەو هەرکامیان خاوەن زمان‌و مێژوو خوڕەوشت‌و لیباس‌و ئاکارو سوننەتی تایبەتین) لەمێژ زەمانەوە لە"ئێران" باو بەردەوام بووە. "انقلابی مشروگیت" تەنیا مەبەستی تێکدان‌و سەرنوخونکردنی پاشایەتی قاجار نەبوو، بەڵکو هەڵوەشاندنی دەسەڵات‌و زۆرداری حکومەتی "مەرکەزی" یانی ئاغایەتی نەتەوەی زاڵ بەسەر نەتەوەکانی‌تری خستە بەرچاو، بەڵکو داوای هاوبەشێکی ڕاستەقینەی نەتەوەکانی لەناو حکومەتی تاران دا دەکرد، (بۆ ڕێك‌وپێك خستنی حکوومەتێکی دیموکراتی‌و برایەتی هەموو نەتەوەکان لەمەڕ کاروباری سیاسی‌و جەنگی‌و...هتد) هەروەها سەربەخۆیی‌نەتەوەو قەومەکانی "ئێران" کەبریتی‌یە لە"ایالت‌و ولایت" بوون. بەشێوەیەکی گرنگ خرایە ناو قاڵبی قانونەوە بەناوی "قانونی اساسی ئێران" هەروەها مەبەست لەمافی هێنانە سەرکاری " ئەنجومەنی ایالتی‌و ولایتی" لەقانونی ئەساسی کەبەرهەمی خوێناوی "انقلابی مشروگیت"بوو، وەدی‌هێنانی ئەو ئاواتە مەزنەی سەرەوە بوو کەلەناو دەوڵەتەکانی ئەوروپادا بە AUTONOMIE , AUTODETERMINATION لەقەڵەم دراوە.

پاش لەناوچوونی بەرهەم‌و سەمەری "انقلابی مشروگیت" بەتایبەتی دوای کۆتای١٢٩٩ هێنانە سەرتەختی پاشایەتی ڕەزاخان بەدەست ئیستعمار، نەتەنیا نەتەوەکانی کوردو ئازربایجان‌و عەرەب. بەڵکو خودی نەتەوەی "فارس" کەبناغەی زۆرداری‌و دیکتاتۆری پاشایەتی لەتاران لەسەر سنگی ئەو دامەزراوە، نەتەوەکانی تری دەچەوساندەوە، دوچاری ڕوڕەشی‌و کەساسی‌و زوڵم‌و زۆری کرد.

شاو هەیئەتی حاکمەی تاران کەچڵکاوخۆرو نۆکەری ئیستعمارن، نەك گوێی خۆیان بۆلەکار خستن‌و وەدی‌هێنانی ئەو بەشە گرنگەی "قانونی ئەساسی" شل کردوە، بەڵکو بەتەواوی هێزی ڕەش‌و فروفێڵ لەهیچ بووختان‌و ساختەچیەتی‌و گێرەشێوێنی لەم بارەوە گوناهی ناکەن.

ڕوودانی جوڵانەوەی نەتەوایەتی کوردستان‌و ئازربایجان لەساڵانی ٢٤-١٣٢٥ . بێزاریان نیشان دان وەدەربڕینی هەست‌وقینی نەتەوەکان دژی‌دیکتاتۆری شاو حکومەتی تاران بوو.

بۆیەکەمین جار لەئازربایجان‌و کوردستان بەگوێرەی "قانونی ئەساسی" دەستیان کرد بەوەکارخستنی "ئەنجومەنی ایالتی ولایتی" وە وەدیهێنانی مافی نەتەوایەتی بەمانای AUTONOMIE (ئۆتۆنۆمی).

بەڵام، هەموو شاهیدبووین کەحکومەتی شاو ئیستعمار بۆ پارستنی تالان‌و خوێن مژی خۆیان. چ بەزم‌و ڕەزمێکی خوێناوی‌و دڕندانەیان گێڕا، وەحازر نەبوون مافێکی نەتەوایەتی کەدەیان ساڵ لەمەوبەر بەهێزی چەکدارانەو شۆڕش‌و گەلەکانی ئێران قانوونی کرابوو، مەبەستی مافی (اتونومی – خودمختاری) بەشکرایی‌و ڕووناکی تێدا گونجاندرابوو، بێننە دی.

پێویستە سەرنج بدرێت کەحکومەتی شاو ئیستعمار، نەك تەنیا لەم بابەتەوە، بەڵکو بۆبەشەکانی تریش لە "قانونی ئەساسی"نرخی بەرزەگایەکیشی بۆ قایل نەبوون.

وەختایەك حکومەتی میللی مصەدەق بۆ پاراستنی مافی گەل‌و حکومەتی خۆی (بەگوێرەی "قانونی ئەساسی" کە دەڵێ " شا حەقی نیە حکوومەت بکا. بەڵکو تەنیا حەقی شایەتی هەیە.وەسەرۆك وەزیر لەبەرامبەر مەجلیس‌و قانون دا لێپرسراوە وەمەسئولیەتی هەیە. شایەتی مەقامێکی تەشریفایەتیەو تەواوی وەزیران لەبەرامبەر سەرۆك وەزیردا مەسئولن نەك لە موقابل شادا..") بیروباوەڕو کردەوەی خۆی بەدەرخست. هەموو دونیا شاهیدبوون کەئیستعمارو شا چڵکاوخۆرەکانی کارەساتێکی خوێناوی‌و چەوت‌وچەپەڵیان بەسەر حکومەتی میللی‌دکتۆر مصدق و گەلی ئێران هێنا.

جالێرەدا بەباشی‌و گرنگی ڕوون دەبێتەوە کە: هێنانەسەرکاری حکومەتێکی دیموکراتی لەئێران بەستراوەتەوە بە وەدیهێنانی مافی نەتەوەکانی ئێران وەئەو دوو مافە لێك ناپسێندرێتەوە.

ئەگەر هاتوو بەچاوێکی زانستی‌و کۆمەڵایەتی لەو بابەتە بڕوانین بەباشی دەرئەکەوێ کەپاش دامەزراندنی حکومەتێکی یەکگرتووی نەتەوایەتی‌و دیموکراتی لەئێران، فەرزو پێویستە کەتەواوی ئەو هەرێم‌و بەشانەی ئێران بەکوردو فارس‌و ئازربایجانی‌و عەرەب بەگوێرەی هەڵوێست‌و وەزعی تایبەتی نەتەوایەتی: – (کەبریتی‌یە لە: هاوبەشی زمانی‌و مێژوویی هاوبەشی ژیانی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی– هاوبەشی سەرزمین‌وعەرد – هاوبەشی‌ئاکارو سوننەت‌و کارو خەباتی نەتەوایەتی...)ئەی مافی حوکم دانان‌و حوکم کردنی ناوخۆیی– مافی دانانی یاساکانی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و فەرهەنگی‌و..هتد – بەسەربەستی‌و سەربەخۆیی نەتەوایەتی وەدی بێت.

هەروەهامافی هەڵبژاردنی ژمارەیەك لەنوێنەرانی ژیرو تێگەیشتوو خاوەن بیرو ڕاوێژ لەهەر نەتەوەیەك بۆ دانانی پارلمانێکی خۆ وڵاتی‌و حوکم ڕەوای نەتەوایەتی. چ بەنێوی حکومەتی ئوتۆنۆمی‌و چ بەنێوی حکومەتی فیدراڵی(یەکگرتوو) کاروباری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌و....نەتەوەی خۆی بەڕیوەبەریت. هەروەها نوێنەرانی تایبەتی ئەو نەتەوانە لەحکومەتی مەرکەزی‌و لە"پارلمانی گشتی نەتەوەکان" بەشدارو خاوەن مافی تایبەتی‌بن.

ڕێگای ڕزگاری‌و خۆش بەختی‌و بەرزێتی"ئێران" و تەواوی ئەو وڵاتە زڕنەتەوانە( کپیر الملە)بەلێك دانەوەو حەل کردنی "مەسەلەی میللی" بەو شوێن‌و ڕێبازە گرنگانەی ح.د.ك بەستراوەتەوە کەلەمادەکانی ٤و٥ پرۆگرام دا بڕیاری لەسەردراوە.

جابۆیە ح.د.ك لەکۆنگرەدا بۆی وەدەرکەوت لەمەڕ وەدیهێنان‌و ڕووناك کردنەوەی ئەو حەقیقەتانەی سەرەوە. ئەبێ لەتەواوی حزب‌و دەستە سیاسیەکانی پێشکەوتوو. وەلەگشت گەلەکانی ئێران بگێڕێتەوەوداوا بکاکە: لەپێناوی‌پەیوەندیەکی پتەو وبنەڕەت داری نیشتمانی. وەتێ‌بینی‌و بیروڕاوێژێکی دونیا پەسند– دەستی شۆڕشێکی چەکدارانە بدەنە دەست یەکترو لەڕێگای هەڵوەشاندن‌و تێك‌وپێکدانی بناغەی زوڵم‌وزۆرداری حکومەتی ڕەش‌و چەپەڵی شاو ئیستعمار. هەل‌وفرسەت لەدەست نەدەن.

دووهەمین کونگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان

کۆمیتەی ناوەندی

سەرماوەرزی ١٣٤٣ (نوامبر ١٩٦٤)

[illegible]

حیزبی دیموکراتی کوردستان [illegible] حیزبێکی میللی و دیموکراتیە [illegible] بنەرەتی لەسەر شانی زوربەی خەلکی کوردستانە وەریشەی قوول و میژوویی لەناوجەرگەی نەتەوەکەماندا [illegible] هێنانی رزگاری و سەربەخویی پیکهاتوە و دامەزرینەری جمهوری میللی و دیموکراتی کوردستانە کە حورمەتو پرستشیکی گشتی جیهانی بەخویەوە گرتووەوە تا ئیستا دە پیناوی رەوتو ریبازی ناوەروکە پیشکەوتووە میژووییەکەیدا بەهەزاران رولەی نەبەزو شەرافەتمەند گیانی شیرین و تەمەنی لاوەتیان بەختکرد وەو بوونەتە قوربانی نەتەوە نیشتمانەکەیان :

هەرچەند داموده‌زگای کونەپەرستان و داگیرکەران بە پشتیوانی راستەوخوی ئیمپریالیزمی جیهانی بو تیکدانی ریبیزی حیزب کەئالا هەلگری ئامانجی بەرزی نەتەوەکەمانە هەولو تەقەلا یەکی بی وینەیان داوە : بەلام بیرو باوەری راستەقینەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ویرای بەکارهینانی تاکتیکو ئاموژگاریەکانی لەناو جەرگەی خەلکی کوردوستاندا روژ بەروژ پتەو ترو بەهیز ترشەقامی پان و بەرینی تیکوشانی بریوە وەلەهەمو هەلو کاتیکی ناسندا پەئەرکی میژوویی خوی هەستاوە هەرئەوە بوو کە لەبەرهەمی ئەو خەباتو تیکوشانە دەرفەتیکی هەرە لەبارو واقیعی لەسالەکانی ٣٥ — ٣٧ بوحیزبمان خولقا بەم جورە :

بەنیسبەتی ناوخو

١ — گەلەکەمان بەهوی ستەمی نەتەوایەتی وەبی بەشی لەتەواوی ژیانی پیویستی مروفایەتیو چەوسانەوەی هەمە چەشنەبی هەستی هاتە جوش وەبەعیشق وعەلاقەیەکی گەرمەوە پیشوازی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازانە دەکرد هەروا ریکخراوەکانی حیزبمان ریکو پیک و پەرە گرتووتر لەجاران زوربەی مەلبەندەکانی نیشتمانی گرتەوە وەدامودەزگای حکومەتی تاران بەوهەموو هیزەوە لەبەرامبەر بزوتنەوەی نەتەوەو حیزبمان دوش داما بوو .

به نیسبەتی گشتی ئیران

٢ — ئالەم حەلەدا نەتەوەکانی فارسو ئازەرو کەمایەتیەکانی تر بەهوی زال بوونی دام ودەزگای ( ساواک ) و پەیمانی شەراوی سەنتو کەوتبوونە ژیر توندترین باری ئازارو بەندو کوشتو بری درندانە لەهەر باریکەوە بەجوری کە مەیدانی بزوتنەوەیان بوبەجی هینانی ئامانجەکانیان لی وەتەنگ هاتبوو وەبەهیوایەکی زور چاویان بریبوە بزوتنەوەی نەتەوەکەمان کەببیتە سەرچاوەی جوولانەوەی گشتی لەسەرتاسەری ئیراندا .

بەنیسبەتی [illegible]

٣ — مەسەلەی میژوویی نەتەوەی کورد و هەلکەوتی تەبیعی کوردستان کەبربرەی پشتی روژهەلاتی ناوەراستە لەلایەکەوە وەلەلایەکی ترەوە بەهوی زال بوونی ئیمپریالیزم و نوکەرانی ویرای قووت بوونەوەی پەیمانی شەراوی سینتو کە گەورەترین مەترسی بو بەرەی میللەتان وەهەروا بزوتنەوەی رزگاری خوازانەیان پیکهینابوو سەرنجی گشتی ولاتانی دیموکراتی و هەروا گورو کومەلەکانی پیشکەوتەی جیهانی راکیشا بەجوریک کەلە هەموو روژنامەو رادیوکانی عالەمدا خرایەپیش چاوو دەنگی دایەوە :

لەو سەردەمەدا دو ( ٢ ) مەسەلەی میژوویی هەرەگرنگ بو حیزبمان هاتە گوری :

— ماویتی —





١ — ئیقداماتی ریدو پیشا ! وەکو دەرکردنی بەیان " گورانی حیزب " نووسین و بلاوکردنەوەی مقالات لە روژنامەکانی [illegible] دەرەندا " تیلگرافاتی اعتراض بو سازمانی میللەل وەبالویزخانەکانی ئیران و . . . [illegible]

٢ — دانانی نەخشەو پیلان بو بەرکردنەوەی سەنگەرەکانی حیزب وەبەجی هینانی بریارەکانی پیشووی حیزب .

٣ — دەنگدانەوەی ئەو بزوتنەوەیە لە هەندەران بو بەهوی شیمن بونەوەی باری گوژی سەر نەتەوەکەمان هەروا کەم کردنەوەی حوکم و ئازاردانی گرتوەکانمان لە بەندیخانەدا .

دیسان تاوانبار ( ئەحمەد توفیق ) کەوتە تەقەلا بو تیکدانی ئەو بنچینەیە بەدەلالەی وەرگرتن لەبەزیوو مەسلەحەت پەرستان هەروا بەیارمەتی سازمانی ئەمنی عیراق کە پەیوەندی یەکی بەهیزی لەگەلدا بەستبو

بەرهەمی ئەو کردەوە خائنانە بوو بەهوی بلاو بورنەوەو لیک پچرانی هاوریان هەریەکە بەجوریک . دوا بەدوای پەرتەوازەیی و دەربەدەری برادەرانمان ( کومیتەی کاتی ) کەوتە هەولو تەقەلادان بو ئەوەی ( ئەحمەد توفیق ) بهیننە بەردەمی لیکولینەوەو پرسیار بەپیی توانا حورمەت وگیانی حیزبە پیشرەوەکەمان لە کەلبەی خویناوی ئەو گورگە هارە بپاریزیت بەهەرقیمەتو هەولیک بوو تاوانبار سازکرا بو ئەوەی بیتە کوری کوبونەوە بولیکولینەوەو حساب دەگەلا کردنی " لەروژی دیاری کراو کوبونەوە دەستی پیکرد دوای ( ٨ ) روژ دریژە پی دان بەو کوبونەوەیە تاوانبار ( ئەحمەد توفیق ) بەمەرگەمەلەو پەلە قاژە کردنی بو هەلاتن و خو دزینەوە لەبەردەمی لی پرسینەوەی میژوویی هیچ چارەسەریکی بو تەقلە بازی و خولندان نەماوەوە بیجگە لەوەی کەسەر شور بکات وەچاوی پر لەخەیانەتو تاوانباری لە عەرزی بی دەنگی ببری واستعفای لەهەموو مەسئولییەتیکی کە بەخویەوە دەبینی !! بە دەستخطی خوی تقدیم کرد کە ئیستا لە لامانە واله خوارەوە ئەیخەینە بەرچاو :

(( هاوریانی بەریز بەریوەبەرانی کاتی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان ))

ویرای سلاوو حورمەت سەرەرای وەی ئەدەزانم دەبوایە زور بە دریژی لەو نوسراوەدا بدوابام و — نوسیبام بەلام چونکو چکاوەکەم بەزار بوتان باس کرد ئیتر بە پیویستم زانی لیرەش لەسەری نەروم دیارە دریژەی ئەو نوسراوە لە دوایی دا بە دریژی پیشکەشی دەکەم .

هەل و هەوایەکی کەوا ئیستا دەنیو هاوریان دا خولقاوە لە پیشدا بەزور بو نانەوەبەرامبەر من : بەهەموو لاوسەریکەوە لیکم داوەتەوە ( قوناخی ) ئەرکی چول کردنی ( کورسی ) و مەسئولییەتی خستوتە سەر ئەستوم وا بەدوای دوازدەسال ئەندامیەتی کومیتەی ناوەندی حیزب بەناوی گوزەشت دەپیناوی قازانجی ( قوناخی ) دا لە مسئولیەتی ناوەندی اندامیەتی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بو ماوەیەک لەکەنار دادەنیشم تاکوبونەوەی بە راست و بەرزی ( گونگرە ) حیزبی دیموکراتی کوردستان بەم جورە لەو بروارەدا پیشکەش دەکەم : دیسان سلاوو حورمەت .

هاوریتان عبدالە اسحاقی

١١ی بانەمەری ١٣٤٠

جیگای سەرنجە کە بزانین خەیانەتکار ( ئەحمەد توفیق ) ئەو دەرچوون و گوشەنشینیەی بردەسەر !! دەبی بلیین نە خیر " بەلکو دوای چەند روژیک لەبەسەر چوونی کاتی استعفاکەی دەستی کردەوە بەریزە ئاکاریکی ئەوتو کە لاپەرەی میژوویی رەشی جایەتکاران لە بەخورەگرتنی ئەو کردەوانەی شەرم — دەکات :

پاش ئەوەی خەیانەتکار ( ئەحمەد توفیق ) بوی دەرکەوت کە تەواوی گورو کومەلەسیاسیەکان هەروا زوربەی ئەندامانی حیزبمان هەستیان بەو ئادارە تاوانباریانەی کردووە وەلە نیو ریزەکانی پیکەیشتووی خەلکدا بیجگە لە تفو لەعنەت چی دیکەی بو نەماوەتەوە ئەو جار راستەوخو خوی هاویشتە باوەشی قیبلەگای لە میژینەی ( ئیمپریالیزم ) ئەوەبوو بەهوی چەند زولە کوریکی سەر بە ئەمریکائیەکان دەگەل ( ویلیام ئیگلتن ) بەریوەبەری دەرەجە ( ٢ ) ی دەزگای جاسوسی ئەمریکالەروژهەلاتی ناوەراست

## پاشکۆی ژمارە: ٣ بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران•



• وەرگیراوە لە: پشکۆیەك لە خۆڵەمێش (بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخ موس، ئامادەکردنی : نەوزاد عەلی ئەحمەد، چاپی یەکەم ، سوید، ٢٠١٠ ، ل ٤٠٣-٤٠٤




کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران
١٣٥٨/٧/١٥
١٩٧٩/١٠/٧